# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٣)- (٢٨)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٢

بەدیجیتاڵیکردنی حکومەت هەنگاوێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتییەتی نەرێنی

دامەزراوەی داهێنان و نوێگەری پردێکی باش لەنێوان گەنجانی ناوخۆ و دەرەوەدا دروست دەکات

## دوای تێپەڕاندنی ڕۆژە سەختەکان

# کابینەی نۆیەم گۆڕانکاری لە پەیکەری ئابووریدا دروست کرد






# پەلاماری ڕژێم بۆ سەر کوردستان دواى ڕاپەڕینی ١٩٩١

## ٤٤

خۆشی و شادیی سەرکەوتنەکانی گەلی کوردستان ماوەی مانگێکی نەخایاند. ئەوە بوو جارێکی تر هێزەکانی ڕژێمی بەعس پەلاماری کوردستانیان دایەوە. دوای ئەوەی هاوپەیمانان ڕێگایان بە ڕژێم دا هێزەکانیان لە باشوور بکشێننەوە و بۆ گواستنەوەیان هەلیکۆپتەرەکانیان بەکار بێهنن، ڕژێم دەرفەتەکەی قۆستەوە و سوودی لێ وەرگرت بۆ داڕشتنی پلانێکی تۆکمەی هێرشێکی گشتی و سەرتاسەری بۆ کوردستان.

ڕۆژی ٢٨ی ئاداری ١٩٩١، ڕژێم دەستی بە جموجۆڵ کرد، بەرەو کوردستان و دەستی بە هێرشەکانی کرد بۆ سەر کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، و دهۆک. هەر چەند بەرگرییەکی باش کرا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک هاوسەنگیی هێز لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقدا نەبوو لە ڕووی چەک و توانا سەربازییەکانەوە. هێزەکانی (نبوخذ نەسر) و بەغدا لەگەڵ چەندین فیرقەی دیکەی سوپای عێراق بە پشتیوانیی تانکە پێشکەوتووەکانی (تی ٧٢)، هێرشەکەیان بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد. تەنانەت (ئار. پی. جی٧)یش کاریگەرییان لەسەر تانکەکان و ڕێگرتن لە پێشڕەوییان نەبوو. هەتا گەیشتە ئەوەی لە ١ی نیسانی ١٩٩١-دا هێزەکانی ڕژێم، ناوەندی هەر چوار پارێزگا و سەنتەری چەندین قەزایان گرتەوە، نزیکەی حەفتا لەسەدی هەموو شوێنەکانیان گرتەوە.

ئەوکات ئەو ناوچانەی بەدەستمانەوە مانەوە بریتی بوون لە:

* پارێزگای دهۆک: ناوچەکانی بەرواری باڵا و نێروە و ڕێکان و دۆسکیی ژووری و پشت چیای مەتین.

* پارێزگای هەولێر: لە شەقڵاوەوە هەتا حاجی ئۆمەران و سیدەکان و بارزان بەدەست پێشمەرگەوە بوو.

* پارێزگای سلێمانی: لە پارێزگای سلێمانیش شارەکانی پێنجوین و شارباژێر و بەشێکی شارەزوو بە دەست پێشمەرگەوە مابوو.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی (ڕابردوو لە خزمەت ئاییندەدا- بیرهێنانەوە نەك یادوەری) لە نووسینی بەڕێز فازل میرانی و ئامادەکردنی بە عەرەبی خەلیل بەرواری- شامل بەردان، هاوکارمان بەهادین جەلال مستەفا لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە دووتوێی (١٢٢) لاپەڕەی قەبارە بچووکداو بە بەرگێکی ناوازە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.. ئەم کتێبە بریتییە لە ڕەشنووسی نووسراو و ئاشنابوون بە دەستنووسەکانی بەڕێز میرانی، ئەو ڕەشنووسانەی لە ئەرشیفی خۆیدا پاراستوونی، هەندێك لەوانە نووسراون، کە پێنج دەیە دەبێت لەنێو گەرمەی ئەو هەموو ڕووداوە ئاڵۆزانەدا ماونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان تا ئێستاش هەر لە بیر و هزریدان و تۆمار نەکراون.

بەڕێز میرانی لە باسکردنی نووسینی ئەم کتێبەدا دەڵێت: ئەوانەی لێرەدا نووسراون هەموو ئەو لاپەڕانە نین کە لە یادگەی مندان، بەڵکو ئەزموونێکی تازەی بڵاوکردنەوەن، کە دەکرێ بە بیرهێنانەوە وەسفی بکەین نەك بە یادوەری، هەروەها دەڵێت: من لەم لاپەڕانەدا باسی ئەو شتانەم کردووە کە بینیومن و پێم باش بووە کە شرۆڤەیان بکەمەوە، ڕەنگە بە لێکدانەوەیەك کە کەسانی دیکە قبوڵی بکەن یان ڕەتی بکەنەوە، بەو شێوەیەی کە ئەو بڵاوکراوەیە دوای ئەوەی بەردەست بوو، نابێتە موڵکی خاوەنەکەی، کە لە هەمووشتێك زیاتر تەنیا مافی ناوەکەی دەبێت. لەنێو ئەرشیفی بەڕێز میرانیدا، چەندین نووسراوی تێدایە نەك ئەو وتار و توێژینەوە و دیدارانەی کە پێشتر دەزگاکانی میدیا و ڕاگەیاندن بڵاویان کردبوونەوە. هەڵبژاردنی ناونیشانی کتێبەکە (ڕابردوو لە خزمەت ئاییندەدا- بیرهێنانەوە نەك یادوەری) لەو قەناعەتەوە سەری هەڵداوە کە هەموو ئەو لاپەڕانەی لەم چاپەمەنییەدا بڵاودەکرێنەوە یادوەرییەکە بۆ خۆی، ئەویش لە ڕێی ئەو سەرنجانەی هەڵسەنگاندن کە سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیونی، لە تێکەڵەیەکی نێوان دیدگا و ئاگایی خۆی و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕابردوویەکی مێژوویی کە چەندین ڕووداوی بەدوادا هات و سەردەمێکی زۆری ڕۆژگار و نەوەگەلێکی بەجێهێشت، لە کاتەکانی کاری ئۆپۆزسیۆن و دواتر حوکمڕانیی ناوخۆ، دواجار گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە ڕووداوەکانی دوای ٢٠٠٣ هێنایانە کایەوە.

دانەیەکی ئەم کتێبە پێشکەش بە گوڵان کراوە.. دەست خۆشی لە نووسەر و ئامادەکاران و وەرگێڕی دەکەین.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ڕوانگەی سەرۆک بارزانی) لە ئامادەکردنی کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە بەرگێکی قەبارە مامناوەند کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆکردنەوەی مشتێك لە خەروارێکی پەیڤ و تێڕوانینەکانی سەرۆك بارزانی لە بارەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان، ئەم کارە بچووکە، هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی وێنە گەورەکەی نێو هزری بەڕێزیان لەبارەی ئەم بابەتە.

سەبارەت بە زاراوەی (کەمینە) یان کەمایەتی ئەو دەستەواژەیە کە دەدرێتە پاڵ گروپێك کە جیاواز بێت و تاکەکانی بە سیفەتێك یان کۆمەڵێك سیفەت لە زۆرینەی کۆمەڵگە جیاکرابنەوە.. لەم ڕووەوە سەرۆك مسعود بارزانی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٣-٧-٢٠١٩ لە سەلاحەدین لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پێکهاتەی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە و گوتی: کوردستان وڵاتی هەموومانە و پێویستە هەمووانیش لە بەڕێوەبردنیدا هاوبەش بین، نابێ بە هیچ پێکهاتەیەك بگوترێت (کەمینە) و هیچ نەتەوەیەك بە ژمارە ناپێورێت و هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

ئەم کتێبە وتەیەکی وەزیری کاروباری دەرەوەی ڤاتیکان لەخۆدەگرێت کە تێیدا دەڵێت: « ئەو هەواڵە خۆشە ئەوەیە کە مەسیحییان، کوردستان بە بەهەشت ناوزەد دەکەن، هەروەها مەسیحیانی کوردستان باوەڕێکی مەزنیان بە جەنابی ئێوە هەیە کە بەرگری لە مافەکانیان بکەن، ئەوان سوپاستان دەکەن بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستیان هێناون، پاپا بێندکتی شازدە ئومێدەوارە کە ئەو ئەزموونەی کوردستان ببێتە نموونەیەك بۆ سەرانسەری عێراق، بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیان بە یەکسانی بژین» (ڤاتیکان:٢٠٠٥/١١/١٥).

پیرۆزە لە ئامادەکارانی ئەم کتێبە و بەهیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ




لەم ماوەیەدا چاپی یەکەمی کتێبی (دبلۆماسییەتی کورد شیکردنەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، یاساییە) لەلایەن پارێزەری ڕاوێژکار (سابیر مامەسێنی) بە قەبارەی گەورەی (٦٦٥) لاپەڕە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەر دیدی خوێنەرانەوە. نووسەر سەبارەت بەم کتێبە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بە تێڕوانینی خۆی باسێکی تازە بابەتە لە هونەری دبلۆماسییەت و پێکهاتەی یاسای دبلۆماسییەتی سەردەم چ لە مێژووی کۆن و چ لە نوێدا.

ئەو باسەی نووسەر تەنیا تایبەت نییە بەو کەسانەی پسپۆڕن یان کار لەسەر ئەم پرسە دەکەن، وەکو فەرمانبەرانی بواری دیبلۆماسییەت و خوێندکارانی زانستی یاسایی و ڕامیاری، بەڵکو وەك سەرچاوەیەکی زانستیی تازەیە بۆ ژیانی تازە کە هەموو خوێندەوارێك پێویستە شارەزاییەکی کەم یان زۆری دەربارەی هەبێ، بۆیە وەك ئەرکێکی زانستی و یاسایی و نەتەوەیی ئەم باسەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا خستۆتەڕوو، هەروەها ئەو ڕاوبۆچوونانەی وەك سەرچاوە وەری گرتوون، ئەمە تەنیا ڕای نووسەرەکانیانە، هیچ پەیوەندییان بە نووسەرەوە نییە، ئەو بابەت و باسانەی کە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا هاتوون بەشێکی کەمە لە دیبلۆماسییەتی کورد.

نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە کورد لە دێر زەمانەوە کاری دیبلۆماسییەتی کردووە بۆ چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا، کورد وەك گەلێکی زیندوو، هەمیشە بەردەوام بووە لە بەرەو پێشبردنی ڕەوشی دبلۆماسییەت، ئەمەش زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی لای قەوارە جیاجیاکانی کورد، ئێستا زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی وڵاتانی زلهێز و تادەگاتە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە مامەڵەی دبلۆماسییانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ئیدارەی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن، نووسینگەی تایبەتییان لە شێوەی کۆنسوڵگەری کردۆتەوە.

ئەم کتێبە چەندین بەش لەخۆ دەگرێت، لەوانە: دبلۆماسییەتی کورد بە درێژایی مێژوو، دیبلۆماسییەت لە سەردەمی شۆڕشەکانی بارزاندا، ئافرەتی کورد لە بواری دبلۆماسییەتدا، دبلۆماسییەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا... تاد.

دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین کە بەم بەرهەمەی توانیویەتی خزمەتی ڕەوشی دیبلۆماسییەتی کورد بکات و خوێنەران بە زۆر لایەنی ئەم بابەتە گرنگە ئاشنا بکات.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


پ.د. شێرزاد نەجاڕ :



## تۆتالیتاریزم تێکدانی سرووشتی مرۆڤایەتی و داماڵینی مرۆڤایەتیی ئادەمیزادە

ڕێبوار تاڵەبانی :

## لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخی کەرکووک نادەستووری و نایاساییە و هەر بڕیارێکیش دەردەچێت هیچ بەهایەکی نییە



سەرکەوت کارەش :



## پێویستە سیستەمی شۆڤاز لەلایەن کۆمپانیا و کەسانی شارەزا و مۆڵەتپێدراو و بەپێی مەرجی سەلامەتی دابنرێت

پرۆفیسۆر گلێن ئەریک ئەندری دیزەن :

## پێشبینی دەکەم ڕووسیا هێرشی بەهێزتر ئەنجام بدات



دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف :



## مەلاکانی کوردستان خۆیان بە خاوەنی شۆڕش زانیوە و لێی دانەبڕاون



سۆزان سۆفی:

## هۆکاری دروستبوونی فەلسەفەی «دۆمانتیسیوری» ئەوەیە کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەروەردەی منداڵەکانمان بکەین

## مۆبایلەکەت بکە بە کامێرایەکی پیشەیی




## هۆکارەکانی مووخۆرکە



## نۆیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دهۆک لە کەمپی دۆمیز فیلمەکانی نمایش دەکات




ڕەنا بەرەکات :

## هیوادارم بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەم





# ریفراندۆم قۆناغێکی نوێی خەبات و هزری نەتەوەیی گەلی کوردە



گەلی کورد بە ڕابەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی ڕیفراندۆمی لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا بۆ پرسێکی چارەنووسساز ئەنجام دا، ئەمەش دوای ئەوەی کورد بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی دامەزرانی حکومەتی عێراق، نەیتوانی بە ڕێگە و میکانیزمی »دانوستان، خەباتی چەکداری، شۆڕش، حوکمی زاتی، ڕاپەرین، فیدراڵی و نووسینەوەی دەستوور« بگاتە ماف و ئامانجەکانی خۆی، هەموو ڕێگەکانی تاقی کردەوە تاوەکو مافەکانی پەراوێزو بێت و پێشێل نەکرێت، کەچی نەك هەر گوێی لێ نەگیرا، بەڵکو کۆمەڵکوژیش کرا.

**هیچ کاتێک کورد لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە شکستخواردووەی بە زۆر لکێنراوە بە یەکەوە، نەگەیشتە ئەنجامێک، تا هەست بە دڵنیایی و متمانەبوونی خۆی بکات**


هیچ کاتێك کورد لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە شکستخواردووەی بە زۆر لکێنراوە بە یەکەوە، نەگەیشتە ئەنجامێك، تا هەست بە دڵنیایی و متمانەبوونی خۆی بکات، هەر بەشی مەینەتی و کوشتن و قاتوقڕی بووە، مامەڵەی وەکو هاووڵاتییەکی ڕەسەن و خاوەن خاك و مێژوو لەگەڵ ناکرێت، بە زمانی هەڕەشە و ترس و تۆقان و کوشتن ڕەفتاری بەرامبەر دەکرێت، لەم پێناوەشدا دەریایەك لە خوێنی بەخشی و قوربانییەکی زۆری داوە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافەکانی، بۆیە گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانیەوە هەموویان پێکەوە پاڵپشتیی سەرۆك بارزانییان کرد، بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧ لایەنە سیاسییەکان بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیان دا و، لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ گەلی کورد لە پرۆسەی ڕیفراندۆمدا دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا، بەمەش گەلی کوردستان پرۆسەیەکی سیاسی و یاسایی و مافێکی سرووشتیی نێودەوڵەتیی خۆی ئەنجام دا، کە بەپێی چەمکی مافی چارەی خۆنووسین و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو بەڵگەنامەکانی دیکەی مافی نەتەوەکان بۆ هەموو گەلانی دونیا دەستەبەر کراوە.

**گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانیەوە هەموویان پێکەوە پاڵپشتیی سەرۆک بارزانییان کرد، بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم**

سەرۆك بارزانی لە ڕیفراندۆمدا بە هەموو گەلانی دنیای ڕاگەیاند: کورد وەکو نەتەوەیەك گەیشتووەتە بەربەست و چیتر نابێت مافەکانی پێشێل بکرێت و دەبێت ئەو زوڵم و چەوسانەوەی لەسەر هەڵگیرێت، کە بە درێژایی دامەزراندنی حکومەتی عێراق دەرهەقی کراوە و کۆمەڵکوژ دەکرێت.

**سەرۆک بارزانی بۆ عێراق و هێزەکانی ئیقلیمی و گەلانی جیهانی سەلماند، کورد ژێردەستەیی قبووڵ ناکات و گەلێکە خاوەنی شوناس و ڕەسەنایەتییە و مافی خۆیەتی سەربەخۆ بژی**

مەبەست لە ڕیفراندۆم گوێگرتن لە ئیرادەی نەتەوەی گەلی کورد بوو، کە ئایا دەتەوێت سەربەخۆ بیت، یان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێنیتەوە؟



**بارزان گەلالی**
**دکتۆرا لە زانستی سیاسی**
**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

**کیانی بە زۆر پێکەوە لکێنراوی عێراق بەردەوام نابێت، ئەگەر مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کورد وەکو هاوبەشێکی سەرەکی زامن نەکرێت**

مەبەستیش لە ڕیفراندۆم ئەوە نەبوو ڕاستەوخۆ لە دوای ڕاگەیاندنی دەرئەنجامی ڕیفراندۆمەکە گەلی کوردستان سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، بەڵکو بە دانوستان و گفتوگۆ لە چوارچێوەی هەموو میساق و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و ماددە و بڕگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ لەگەڵ عێراقدا بە دانوستاندن ئەم ئیرادە و ڕای گەلە جێبەجێ بکرێت، بە ئاگاداریی ئەو زلهێزانەی ئەنجومەنی ئاسایش و هاوپەیمانەکان و ئەوانەی بەرپرسیارن لەوەی لە عێراقدا چی ڕوو دەدات.
بەداخەوە عێراق بە هەموو شەڕانگێزی و سوپا و میلیشیاتەکانیەوە بە دەر لە میساق و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان هێرشی هێنایە سەر کوردستان و، بگرە نەك هەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو لە بەرانبەر برسیکردن و گەمارۆدانی زلهێزەکانی دراوسێ، بەڵکو حکومەتی عێراق ڕێگەکانی شەڕانگێزی و ڕێککەوتنی ژێربەژێری دژی کوردی لەگەڵ هەردوو وڵاتی دراوسێ گرتەبەر، بەدەر لەم ڕێککەوتنە خراپ و باشانەی کە ڕیفراندۆم لێی کەوتەوە، پێویستە دوور لە هەست و سۆز، ئێمەی ئەکادیمی بۆ مێژوو لەسەر دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانی ڕیفراندۆم ڕابوەستین و بە ئازایانە و ڕاستگۆیانەش باس لەو گەلەکۆمەکێیەی عێراق و هەرێمی و هەڵانەش بکەین، کە هێزە چەکدارییە عێراقی و هەرێمی و ناوخۆییەکان بە بەرچاوی بێدەنگیی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانمانەوە دەرهەق بە گەلی کوردیان ئەنجامیان دا، لێرەدا دەتوانین دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانی ڕیفراندۆم لە چەند خاڵێکدا باس بکەین:

**ئەگەر تەنیا بۆ چەند هەفتەیەک بەرگری بکرایە و کورد یەکدەنگ و یەکریز بووایە، بە تەئکید هاوپەیمانەکان و ئەمریکا دەهاتنە سەر هێڵ و بە پێی بیردۆزی واقیعی مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە دەکرد و کورد ئەوەندە خاکی لەدەست نەدەدا**

یەکەم: سەرۆك بارزانی بۆ عێراق و هێزەکانی ئیقلیمی و گەلانی جیهانی سەلماند، کورد ژێردەستەیی قبووڵ ناکات و گەلێکە خاوەنی شوناس و ڕەسەنایەتییە و مافی خۆیەتی سەربەخۆ بژی.
دووەم: کیانی بە زۆر پێکەوە لکێنراوی عێراق بەردەوام نابێت، ئەگەر مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کورد وەکو هاوبەشێکی سەرەکی زامن نەکرێت.
سێیەم: لە دانوستان و گفتوگۆکاندا دەکرێت کورد لەم قۆناغەدا بە فیدراڵییەکی دەسەڵاتی زیاتر و کۆنفیدراڵییەك ڕازی ببێت، بەڵام مومکین نییە ماف و خاك و شایستە داراییەکانی لێ زەوت بکرێت، یەکپارچەیی خاکی عێراق لە دوای ڕیفراندۆم بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی تەواوی مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان و ڕێزگرتن لە قەوارەی هەرێمی کوردستان.
چوارەم: ڕیفراندۆم کوردستانییەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی سەلماند و، دەبێت بە گفتوگۆ و دەنوستاندن لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووریدا ئەم دۆسیێ هەستیار و چارەنووسسازە یەکلا بکرێتەوە و، چەوساندنەوە و پێشێلکردن و تەعریب و تەرحیل و داگیرکردنی خاکی کوردان ڕابگیرێت، ڕیفراندۆم خاڵی یەکلاکردنەوەی تەعریب و ناسنامەی کوردستانیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بوو، دوای ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچانە بە (بەڵێ) دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا، خۆ ئەگەر تەنیا بۆ چەند هەفتەیەك بەرگری بکرایە و کورد یەکدەنگ و یەکڕیز بووایە، بە تەئکید هاوپەیمانەکان و ئەمریکا دەهاتنە سەر هێڵ و بە پێی بیردۆزی واقیعی مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە دەکرد و کورد ئەوەندە خاکی لەدەست نەدەدا.

**هەروەکو چۆن ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ڕۆحییەتێکی نێودەوڵەتی هەیە و، بووە هەوێنی هەموو ئەم مافە نەتەوەییانەی لە چوارچێوەی عێراقدا بەدەست هاتووە، ڕیفراندۆمیش بە هەمان شێوە بەڵگەنامەیەکی ستراتیژی و گەورەی کوردە**

پێنجەم: جێبەجێکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم بە بەشداریی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و بە ئەنجامی نزیکەی ٩٣٪ بە دەنگی (بەڵێ) بووە واقیعێکی سەلمێندراو و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کە لە دەسەڵاتی هیچ کەس و لایەنێك و دەوڵەتێکدا نییە هەڵیبوەشێنێتەوە، یان بڕوای پێ نەکات، بە پێچەوانەوە پرسی ڕیفراندۆم بووە ئیلتزاماتێکی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، هەروەکو چۆن ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ڕۆحییەتێکی نێودەوڵەتی هەیە و، بووە هەوێنی هەموو ئەم مافە نەتەوەییانەی لە چوارچێوەی عێراقدا بەدەست هاتووە، ڕیفراندۆمیش بە هەمان شێوە بەڵگەنامەیەکی ستراتیژی و گەورەی کوردە. هەرچی دەوڵەتی عێراق و هەموو ئەو دەوڵەتانەی دیکە کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە، دەیانزانی دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیە و دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەی کورددا بکەن، هەر بۆیە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە هەموو فشار و هەڕەشەیەکیان دەکرد بۆ ئەوەی ڕیفراندۆمەکە نەکرێت، یا، هەر هیچ نەبێت دوای بخەن، چونکە دەیانزانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سەلمێنەرێکی نێودەوڵەتییە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، لە ڕووی ناوخۆشەوە بۆ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و هێزە کوردستانییەکان ڕیفراندۆم بووە پابەندبوونێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی، بەوەی پرسی ڕیفراندۆم دەرئەنجامەکەی لەبەرچاو بگیرێت و بۆ ئایندە و لە

قۆناغێکی دیکەدا هەر دەبێت جێبەجێ بکرێت، لە ئێستاشدا هەر کەس و لایەنێکی سیاسی لە ژێر هەر پاساوێك و بیانوویەکدا بێت، تەنانەت ئەگەر بە ئەرێنی باسی ڕیفراندۆمیش نەکات، دەچێتە لاپەرە ڕەشەکانی مێژووەوە و وەکو کەسێکی دژ بە نەتەوەکەی خۆی سەیر دەکرێت، چونکە هەر ڕۆژێك دێت دەنگی گەل بەفیڕۆ ناچێت و میللەتی کورد ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە جێبەجێ دەکات.

شەشەم: ڕیفراندۆم هێزی یەکگرتوویی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دەرخست، لە مێژووشدا بەڵگەمان بۆ دەستکەوتەکانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆرە، لە هەر زەمەن و قۆناغێکدا هەر دەستکەوتێکی ماددی و مەعنەوی بەدەست هاتبێت، لە ئەنجامی یەکڕیزی و کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بووە لە دەوری یەك مەرجەع و سەرکردەیەکی کورد، شۆڕشی ئەیلوول و بەیاننامەی ١١ی ئازار کە هەوێنی زۆربەی هەرە زۆری دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی نەتەوەکەمانە، نموونەیەکی زیندووە. ڕەنگە بیروبۆچوون و ڕای جیاواز لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا لێرە و لەوێ هەبێت، بەڵام هەرگیز ئەمە لە ماهییەتی یەکڕیزی و تەبایی و یەکگرتوویی کەم ناکاتەوە. خۆ لە بابەتی چارەنووسسازی ڕیفراندۆمیشدا مقۆمقۆ و دوودڵی و ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبوو، بەڵام کاریزمایی و مسداقییەتی سەرۆك مسعود بارزانی بوو کە هەموو هێزە سیاسییەکانی لەسەر ئەم پرسە کۆکردەوە و پێکەوە ڕوویان لە سندوقەکانی دەنگدان کرد.

حەوتەم: مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتە باش و خراپەکانی ڕیفراندۆم دەمانباتە قۆناغێکی پێشکەوتووتری بیر و هەستی نەتەوەیی، هەموو بڕیارێکی سیاسی لێکەوتەی باش و خراپی هەیە، گرنگ ئەوەیە خراپەکانی چۆن بەسەریدا زاڵ دەبین و ڕێگە نەدەین مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە و بڕیاری بوێر و ئیرادەی پۆڵایینی دەوێت، هەر وەکو چۆن سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی بەرپرسیاریی مێژووییان لەئەستۆ گرت و، ڕووبەڕووی جەحافیلی چەکدار و خۆفرۆش و ئەو هەموو گرووپە میلیشیاتە مەزهەبی و سوپا و تۆپ و تانکانە بوونەوە و، لە پردێ و سحێلا، پیلان و مەرامێکی گەورەی هەرێمییان پووچەڵ کردەوە، کە لە ژێر پەردە و بە هاوکاری گرووپ و کەسانێکی خۆفرۆش دژی قەوارەی هەرێم داڕێژرابوو. بەداخەوە ئەگەر هێزە سیاسییەکان یەکگرتوو بوونایە و تەنیا بۆ چەند هەفتەیەك بەرگرییان بکردایە، لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەو کات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانەکان کە خۆیان بە خاوەنی عێراق و کوردستانیش دەزانن، دەهاتنە دەنگ و سنوورێکیان بۆ ئەو هەموو پێشێلکارییە دەستووری و نایاساییە دادەنا.

لە ١٦ی ئۆکتۆبەر لایەکی خاکی کوردستانمان لەدەست دا، نەك لەبەر ئەوەی ڕیفراندۆممان کرد، چونکە ئەگەر ڕیفراندۆم و ئەو دەستکەوتە مێژوویەش بەدەست نەهاتایە، ئەو هێزە قین لەدڵ و شۆڤێنییە هەر هەڵیان دەکوتایە سەر ناوچە کوردستانییەکان بە کەرکووك و دەشتی نەینەوا و خانەقین و شنگالیشەوە.

١٦ی ئۆکتۆبەر هەموو ئومێد و ئاواتەکانی یەکڕیزی و خەونی بوون بە خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی یەکگرتووی بۆ ماوەیەکی دوور دواخست. خۆ ئەگەر ئێمە یەك بوونایە و لایەنێکی سیاسی پاشەکشەی بە هێزی پێشمەرگە نەکردایە و بەرگریی بکردایە، ئەوا ئێمە دەمانتوانی بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە نەتەوە و خاك بە سەر لێکەوتە سلبییەکانیشدا زاڵ بین، هەروەکو چۆن لە ئێستاشدا نەیارانی کورد کار لەسەر تێکدانی یەکڕیزیی نەتەوەیی و نیشتمانی و لاوازکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بە تەنیا بە یەکگرتوویی و کۆکردنەوەی بەهێزی لایەنە نیشتمانپەروەرەکان دەتوانین بەسەر ئەم پیلانەشدا زاڵ بین.

کورد خاوەنی دۆزێکی ڕەوای نەتەوەیی و نیشتمانییە، لەم پێناوەشدا دەریایەك لە خوێنی بەخشیوەتە کوردستان. سەرۆك بارزانی هەڵگری بیری نەتەوەیی و کوردایەتییە و لە ڕیفراندۆمدا هەمووانی کۆ کردەوە، هەروەکو چۆن مەلا مستەفا بارزانی گەورەترین و فراوانترین شۆڕشی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بەرپا کرد، سەرۆك مەسعود بارزانییش گەلی کوردستانی بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینزاکانی لەژێر چەتری هزری نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆ کردووەتەوە و، بە واقیعبینانە و حەکیمانە سیاسەت دەکات و بەرژەوەندیی زلهێزەکانی هاوتەریب کردووە لەگەڵ بەرژەوەندیی هەرێمدا، هێزە نەیارەکانیش ددان بەم واقیعە و بوونی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا دەنێن. لە ئەمریکا سیستمی سیاسی بەپێی بیردۆزی واقیعی بەڕێوە دەڕوات، تەنانەت زۆربەی وڵاتانی جیهانیش بە هەمان شێوە سیاسەتیان پیادە دەکەن.

**هەر کەس و لایەنێکی سیاسی لەژێر هەر پاساوێک و بیانوویەکدا بێت، تەنانەت ئەگەر بە ئەرێنی باسی ڕیفراندۆمیش نەکات، دەچێتە لاپەرە ڕەشەکانی مێژووەوە و وەکو کەسێکی دژ بە نەتەوەکەی خۆی سەیر دەکرێت**

**لە هەر زەمەن و قۆناغێکدا هەر دەستکەوتێکی ماددی و مەعنەوی بەدەست هاتبێت، لە ئەنجامی یەکڕیزی و کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بووە لە دەوری یەک مەرجەع و سەرکردەیەکی کورد**

**ئەگەر ئێمە یەک بوونایە و لایەنێکی سیاسی پاشەکشەی بە هێزی پێشمەرگە نەکردایە و بەرگری بکردایە، دەمانتوانی بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە نەتەوە و خاک بە سەر لێکەوتە سلبییەکانیشدا زاڵ بین**



**دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف**

**ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:**

# مەلاکانی کوردستان خۆیان بە خاوەنی شۆڕش زانیوە و لێی دانەبڕاون

# بەکارهێنانی ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و دەستخستنی سەروەتی دونیا پەیوەندی بە خودا و ئایینە پیرۆزەکەیەوە نییە

**ڕۆڵی زانا و مامۆستایانی ئایینی لە گەیاندنی پەیامی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە خوداپەرستی و چاندنی تۆوی تەبایی و یەکتر قبووڵکردن و ڕێگەگرتن لە نانەوەی پشێوی و دووبەرەکیدا دیار و بەرچاوە، زانا و مامۆستایانی ئایینی کورد دژی هەموو بازرگانیکردن و دەستکەوتێکی دونیایی بوون کە بە ئایینەوە دەکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار لە مێژووی پرشنگداری مامۆستایانی ئایینیدا لەناو دۆزی ڕەوای کورد، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان سازدا.**

*** میللەتەکەمان لە قۆناغێکی هەستیاردایە، کەچی حزبە کوردستانییەکان هەر یەکەو لە لایەك گوتاری بۆ دۆخەکە هەیە، ئایا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بۆ پاراستنی دۆزی ڕەوای کورد چییە؟**

- بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێکی گەورەیان لە ڕێنوێنیکردنی پەیامی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیە، بەرەو تەبایی و یەکتر قبووڵکردن، خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: «وَتَعَاوَنُوا عَلَي الْبِرِّ وَالتَّقْوَي وَلا تَعَاوَنُوا عَلَي الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ». هەموو هاوکارییەك لەسەر چاکە و لە خودا ترسان فەرمانی خودایە و، جێبەجێکردنی ئەرکە لەسەر موسڵمانان و هەموو تاکێکی دیکەی ناو کۆمەڵگە، بە جیاوازی بیروباوەڕ و ئایین و لایەنیانەوە. زانایانی ئایینی ئیسلام ڕوو لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەن بۆ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بکەنەوە، نابێت لە ئەدەبیاتی ئەو لایەنانەدا بەرژەوەندیخوازیی کەسی و حزبی زاڵ بێت بە سەر بەرژەوەندیی گشتیدا، شەهید و خەبات و فرمێسکی دایکی جگەرسووتاو داوای یەکگرتن و تەباییمان لێ دەکەن، لە دوارۆژدا هەمووومان بەرپرسین بەرانبەر ئەو هەنگاوانەی لە دونیادا ناومانە، لەسەر دڵسۆزی بۆ خاك و نەتەوە و خەڵکی، پاداشتی خودا هەیە، هەروەکو چۆن لەسەر پەرتەوازەیی و تێکدان و خیانەت سزا و نەفرینی خودا هەیە.

*** ئایا ڕێزلێنانی سەرۆکی حکومەت بۆ مامۆستایانی ئایینی بۆ ئێوەی مامۆستایانی ئایینی چ پەیامێك دەگەیەنێت و، تا چەند گرنگە سەرۆکی حکومەت لە مامۆستایانی ئایینی نزیك بێت؟**

- زانایانی ئایینی ئیسلام لە زانستە عەقڵی و نەقڵییەکاندا دەستێکی باڵایان هەیە، دەتوانن وەڵامگۆی هەموو پرسە شەرعی و کۆمەڵایەتییەکان بن، هەر کەسێك نزیك بێت لە زانایانی گەورەی ئایینی ئیسلام، بارگاوی دەبێت بە زانست و مەعریفە و ناکەوێتە هەڵە و کەموکورتییەوە. گرنگە جەنابی سەرۆکی حکومەت و تەواوی بەرپرسانی حکومەت لە زانایان نزیك بن، بە هۆی پەیوەندیی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی و نزیکییان لە خەڵکەوە، چونکە زانایانی گەورەی ئایینی ئیسلام لە ئێش و ئازاری خەڵکی تێدەگەن. خۆ ئەگەر سەرۆکایەتیی حکومەت ئەو دابڕانەی لەگەڵ نوخبەی زانایاندا نەهێڵێت، ئەوکات بە دڵنیاییەوە تین و گوڕێکی دیکە دەبەخشێتە حکومەت، جێگەی پرسیار و سەرسوڕمانە کە بۆچی تاکو ئێستا لە سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی

**نابێت لە ئەدەبیاتی ئەو لایەنانەدا بەرژەوەندیخوازیی کەسی و حزبی زاڵ بێت بە سەر بەرژەوەندیی گشتیدا**

**لە دوارۆژدا هەمووومان بەرپرسین بەرانبەر ئەو هەنگاوانەی لە دونیادا ناومانە، لەسەر دڵسۆزی بۆ خاك و نەتەوە و خەڵکی، پاداشتی خودا هەیە، هەروەکو چۆن لەسەر پەرتەوازەیی و تێکدان و خیانەت سزا و نەفرینی خودا هەیە**

حکومـەت زانایەکـی بـەرزی شـارەزا و ڕاوێژکارێـك نییە، لـە کاتێکدا لـە ٩٦٪ی دانیشـتووانی هەرێمی کوردسـتان موسـڵمانن. هەنـگاوی جەنابـی سـەرۆکی حکومـەت بـۆ خەڵاتکردنـی زانایـان جێـگای دەستخۆشـییە و هەسـتکردنی بەڕێزیانـە بـە پێگـەو ڕێگـە و کەسـایەتییان، ئاوڕدانـەوەی جەنابیـان هۆکارێکـە بـۆ زیاتـر ناسـاندنی مێـژووی خەبـات و قوربانیدانـی ئـەم میللەتـە، کـە زانایـان وەکـو کەناڵێکـی گەیاندنـی خێـرا، دەتوانـن پەیوەندیـی توندوتـۆڵ لەگـەڵ ناوەنـدە ئایینـی و ئیسـلامییەکانی جیهانـدا ببەسـتن، لـەو ڕێگەیەشـەوە پەیامـی ئاشـتیخوازانە و مرۆڤدۆسـتانەی کـورد بگەیەنـن.

*** هەندێك کەس دەڵێن ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووەتـە کەرەستەیەك بۆ بیدعـەی سیاسی، ئەمـەش وای کـردووە سـۆفیگەری و تێگەیشـتنی کوردانـە بـۆ ئیسـلام بشـاردرێتەوە، دەبێت چی بکرێت بـۆ ئەوەی بازرگانێتی و بیدعـەی سیاسی بە ئایینـەوە نەکرێت؟**

- تێگەیشـتن لـە ئیسـلام وەکـو دواهەمیـن ئایینـی سـەر ڕووی زەوی، وابەسـتەی تێگەیشـتنی زانـا بەرزەکانیەتـی کـە دەسـت بـە دەسـت تـا دەگاتـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) بـە ئەمانەتـەوە ئـەم ئایینەیـان وەرگرتـووە و بـێ هیـچ مەرامێکـی کەسـی بـە خەڵکیـان گەیانـدووە، کـە خـۆی لـە پەرسـتنی خودایەکـی تـاك و تەنیـادا دەبینێتـەوە، کـە زاتـی (اللە)یـە، بڕوابـوون بـە فریشـتە و کتێبـە پیرۆزەکان و پەیامبـەرەکان و ڕۆژی دوایـی و بڕوابـوون بـە قـەدەر و فەرمانکـردن بـە چاکـە و نەکردنـی خراپـە، تێگەیشـتن لـە ئیسـلام مرۆڤێکـی پـاك و بێگـەرد و ئامرازێکـی خێـر بـۆ کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی بەرهـەم دەهێنێـت، بـەدەر لەمانـە، بەکارهێنانـی ئیسـلام بـۆ بەرژەوەندیـی خـود و دەسـتخسـتنی سـەروەتی دونیـا بـە نـاوی ئیسـلامەوە، دوورو نزیـك پەیوەندیـی بـە خـودا و ئایینـە پیرۆزەکەیـەوە نییـە. لـە ڕابـردوودا هەمـوو ئـەو گرووپانـەی هاتنـە سـەر شـانۆی سیاسـەت و هەوڵیـان دا بـۆ دەسـەڵات و حوکمڕانـی لـە جیهانـدا سـەرکەوتوو نەبـوون، چونکـە کەموکورتـی لـە پەیـام و پڕۆگرامەکانیانـدا هەبـوو. ئەوانـە بەشـێك بـوون لـە دروسـتکردنی گرفـت و خوێنڕشـتن و لـە بـەردەم دەسـتکەوتە کەسـییەکاندا بەچۆکـدا هاتـن، هەمـوو چەمکەکانـی (جیهـاد و جێگیرکردنـی شـەرعی خودا)یـان لـە ئەدەبیاتیانـدا کاڵ کـردەوە و کەوتنـە خۆشـییەکانی ژیـان، شانبەشـانی کەسـە دەسترۆیشـتووەکانی دونیایـان دەکـرد لـە هەڵپـەی دونیـا و خۆشـییەکانیدا، بۆیـە لـە زەویـی ئـەو کەسانەدا تـۆوی دینـداری ڕاستەقینە سـەوز نەبـوو، لـە کانیـاوی خەیاڵـی ئەوانـدا کەسـە دڵسـۆزەکان تینیوێتییـان نەشـکاوە.

*** جیاوازیـی نێـوان موسـڵمان و ئیسـلامی چییـە؛ ئایـا میللەتـی کـورد موسـڵمان نییـە، ئیتـر بۆچـی کەسـانێك پەیـدا بـوون بەنـاوی ئایینـەوە دەیانەوێـت ببینـە ئیسـلامی سیاسـی؟**

- جیاوازییەکـی ڕیشـەیی هەیـە لـە نێـوان (موسـلیم) و (موتەئەسـلیم) کـە پێـی دەوترێـت (ئیسـلامی)، موسـڵمان بـڕوای بـە زاتـی (اللـە) هەیە و وەکو خودا و پەرستراو، بڕوای بە حەزرەتی محەمـەد (درووی خـوای لەسـەر بێـت) هەیـە، وەکـو دواهەمیـن پێغەمبـەر، نوێـژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێـت و ئەگـەر ماڵـی هەبێـت، زەکات دەدات و فەریـزەی حـەج جێبەجـێ دەکات. ئـەوەی ئـەم خاڵانـەی هەبێـت دێتـە نـاو بازنـەی (ئیسلام)ـەوە، بـەڵام کەسـی (ئیسـلامی) کـە ئەمیـش موسـڵمانە، کار لەسـەر بـە ئایدیۆلۆجیکردنـی ئیسـلام دەکات، بۆ بەڕێوەبردنـی تـاك و کۆمەڵگـە و بەشداریکردنی لـە تـەواوی پرسـە سیاسـییەکانی وڵات، تـا ئێـرە گرفتێکـی ئەوتۆمـان نییـە، بـە ئەنـدازەی ئـەوەی کـێ دەتوانێـت بـۆ دۆزی کـورد خشـتێك بخاتـە سـەر دیـواری سـەربەخۆیی کوردسـتان و پاشـکۆ نەبـوون بـۆ وڵاتانـی ناحـەز، کێـش دەتوانێـت خەڵکـی لـە نەهامەتـی قوتـار بـکات، کـێ دەتوانێـت دەوڵەتـی دامـەزراوەی یاسـایی دروسـت بـکات، هەمـوو ئـەم پرسـیارانە چاوەڕوانـی وەڵامـن، لـە هەمـوو گرنگتـر وەڵامـی ئـەو پرسـیارەیە، بۆچـی ئـەو بۆشـاییە دروسـت بـوو کـە (ئیسـلامی) وەکـو تـاك و کۆمـەڵ (حـزب) دروسـت ببێـت؟ وەڵامەکـە ئاشـکرایە، بـە هـۆی دوورکەوتنـەوەی حزبـە کوردسـتانییەکانە لـە ئەدەبیاتـی ئایینـی و خۆدوورخسـتنەوە لـە مزگـەوت و بەشـدارنەبوون لـە عیبـادەت و خوداپەرسـتییەکان و وێناکردنـی حـزب و تاکـی حزبـی کـوردی بـە کەسـێکی یاخـی لـە ئاییـن، ڕێگـەدان بـە کەسـانێك لـە ناحەزانـی ئیسـلام بـە نووسـینی گوتـاری نامـۆ و نەخشـەدارِشتنی نامـۆ بـۆ تـاك و کۆمەڵگـە، ئەمانـە هـۆکاری دەرکەوتنـی ڕەوتـی ئیسـلامییە لـە جیهـان و ناوچەکـە و هەرێمەکـەی ئێمـەدا.

بـا گـەورە سیاسـییەکانی ئێمـە لـە مزگـەوت

**گرنگە جەنابی سەرۆکی حکومەت و تەواوی بەرپرسانی حکومەت لە زانایان نزیک بن، بە هۆی پەیوەندیی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی و نزیکییان لە خەڵکەوە، چونکە زانایانی گەورەی ئایینی ئیسلام لە ئێش و ئازاری خەڵکی تێدەگەن**

**لە ڕابردوودا هەموو ئەو گرووپانەی هاتنە سەر شانۆی سیاسەت و هەوڵیان دا بۆ دەسەڵات و حوکمڕانی لە جیهاندا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە کەموکورتی لە پەیام و پڕۆگرامەکانیاندا هەبوو**

**ئەوە وڵاتانی دراوسێیە کە توانیویانە سوود لە ئیسلام وەربگرن، بۆ جێگیرکردنی پرسی نەتەوەیی خۆیان، کوشتن و بڕین و وڵات و سەرمایە و بەرنامەیان بارگاوی کردووە بە ئایین**

**وڵاتانی دراوسێ خۆیان وا وێنا کردووە کە نوێنەری خودان و بەرگریکارێکی سەرسەختن لە ئیسلام و موسڵمانان و بە ناوی گەلانی چەوساوە قسە دەکەن**

و بۆنە ئایینییە ئیسلامییەکاندا دەر بکەون، لە وتار و نوێژی هەینیدا ببینرێن، وەکو بەشێك لە سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بە برەودانیان بە سەنتەری ئایینی خۆماڵی زیاتر بکەن، با کەناڵی ئیسلامی تایبەت بە ئایین دابمەزرێنن، با زانایانی هوشیار و خاوەن پەیام لە دامەزراوەکانی حکومەتدا جێگە بکەنەوە، ئەو کات بۆشایی نامێنێت، تا کەسانی دیکە بێن و بە پرۆگرامی دەرەکی و نامۆ بەم میللەتە پڕی بکەنەوە. ئەوە وڵاتانی دراوسێیە کە توانیویانە سوود لە ئیسلام وەربگرن، بۆ جێگیرکردنی پرسی نەتەوەیی خۆیان، کوشتن و بڕین و وڵات و سەرمایە و بەرنامەیان بارگاوی کردووە بە ئایین، خۆیان وا وێنا کردووە کە نوێنەری خودان و بەرگریکارێکی سەرسەختن لە ئیسلام و موسڵمانان و بە ناوی گەلانی چەوساوە قسە دەکەن، توانیویانە لەم ڕێگایەوە سۆزی هەزاران کەس بۆ خۆیان ڕابکێشن و پەیامی بەرژەوەندیخوازانەی خۆیان بگەیەنن. بەداخەوە ئێمە نەمانتوانیوە سوود لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەربگرین بۆ خزمەتی گەل و وڵاتمان، وا دەزانین گەلانی ڕۆژئاوا هەموو داخوازییەکانمان بۆ جێبەجێ دەکەن، بەو مەرجەی خۆمان لە ئایین دابماڵین. نابێت ئایین لە سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان جیا بکرێتەوە، تا پەیامی ئاییندارێمان زیاتر بێت، سۆزی ناوخۆ و دەرەوە زیاتر بەدەست دەهێنین. جیهانی ئەمڕۆ کێشەی لەگەڵ ڕەوتی میانڕەوی ئایینیدا نییە، خۆ ئەگەر حکومەتی هەرێم بە زمانی ئایینی لەگەڵ عێراقدا قسە بکات، دەکرێت پابەند بکرێت بە پێدانی مافەکانمان، هەر لە چارەسەرکردنی کێشەی خاك و شایستە داراییەکان و فرۆشتنی بەرهەمی ژێرخاك و سەرزەوی کە لە سیستمیی حوکمرانیی ئاییندا ئەو مافانە دەستەبەری بۆ دەسەڵاتە هەرێمییەکانە.

*** لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و زۆربەی سەرکردەکانی دیکەی کورد کە ئەهلی مزگەوت و خانەقا و کەسانی ئایینی بوون، مامۆستا و زانایانی ئیسلامیش لە دەوری بوون، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕایەوە و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشی ئەیلولدا چۆن بوو، بۆ نموونە لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی مامۆستایانی ئایینی چۆن ئیعتیباراتی شۆڕشەکەیان ڕاگرتبوو؟**

- مەلا مستەفا بارزانی لەلایەك وەکو سەرکردەیەکی کاریزما و ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لەلایەکی دیکەوە وەکو زانا و شارەزایەکی ئایینی کە دەرچووی حوجرەکانی کوردستانە و لە خزمەتی چەندین زانای مەزنی کورد زانستەکانی خوێندووە لە نموونەی «مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چروستانی لە هەردوو مزگەوتی شێخ سەلام و خانەقای مەولانا خالید لە شاری سلێمانی، هەروەها مامۆستا مەلا مستەفا سەفوەت لە شاری سلێمانی و لە شارۆچکەی پردێ و چەند شوێنێکی دیکە، قەدر و ڕێز و پێگەی مامۆستا ئایینی لابووە و خۆی بە کەسێکی لەوان زانیوە و دانەبڕاوە لێیان، میوانداریی کردوون و کردوونیەتە قازی شۆڕش و دەسەڵاتی قەزایی پێ داون، زۆربەی کات مامۆستایانی ئایینی لە دەوروی بوون پرس و ڕاوێژی پێ کردوون، تەنانەت جارێکیان سەرۆك مسعود بارزانی فەرمووی: «لە ژیانمدا یەك جار باوکم لێم تووڕە بوو، ئەویش لەسەر زانایەکی ئایینی بوو، کە درەنگ گەیاندبوومانە خزمەتی بارزانی».

مەلا مستەفا بارزانی هەر بۆ پاراستنی مافی زانایان ڕێکخراوی یەکێتیی زانایانی بۆ دامەزراندن و لە یەکەم کۆنگرەدا وتارێکی پێشکەش کرد کە دەڵێت: «من سەربازێکم لە خزمەتی ئێوەدا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانتان». سەرکردەیەك بەو شێوەیە لە زانا و مامۆستایان نزیك بێت، بۆ خۆی و شۆڕشەکەیشی دەستکەوتێکی مەزنە، ئەو یەکبوونی بیر و هەڵوێستە لە شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانیدا هەبووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پشتگیریی مەلا و زاناکانی کورد لە شۆڕش و ڕێبەرەکەیان، مەلای کورد هەبووە لەناو کۆڵەپشتەکەیدا کە کتێب و پێخەفەکانی بووە، نارنجۆکی بۆ پێشمەرگە گواستووەتەوە و داڵدەی پێشمەرگەی داوە و ئابوونەی بە شۆڕش داوە و لە ڕیزی شەهیدەکانی پێشمەرگەشدا مەلای تێدا بووە، بە هۆی عەقڵ و حیکمەتی مەلا مستەفا بارزانی بووە کە مەلاکانی کوردستان خۆیان بە خاوەنی شۆڕش زانیوە و بۆ ساتێکیش لێی دانەبڕاون، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو خزمەتە بەپێی پێویست نییە، دەرگا داخستنی بەشێك لە بەرپرسان لەرووی هاووڵاتیان و زانایان وایکردووە دابڕان و ساردیەك دروست بێت، کە خزمەت بەهیچ لایەك ناکات.

**تا پەیامی ئاییندارێمان زیاتر بێت، سۆزی ناوخۆ و دەرەوە زیاتر بەدەست دەهێنین. جیهانی ئەمڕۆ کێشەی لەگەڵ ڕەوتی میانڕەوی ئایینیدا نییە**

**ئەگەر حکومەتی هەرێم بە زمانی ئایینی لەگەڵ عێراقدا قسە بکات، دەکرێت پابەند بکرێت بە پێدانی مافەکانمان، هەر لە چارەسەرکردنی کێشەی خاك و شایستە داراییەکان و فرۆشتنی بەرهەمی ژێرخاك و سەرزەوی کە لە سیستمیی حوکمڕانیی ئاییندا ئەو مافانە دەستەبەری بۆ دەسەڵاتە هەرێمییەکانە**

**جارێکیان سەرۆک مسعود بارزانی فەرمووی: «لە ژیانمدا یەک جار باوکم لێم تووڕە بوو، ئەویش لەسەر زانایەکی ئایینی بوو، کە درەنگ گەیاندبوومانە خزمەتی بارزانی».**

**ئەو یەکبوونی بیر و هەڵوێستە لە شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانیدا هەبووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پشتگیریی مەلا و زاناکانی کورد لە شۆڕش و ڕێبەرەکەیان**



دکتۆر جوتیار عادل
سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەگەڵ حکومەتی عێراق کراوە و، دەبێت لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەست بە کارەکانی بکاتەوە

**دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا بە هاوبەشی و لێکتێگەیشتن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش، ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی دابڕێژرێت و پەسەند بکرێت**

وێڕای ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانی و گەیشتن بە حکومەتێکی بەهێز و حوکمڕانییەکی باش، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی ڕۆژە سەختەکان ببڕێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ دکتۆر جوتیار عادل وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار بە هەنگاوەکانی چاکسازی و شەفافییەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و تێکەڵاونەکردنی ململانێی حزبایەتی لە کاروبارەکانی حکومەت، گفتوگۆیەکی ئەنجام دا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.

**بە ئیرادەی ڕێزدار مسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمە وەزارییەکەی توانرا ڕۆژە سەختەکان بەڕێ بکرێن و بەسەر زۆر ئاستەنگ و بەربەستدا زاڵ بین**

**هەنگاوەکانی چاکسازی و ئەو گۆڕانکارییەی لە پەیکەری ئابووریی هەرێمدا هەنگاوی بۆ نراوە، ئاراستەی ئابووریی گۆڕی و وەرچەرخانی لە زۆر سێکتەردا دروست کرد**

**بە هۆی چاکسازی لە کەرتی وزە و سێکتەرەکانی دیکەدا، داهاتەکانمان زیادی کرد و خەرجییە ناپێویستەکانمان کەم کردووە**

**کاتێک لە زۆر بوار و سێکتەردا گەندەڵیمان ڕاگرت، ڕاستەوخۆ داهاتەکان زیادی کرد و، خەرجییەکان کەمیان کردووە**

*** لەگەڵ ئەوەی ئەولەوییەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدان بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دابینکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هاووڵاتیان، بەڵام بەغدا هاریکار نەبوو بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، دوای ئەوەش پەتای کۆڤید ١٩ هات و هێندەی دیکە باری سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی قورس کرد، بەڵام پاش سێ ساڵ ئێستاش کە سەیر دەکەین، دەبینین کابینەی نۆیەم ئەو ئاستەنگانەی تێپەڕاندووە و هەنگاو بۆ ئایندەیەکی گەش هەڵدەگرێت. ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە وای کرد کابینەی نۆیەم نەك هەر نەکەوێت، بەڵکو لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و هەنگاوی زیاتر بۆ پێشەوە هەڵبگرێت؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بارودۆخێکی هەستیاردا دەستبەکار بوو، دابەزینی بەهای نەوت و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، دۆخێکی دژواری بۆ هەرێمی کوردستان دروست کرد، کاتێکیش پەتای کۆڤید ١٩ لە هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە و بووە هۆی دارمانی زۆرێك لە حکومەتەکانی دونیا، ئێمەش لە پێناو سەلامەتیی هاووڵاتیان کەرەنتینەمان ڕاگەیاند، ئەوەش ئەوەندەی دی بارگرانیی خستە سەرشانی حکومەت، بە خۆشحاڵییەوە بە ئیرادەی ڕێزدار مسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمە وەزارییەکەی توانرا ڕۆژە سەختەکان بەڕێ بکرێن و بەسەر زۆر ئاستەنگ و بەربەستدا زاڵ بین. هەنگاوەکانی چاکسازی و ئەو گۆڕانکارییەی لە پەیکەری ئابووریی هەرێمدا هەنگاوی بۆ نراوە، ئاراستەی ئابووریی گۆڕی و وەرچەرخانی لە زۆر سێکتەردا دروست کرد، بە شێوەیەك کە لە ماوەیەکی کەمدا توانرا داهاتەکان ڕێك بخرێن و خەرجی ناپێویست ڕابگیرێت. لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانیشەوە ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاسپاردووە بەپێی تایبەتمەندییەکان کار بۆ چارەسەرکردنی کێشە و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بکەن، بە هۆی چاکسازی لە کەرتی وزە و سێکتەرەکانی دیکەدا، داهاتەکانمان زیادی کرد و خەرجییە ناپێویستەکانمان کەم کردەوە، بەمەش وێڕای ئەوەی حکومەتی عێراق بە ئیلتیزاماتەکانی سەرشانی پابەند نەبوو، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی حکومەت و هەنگاوەکانی چاکسازی و گۆڕانکاری لە هەردوو سێکتەری داهات و خەرجییەکاندا، توانرا تا ڕادەیەك هاوسەنگییەك لە نێوان داهات و خەرجییەکاندا بکەین و، لە وادەی خۆیدا مووچەکان دابەش بکەین و بەردەوامی بە خزمەتگوزارییەکان بدەین و، زۆر لە پڕۆژە گەورە و ستراتیژییەکان و پڕۆژەی گەورەی وەبەرهێنان جێبەجێ بکەین.

*** زۆر جار لە گەلێك بۆنەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جەخت لە ڕاگرتنی گەندەڵی و ڕێکخستنەوەی داهات و کەمکردنەوەی خەرجیی حکومەت دەکات، لەمەش زیاتر باس لەوە دەکات کابینەی نۆیەم لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، نەك هەر قەرزی نەکردووە، بەڵکو دوو ملیار دۆلار قەرزی کابینەکانی دیکەی داوەتەوە. ئایا گرنگترین ئەو هەنگاوانە چین کە لە بواری چاکسازیدا کابینەی نۆیەم هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە و، ئەم وەرچەرخانەی لە زیادکردنی داهات و فرەچەشنکردنی لە سەرچاوەکانی داهات بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە؟**

- چاکسازی پرۆسەیەکی فراوان و بەردەوام و گشتگیرە، ئەم پرۆسەیە دادپەروەری و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات، یەکێك لەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بوو، ئامانجی حکومەت و بەتایبەت بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەهێشتنی ژینگەی گەندەڵییە کە زۆر جار بوونی دۆخێکی نالەبارە بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی، بۆیە ئەرکی حکومەت نەهیشتنی گەندەڵییە. کاتێك لە زۆر بوار و سێکتەردا گەندەڵیمان ڕاگرت، ڕاستەوخۆ داهاتەکان زیادی کرد و، خەرجییەکان کەمیان کردەوە، بەڵام ئاستەنگ و بەربەستیش لە بەردەم گەندەڵی لێرە و لەوێ هەبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی داواکاری گشتی و دادگا و چەسپاندنی یاسا و پاڵپشتیی خەڵکەوە، ڕێگەی

لــە زیاتــر تەشــەنەکردنی گەندەڵــی گــرت و، زۆر کــەس و کۆمپانیــاش ڕووبــەڕووی ســزای یاســایی و دارایــی کرانــەوە. مەحســوبییەت و ڕۆتینمــان کــەم کــردەوە و تاوەکــو ئێســتاش کاری جــددی دەکەیــن بــۆ گەڕانــەوەی هەمــوو داهاتــەکان لــە نــاو یــەك خەزێنــەی حکومەتــدا. فرەچەشــنکردنی داهاتــەکان و گرنگیــدان بــە هەرســێ ســێکتەری کشــتوکاڵ و پیشەســازی و گەشــتیاری و ڕەخســاندنی هەلــی کار و بووژاندنــەوەی ئابــووری، دۆخــی بــازاڕ و بژێــوی خەڵکــی ڕووی لــە باشــی کــرد، ئێمــە لــەم کابینەیــەدا نــەك هــەر قەرزمــان نەکــرد، بەڵکــو داهاتەکانیشــمان زیــاد کــرد و قەرزیشــمان دایــەوە، لــە بــواری چاکســازیی کەرتــی گشــتی دوو ســێ مووچەییمــان نەهێشــت و دەوامــی فەرمانگەکانمــان بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیــان ڕێك خســتەوە و دەیان کاری دیکەمــان بــۆ کەمکردنــەوەی ڕۆتیــن کــرد.

*** ســەرۆکی حکومــەت زۆر جەخــت لەســەر شــەفافیەت و کەمکردنــەوەی ڕۆتیــن دەکات، بــۆ ئەمــەش ماوەیــەك لەمەوبــەر ڕایگەیانــد لــە ســاڵی ٢٠٢٥ حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان دەبێتــە حکومەتێکــی دیجیتاڵــی، ئایــا حکومەتــی دیجیتاڵــی چییــە؟ ئایــا چــۆن تەکنەلۆژیــا دەبێتــە هۆکارێك بۆ چالاککردنی کارەکانی حکومــەت و هەنگاوهەڵگرتــن بــۆ حوکمڕانیــی بــاش؟**

- بەدیجیتاڵکــردن و حکومەتــی ئەلەکترۆنــی هەنگاوێکی گرنگە بەرەو بونیادنانەوەی ژێرخانی دیجیتاڵــی و پێشــکەوتنی خزمەتگوزارییــەکان و کەمکردنــەوەی ڕۆتیــن و بیرۆکراتیەتــی نێگەتیــڤ، مامەڵــە و بەڕێوەچوونــی کاری هاووڵاتیــان خێراتــر دەکات و لــە زۆر بواریشــدا شــەفافییەت بــە کاروبــارەکان دەدات. لــەم پێنــاوەدا ســەرۆکی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان نەخشــە ڕێگایەکــی دەســت پــێ کــرد بــۆ جێبەجێکردنــی ســتراتیژیەتی دیجیتاڵــی، لــە بوارەکانــی سیســتەمی نوێــی تۆمارکردنــی کۆمپانیــاکان و دیجیتاڵــی مۆڵەتــی شــۆفێری و چەندین بواری دیکە کەوتووەتە کاری پراکتیکییــەوە. لــە مانگــی داهاتــووش سیســتەمی فیــزای ئەلیکترۆنییــش دەخرێتــە کار. حکومەتــی دیجیتاڵــی لــە بوارەکانــی پۆســتی ئەلیکترۆنــی و مامەڵــەی ئەلیکترۆنــی و ســکاڵای ئەلیکترۆنــی و هەمــوو هەنگاوەکانــی دیکــەی تایبــەت کــە لــە پۆرتاڵــی خزمەتــدا هەیــە و ڕاســتەوخۆ لــە ڕێگــەی ئەلیکترۆنــی و دیجیتاڵییــەوە کارئاســانی بــۆ کاروبــاری هاووڵاتیــان دەکات و ناڕاســتەوخۆ و ڕاســتەوخۆ دەچێتــە نــاو خزمەتــی ســتراتیجیەتی دیجیتاڵییــەوەو وەرچەرخانێکــی گــەورە لــە دامەزراوەکانــی حکومــەت و کارئاســانی بــۆ کەرتــی تایبــەت و پێشکەشــکردنی خزمەتگوزاریــی ڕوو دەدات، ئەمــەش دەســتکەوتێکی دیکــەی گرنگــی کابینــەی نۆیەمــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتانە.

*** ســەرچاوەی مرۆیــی و توانــا و لێهاتوویــی گەنجەکانــی کوردســتان، لایەنێکــی دیکــەی جێــی بایەخــی کابینــەی نۆیەمــی حکومەتــی هەرێمــی کوردستان بــووە، بــۆ ئــەوەی ئــەم بایەخدانــەش ببێتــە کردەیــی، ســەرۆکی حکومــەت لــە مــاوەی ڕابــردوو دامــەزراوەی داهێنــان و نوێگــەری «KII» کــردەوە، کاری ئــەم دامــەزراوە تازەیــە چییــە و ئایــا تــا چەنــد ئــەم دامەزراوەیــە دەبێتــە پردێــك لــە نێــوان توانــا و لێهاتوویــی گەنجەکانمــان لــە ناوخــۆ و دەرەوەی وڵات؟**

- هــەروەك لــە هێڵــە گشــتییەکانی بەرنامــەی کاری حکومەتــی هەرێمــی کوردســتاندا هاتــووە، لەســەر ئاســتی چاکســازی و خزمەتگــوزاری و ئابــووری و کارگێــڕی گرنگیــی تایبــەت بــە پەرەپێدانــی ســەرمایەی مرۆیــی دراوە، بەتایبەتــی گەنجەکانمــان، لــە خاڵــی پانزدەیەمــی خزمەتگوزارییەکانیشــدا هاتــووە: «گەنجانمــان ســەرمایەیەکی نیشــتمانیی گــەورە و کاریگــەری مرۆییــن و ئایندەســازی وڵاتەکەمانــن، بۆیــە لــە میانــەی کار و بەرنامــەی گشــت وەزارەتــەکان، کار دەکەیــن بۆ بەکارخستن و ئاراستەکردنی تواناکانیان بــەرەو بنیادنانــی کۆمەڵگەیەکــی تەندروســت و پێشــکەتوو، کــە ئایندەیەکــی گەشــتر بــۆ وڵات فەراهــەم بــکات».

لــەم ڕوانگەیــەوە لــە هەمــوو هەنگاوەکاندا گرنگی بــە توانــای گەنجــەکان و دۆزینــەوەی هەلــی کار لــە کەرتــی تایبــەت دراوە، بگــرە مــەرج دانــراوە کۆمپانیا ناوخۆییەکان لــە ســەرووی ٧٥٪ کار بۆ گەنجەکانی نێوخــۆ دابیــن بکــەن و، بەپێــی ئــەو بەدواداچوونانــەی ئەنجاممــان داوە زۆربــەی هــەرە زۆری کۆمپانیــاکان پابەنــدی ئــەم بڕیــارە بــوون و ئــەوەی پابەندیــش نابێــت، ئیجرائاتــی توندی بەرانبــەر دەگیرێتــە بــەر. ســەبارەت بــە دامــەزراوەی داهێنــان و نوێگــەری KII گرنگــی بــە تواناکانــی لاوان دەدات و کار بــۆ

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی داواکاری گشتی و دادگا و چەسپاندنی یاسا و پاڵپشتیی خەڵکەوە، ڕێگەی لە زیاتر تەشەنەکردنی گەندەڵی گرت و، زۆر کەس و کۆمپانیاش ڕووبەڕووی سزای یاسایی و دارایی کرانەوە**

**ئێمە لەم کابینەیەدا نەک هەر قەرزمان نەکرد، بەڵکو داهاتەکانیشمان زیاد کرد و قەرزیشمان دایەوە**

**بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی دیجیتاڵی، لە بوارەکانی سیستەمی نوێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و دیجیتاڵی مۆڵەتی شۆفێری و چەندین بواری دیکە کەوتووەتە کاری پراکتیکییەوە. لە مانگی داهاتووش سیستەمی فیزای ئەلیکترۆنییش دەخرێتە کار**

**هەروەک لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، لەسەر ئاستی چاکسازی و خزمەتگوزاری و ئابووری و کارگێڕی گرنگیی تایبەت بە پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی دراوە**

**مەرج دانراوە کۆمپانیا ناوخۆییەکان لە سەرووی ٧٥٪ کار بۆ گەنجەکانی نێوخۆ دابین بکەن و، بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی ئەنجاممان داوە زۆربەی هەرە زۆری کۆمپانیاکان پابەندی ئەم بڕیارە بوون**

**لەم نزیکانە یاسای پارێزگاریکردن لە خاوەندارێتی بیرۆکە ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی مافی هەر کەسێک کە داهێنانێکی نوێی هەیە بپارێزرێت**

**تێوەگلانی حکومەت لە ململانێی حزبی کارێکی خراپە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتیان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوەیە**

دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار دەکات بۆ داهێنان، هەروەها ئەم دامەزراوەیە جگە لەوەی بۆشایی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتی پڕ دەکاتەوە، لە ڕووی داهێنان و فیکرەوە، پردێکی پەیوەندیی باشیش لە نێوان گەنجانی ناوخۆ و گەنجانی دەرەوە دروست دەکات. ئەم دامەزراوەیە هەنگاوێکی گرنگە لە پێناو خزمەتکردنی هەموو ئەو توانا و داهێنان و بەهرانەی گەنجەکانمان هەیانە و لەناو دامەزراوەیەکدا کۆدەکرێنەوە. کاتی ئەوە هاتووە گەنجەکانمان بەلاڕێدا نەبرێن و هان بدرێین بۆ بەردەوامیدان بەو خولیا و ئارەزوو و داهێنانەی هەیانە و پاڵپشتی بکرێن. هەروەها لەم نزیکانە یاسای پارێزگاریکردن لە خاوەندارێتی بیرۆکە ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی مافی هەر کەسێك کە داهێنانێکی نوێی هەیە بپارێزرێت.

*** لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووی کابینەی نۆیەمدا وەك یەك تیم کاری کردووە، بەڵام بەم دواییانە هەست دەکەین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ناکات، ئایا ئەم بایکۆتکردنەی جێگری سەرۆك وەزیران پەیوەندی بە کێشەی ناو کابینەکە هەیە، یان کێشەیەکی سیاسییە و تێکەڵی کارەکانی حکومەت دەکرێت؟**

- تێوەگلانی حکومەت لە ململانێی حزبی کارێکی خراپە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتیان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوەیە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەڕێزیان وەکو سەرۆك وەزیرانێك ڕەفتار دەکات، نەوەکو نوێنەری پارتێك. ئێمە چاوەڕوانین لە سەرجەم حزبەکانی کوردستان ئەوەی لەناو پرۆسەی حوکمڕانی بێت، یان ئۆپۆزسیۆن بێت، هەمووان بەشدارن لە بابەتێك کە پێی دەوترێت پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، دەزانن فەرمانبەرێك، یان کاسبکارێك، یان هەر چین و توێژێکی دیکە بێت، کاتێك بەیانی لە ماڵەوە دەردەچێت، ماڵ و منداڵ و خێزانی بەسەر حکومەتدا بەجێ دەهێڵێت و دەیەوێت کاتێك دەچێتە سەر کاسبی و دەوامی فەرمی خۆی، ژیانی خۆی لە کارەکەی و ژیانی ماڵ و منداڵەکەی پارێزراو بێت، بەمەش ئەرکی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ژیانی هاووڵاتیانە بە جیاوازی حزبی و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوە و ئایین و ئایینزاوە. خەڵکی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و لە هەر چوار پارچەی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەریشەوە کاتێك دێنە کوردستان لەبەر ئەم ئەمن و ئاسایشەیە کە لێرە هەیە، بۆیە ئەمە داوای ئێمە نییە لە حزبەکان، بەڵکو داوای هاووڵاتیانی کوردستانە ئارامی و ئاسایشی هەرێمەکە بپارێزن. سەبارەت بە دەوام و بایکۆتکردن هیچ کەسێك لە هەر پۆستێکی حکومەتدا بێت، ناتوانێت بەرانبەر خزمەتکردنی گەلەکەی بایکۆت بکات، ڕەنگە ڕەخنە و گلەیی و بۆچوونی جیاواز هەبێت، ئەمانە هەمووی دواجار هەر بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە ناو ئەنجومەنی وەزیران چارەسەر دەکرێن.

*** دوای زیاتر لە ساڵێك لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١، توانرا حکومەتێکی تازەی عێراق بە سەرۆکایەتیی محەمەد شیاع سوودانی پێك بهێنرێت، بەپێی ئەو بەرنامە وەزارییە کە پێشکەشی کردووە و هەموو لایەنەکانی هاوپەیمانییەکە ئیمزایان لەسەر کردووە، بەرنامەیەکی زۆر باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و هەروەها کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە هاوکاریی بەغدا بکات؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە دەستپێکی کارەکانیدا نییەتی جددی بوو لەوەی ڕێککەوتن بکات، بەداخەوە لە حکومەتی پێشوو بەربەستی سیاسیی زۆر هەبوو، نەتوانرا ڕێکەوتنەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، لە ئێستاشدا بە جددی کار دەکەین لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراق و شاندیش پێکهێنراوە و چاوەڕوانی بەغداین تاوەکو لە دەرفەتێکدا بچین گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕێککەوتنە بکەین کە لایەنە سیاسییەکان لەسەری ڕێککەوتوون. ئەم بابەتە بەشێکی پەیوەستە بە لایەنی جێبەجێکردنەوە و بەشەکەی دیکەی لایەنی تەشریعاتییە، گرنگترینی ئەو بابەتانە لە لایەنی جێبەجێکردنەوە

بابەتەکانی (مەسەلەی نەوت و بودجە و ماددەی ١٤٠ی دەستووری)یە، ئەمانەش پەیوەندییەکی گرنگیان بە مافەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە. ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر ئەم بابەتانە کراوە، بە تایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمەوە هەیە و دەبێت لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەست بەکارەکانی بکاتەوە و بودجە بۆ جێبەجێکردنی دابنرێت، هەروەها دەمانەوێت لەسەر مەسەلەی نەوت بگەینە ڕێککەوتنی هاوبەش لە بەرژەوەندیی هەردوو گەلی عێراق و کوردستان و لە ماوەی شەش مانگ بە هاوبەشی و لێکتێگەیشتن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش، ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی دابڕێژرێت و پەسەند بکرێت، ئەمە جگە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتحادی کە تا ئێستا دانەمەزراوە، عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە و دەبێت ئەو ئەنجومەنەی هەبێت، هاوکات قسەی جددیمان لەسەر یاسای دادگای فیدراڵی دەبێت، خۆی لە خۆیدا تاکو ئێستا ئەو دادگایە یاسای نییە و دەستتێوەردانی گەورەی تێدایە، لە بواری تەکنیکیشدا ئێمە ئامادەیی تەواومان نیشان داوە، ئەوەتا گفتوگۆ و هەماهەنگیمان بووە و وردەکاری تەواوی هەموو داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە داهات و خەرجی و فەرمانبەرانمان لە ڕێگەی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمەوە بە دیوانی چاودێریی دارایی بەغدا داوە. لەسەر شێوازی داڕشتنەوەی ڕەشنووسی یاسای بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا کە ئایا لە ١٢,٦٤٪ دەبێت، یان لە ١٤٪ی وەزارەتی پلاندانانی عێراق دەبێت، کاتێکیش پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی ٢٠٢٣ عێراقی فیدراڵیدا دیاری کرا، لەسەر ئەو بنەمایە دەست بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای بودجەی ٢٠٢٣ی کوردستانیش دەکەین. ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆمان لەسەر نەخشەڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا کردووە و تەئکید لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو لا کراوەتەوە لە چوارچێوەی دەستووردا .

ئەوەی زۆر بە لای ئێمەوە گرنگە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و ڕاگرتنی پێشێلکاریی دەرهەق بە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچە کوردستانییانە و پاراستنی مافە دەستووری و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستانە، بە خۆشحاڵییەوە ئەمجارە وەزیری دادی حکومەتی عێراق کەسێکی کوردە و چاوەڕوان دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا هاوکاریی حکومەت بکات بۆ چارەسەری ئەم گرفتە.

*** سەبارەت بە هێرشەکانی ئێران و تورکیا و زیانگەیاندن بە هاووڵاتیانی سڤیل تا چەند قسە لەگەڵ دۆستەکانمان و هاوپەیمانان کراوە، بۆ دانانی سنوورێك لەسەر ئەم پێشێلکارییانە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بە توندی سەرکۆنەی ئەو هێرشانە دەکات و داوای لە دۆست و هاوبەشانی لە حکومەتی فیدراڵی و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بگرە خودی هەر دوو وڵاتی دراوسێ کردووە، ئەم هێرش و تۆپباران و مووشەکباران و هێرشی فڕۆکە و درۆنانە ڕابگرن، ئەمانە پێشێلکاریی بەردەوامی سەروەریی عێراق و هەرێمی کوردستانن، داوا لە هەموو لایەك دەکەین لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و گرفت و کێشەی نێوخۆیان نەهێننە هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە دراوسێتی و ئارامی و ئاسایشی دراوسێکانی دەگرێت و بە هیچ شێوەیەك ڕێگای نەداوە و نادات لە سنوورەکانییەوە هێرش بکرێتە سەر وڵاتانی دراوسێ. هێرشەکانی سەر هەرێمی کوردستان هیچ پاساوێکی بۆ نییە و پێشێلی سەروەرییە و پێویستە هەموو لایەك پەنا بۆ گفتوگۆ و دانوستاندان بەرن و هەوڵی ناردنە دەرەوەی کێشەکانی خۆیان بۆ دەرەوەی سنوورەکان نەدەن. ئێمە ڕێز لە سەروەری و ئارامی و ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ دەگرین، پێویستە ئەوانیش ڕێز لە سەروەری و خاکی هەرێمی کوردستان بگرن، ئێمە ئامادەین بە گفتوگۆ و ئاشتییانە لەسەر هەر کێشەیەك بێت، لەگەڵ ئەو وڵاتانە گفتوگۆ بکەین، ئێمە بەرژەوەندیی هاوبەش و مافی دراوسێتیمان هەیە، ناکرێت دۆخەکە بەو شێوەیە ئاڵۆز بکرێت، چونکە ناسەقامگیری هەرێم، ناسەقامگیری بۆ ناوچەکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

**گفتوگۆ و هەماهەنگیمان بووە و وردەکاری تەواوی هەموو داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە داهات و خەرجی و فەرمانبەرانمان لە ڕێگەی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمەوە بە دیوانی چاودێریی دارایی بەغدا داوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بە توندی سەرکۆنەی ئەو هێرشانە دەکات و داوای لە دۆست و هاوبەشانی لە حکومەتی فیدراڵی و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بگرە خودی هەر دوو وڵاتی دراوسێ کردووە، ئەم هێرش و تۆپباران و مووشەکباران و هێرشی فڕۆکە و درۆنانە ڕابگرن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە دراوسێتی و ئارامی و ئاسایشی دراوسێکانی دەگرێت و بە هیچ شێوەیەک ڕێگای نەداوە و نادات لە سنوورەکانییەوە هێرش بکرێتە سەر وڵاتانی دراوسێ**




**ڕێبوار تاڵەبانی**

**سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخی کەرکووک نادەستووری و نایاساییە و هەر بڕیارێکیش دەردەچێت هیچ بەهایەکی نییە

**بارودۆخی ئێستای کەرکووك و ئەو هەڕەشە و مەترسییە بەردەوامەی ڕووبەڕووی ئەم شارە دەبێتەوە، بە تایبەتی لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و ئەو بارودۆخە نائاسایی و نایاساییەی لەو شارەدا لە ئارادایە، بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و دووبارە گەڕانەوەی هێزەکانی عێراق بۆ ناوچەکانی ماددەی ١٤٠، بارودۆخی ئەو ناوچانە بە گشتی و کەرکووك بەتایبەتی لە ئاڵۆزی و ناسەقامگیریدایە و هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی سیمای کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە بسڕێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی چۆن سەیری بارودۆخی ئەو ناوچانە بە گشتی و کەرکووك بە تایبەتیش دەکەن؟**

- کەرکووك مێژوویەکی سەد ساڵەی سیاسەتی گۆڕانکاریی دیمۆگرافییەکەی هەیە، لە دوا سەرژمێری دانیشتووانەکەی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیدا لە ڕاگەیاندنی مەعاریفی عوسمانلیدا دەڵێت کەرکووك ئەو شارەیە ٩٣٪ی لە کورد پێکدێت و ٧٪یشی پێکهاتەکانی دیکەن. لەپاشان لە ساڵی ١٩٣٧ و ١٩٥٧ سەرژمێریی دیکە کرا و هەموو ئەو حکومەتانەی کە لە عێراق هەبووە، کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن ناسنامەی کوردستانییەتی لێ بکەنەوە، هەروەها لە دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٢٧ نەوت لە کێڵگەی باوەگوڕگوڕ لە کەرکووك دۆزرایەوە، بۆیە چاو و تەماحی هەموو وڵاتانی دەرەکییش کەوتە سەر کەرکووك، هاوکات حکومەتەکانی عێراقیش لە مەلیکییەوە تا کۆتایی ڕژێمی بەعس و لە پاشانیش لە ساڵی ٢٠٠٣ هەر چەند سیستەم لە عێراق گۆڕا و دەستوور بوو بە فیدراڵی و دەبوایە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ ماددەی ١٤٠ بە تەواوی جێبەجێ بکرایە و بارودۆخی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان ئاسایی ببنەوە، بەڵام لەم لایەنەشەوە بەداخەوە کورد سازشی کرد، چونکە خەڵکی کەرکووك و کوردستان پێیان خۆش نەبوو کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان بخرێتە ناو ئەو هاوکێشەیە بۆ مفاوەزات لە نێوان ئێمە و حکومەتی عێراق لەبەر ئەوەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بەشێك بوون لە خاك و سنووری کوردستان، بەڵام بە ناچارییەوە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ڕازی بووین و شانسێکی دیکەیان بە حکومەتی تازەی عێراق دا کە کێشەکان چارەسەر بکات، ئەگەرچی کێشەکانیان چارەسەر نەکرد و هەتا ئێستا هەمان سیاسەتی حکومەتەکانی پێشتریان بەکارهێناوە، واتە سیاسەتی تەعریب و هەمان سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی لە کەرکووك پیادە دەکەن، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە بەس ناسنامەی کوردستانی بەسەر کەرکووکەوە نەمێنێت.

بارودۆخی کەرکووك لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی پێ دەوترێت لە مێژووەدا، چونکە لەکاتی خۆی کە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە کە تەعریب و تەبعیس دەکران، بە سیمایەکی سوننی بوو، بەڵام ئێستا تەعریب و تەشییع دەکرێت بە ڕەنگی شیعی کە ئەمە مەترسیدارترە.

*** بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ئەو ناوچانە ناسەقامگیرە و ئەوەی کە زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت ئەو بارودۆخە فەرزکراوەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت، شەخسی سەرۆك بارزانییە، وەك دەشبینین لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو ڕازی نەبووە کە بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك، ئایا چۆن سەیری هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی و پێداگرییەکانی لەسەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- هەڵبەتە ئەو هیوایەی ئێستا کە گەلی کورد ماویەتی و هەگبەی مێژوویی و خەباتی قورسی خستووەتە کۆڵییەوە، تەنیا جەنابی سەرۆك بارزانییە کە بتوانێت ئەو ئامانجانەی کە ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە کاتی خۆی دایناوە، کە دەفەرموێت: «خاکناسی و خواناسی و مرۆڤناسی»، ئەو سیمایە کە گوازراوەتەوە بۆ ئەو بنەماڵەیە، دەیەوێت بیگەیەنێتە کۆتایی و دیاریشە کە جەنابی سەرۆك خەمیشیەتی کە لە مێژووی خۆیدا ئەو کارەساتە بە سەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە هاتووە، تەئکیدم ئەو بارودۆخە لای جەنابی زۆر قورسە، چونکە جەنابیان نەیدەویست بگاتە ئەو ئاقارە و ٥٠٪ی خاکی کوردستان لە جیاتی ئەوەی بگەڕێتەوە سەر کوردستان و خەونی ١٠٠ ساڵەی کورد بەدی بێت، بەداخەوە ٥٠٪ی خاك و نیشتمانی

**لەکاتی خۆی کە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە کە تەعریب و تەبعیس دەکران، بە سیمایەکی سوننی بوو، بەڵام ئێستا تەعریب و تەشییع دەکرێت بە ڕەنگی شیعی کە ئەمە مەترسیدارترە**

**ئەو هیوایەی ئێستا کە گەلی کورد ماویەتی و هەگبەی مێژوویی و خەباتی قورسی خستووەتە کۆڵیەوە، تەنیا جەنابی سەرۆک بارزانییە**

**لە ڕێککەوتنی ئازار خواڵێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ سەدام حوسێن نیوەی کەرکووکیشی پێ درا، بەڵام بارزانیی نەمر سازیشی نەکرد و ڕازی نەبوو و فەرمووی نەوەک کورد دوای خۆم بە خائینم بزانن**

**ئەو میلیشیا چەکدارانەی لە کەرکووکن و ناسنامەی عێراقیان نییە و بە ئەجیندای دەرەکی کار دەکەن، ئەوانیش هەمان ئامانجیان هەیە کە سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانییە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە**

**شوێن دەست و کاری بەردەوامی دکتۆر شاخەوان عەبدوڵلا لە پێناو پاراستن و ئارامیی کەرکووک و کوردستانییەتی کەرکووک و خەڵکەکەی پێش ئەوەی ببێتە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش دیار و جێگای شانازی و دڵخۆشییە**

کوردو کوردستان لە دەستی نەیارانە، هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە چاودێری و خەمخۆریی جەنابی سەرۆك بارزانی بەردەوام بووە و جێگای شانازییە هەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە تا دەگاتە ئەو بەرگرییانەی کرا لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە لایان هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە پردێ و مەحموودیە و سحێلا و مەخموور کە ئەگەر ئەم ئیرادە و بەرگرییانە نەبووایە، ئەوە بۆی هەبوو شتێك نەمێنێت بە ناوی کوردستانەوە. بەڵکو لەناو عێراقەوە دەگەڕاینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم بە بێ ماف و کورد دەبووە نەتەوە و هاووڵاتی دووەم کە هیچ بایەخێکی نەبێت. بەڵام بە بوون و ئیرادە و حەکیمیی جەنابی سەرۆك بارزانی و پشتگیری میللەتی کورد و کوردستان توانیمان ئەوانەی ماوەتەوە جارێ پارێزگاری لێ بکەین. بێگومان لە ڕێککەوتنی ئازار خواڵێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ سەدام حوسێن نیوەی کەرکووکیشی پێ درا، بەڵام بارزانیی نەمر سازیشی نەکرد و ڕازی نەبوو و فەرمووی نەوەك کورد دوای خۆم بە خائینم بزانن، هەر لەم مێژووەوە جەنابی سەرۆك بارزانی ئەزموون و تێڕوانینی قووڵ و گەورە و سەروەریی بۆ گەلی کورد و کوردستان هەیە و دەیەوێت خەڵکی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەش هەر وەك خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجە و هەولێر و دهۆك و هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان بە سەربەرزی بژین. هەر لەم سۆنگەیەوە جەنابی سەرۆك بارزانی قبووڵی نییە پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەك بگەڕێتەوە کەرکووك کە بارودۆخی کەرکووك ئاسایی نەکرێتەوە و پارێزگارەکەشی کورد نەبێت. ئینجا ئێمە کە ناسنامەی کورد و کوردستانیمان هەیە، چۆن دەتوانین لە بارودۆخێکی نائاسایی لە کەرکووکدا بژین؟

*** سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کەرکووك کە دەبوو زۆر پێشتر ئاسایی بکرایەتەوە و پارێزگارێکی کوردیشی بۆ دابنرایە، بەڵام ئەوە ماوەی پێنج ساڵە جێگری پارێزگاری کەرکووك بە وەکالەت پارێزگارە و هەموو هەوڵەکانیشی بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەری تەعریب بکاتەوە و موڵکەکان لە جووتیارانی کورد بسێنێتەوە و بیداتەوە بە عەرەبە هاوردەکان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی لایەنی کوردستانی لە ئاستی ئەم ڕەفتارانەی پارێزگاری کەرکووك کەمتەرخەم و دەستەوەستانن؟**

- بەردەوام گوتوومە بارودۆخی کەرکووك دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر نادەستووری و نایاساییە و هەر بڕیارێکیش دەردەچێت، هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام پارێزگاری ناشەرعیی کەرکووك بە تەنیا نییە و دیارە بارودۆخەکە بۆی دەگونجێت و لە هەموو کارو بڕیارەکانیان مەبەستیان ئەوە بووە کە ناسنامە کوردستانییەکە لە کەرکووك بسێننەوە. هاوکات ئەو میلیشیا چەکدارانەی لە کەرکووکن و ناسنامەی عێراقیان نییە و بە ئەجیندای دەرەکی کار دەکەن، ئەوانیش هەمان ئامانجیان هەیە کە سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانییە لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە و هەندێ پێکهاتەش لە کەرکووك هەیە کە بە ئەجیندای دەرەکی دەجووڵێنەوە، ئەوانیش پێیان خۆشە کەرکووك ناسنامەی کوردستانی نەبێت، هەرچی دەبێت، گرنگ نییە، هەموویان یەکیان گرتووە بۆ یەك ئامانج، ئەویش ئەوەیە کە پشتگیریی ڕاکان جبوری دەکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەی کە ١٠٠ ساڵە حکومەتی عێراقی کاری لەسەر کردووە و ئەویش بۆی لواوە و بە جوانی ئیشەکە جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە ماڵی کورد بێتفاقە و یەکڕیز و یەك ئامانج نییە لەسەر ئەو فشارەی لەسەر کەرکووکە.

*** لە دوای دەستبەکاربوونی دکتۆر شاخەوان عەبدوڵلا وەك کەرکووکییەك بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی عێراق کۆمەڵێك هەنگاوی بۆ بەرژەوەندیی کەرکووك ناوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن سەیری هەوڵەکانی شاخەوان عەبدوڵلا دەکەن؟ ئایا فراکسیۆنی کوردستانی «ئەگەر یەکگرتوو بن» دەتوانن چی باشتر بۆ کەرکووك ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکەن؟**

- شوێن دەست و کاری بەردەوامی دکتۆر شاخەوان عەبدوڵلا لە پێناو پاراستن و

ئارامیی کەرکووک و کوردستانییەتی کەرکووک و خەڵکەکەی پێش ئەوەی ببێتە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش دیار و جێگای شانازی و دڵخۆشییە کە خەمخۆرێکی زۆر بوێر و دڵسۆزی کەرکووک و کورد و کوردستان بووە. هاوکات خەڵکی دیکەی باشمان هەیە هەر وەك جەنابیان کە کار بۆ پاراستن و بەرگری لە کەرکووك و کوردستانییەتی کەرکووك دەکەن، بەڵام کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە و ئەو پیلان و ئامانجەی دژ بە کەرکووك و کوردستانییەتی کەرکووك و ناوچەکەیە نەخشەداڕێژراوە و ئامانجی سەدان ساڵی مێژووی ناحەز و دوژمنانی کورد و کوردستانە بە کار و هەوڵی تەنیا کەسێك، یان گرووپێك چارەسەر و کۆتایی نایەت، ئەگەرچی دکتۆر شاخەوان بە هەوڵ و کۆششی خۆی تەلەفۆن بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەکات، بەتایبەت بۆ کێشە کشتوکاڵییەکان و بۆ ماوەیەك کێشەکان چارەسەر دەکەن، لە پاشان بە جۆر و ڕێگایەکی دیکەوە دووبارە کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە، چونکە کێشە و فشارەکان زۆر گەورەن و ئامانجی سەرەکیی سڕینەوەی ناسنامەی میللەتێکە کە میللەتی کورد و کوردستانە لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە.

*** بە هۆی نەمانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەست دەکرێت بۆشاییەکی ئەمنی دروست بووە و بە ئاسانی ئەم بۆشاییە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە ئیستغلال دەکرێت، هەروەك چۆن لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە نزیك قەرەهەنجیر بینیمان، لەسەر ئەم بابەتە زۆر باس لەوە دەکرێت کە هێزێکی هاوبەشی سوپا و پێشمەرگە ئەو بۆ شاییانە پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەم کارە پەلەی تێدا ناکرێت، ئایا هۆکارەکەی چییە؟**

- من پڕۆژەیەکم پێشکەشی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بە ناوی پڕۆژەی ئیدارەی هاوبەش لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان کە پڕۆژەکە لە ٤٢ لاپەڕە پێکدێت و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و ١٣ وەزیری بەڕێزیش قسەم کردووە کە لە دوای ٢٠٠٥ـەوە تا جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەبووایە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان بە هاوبەشی ئیدارە بکرێت و هەر وەزارەتێك بەپێی کار و پسپۆڕایەتیی خۆی، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەکرا، کە پێنج ڕەهەندم کردووەتە بابەتی سەرەکیی پڕۆژەکەی خۆم و هەریەکی ڕەهەندێکی دەستووری هەیە، کە پێی دەڵێن «کێشە لەسەر» کە هەر شوێنێك کێشەی لەسەر بێت، دەبێت دوو لایەن ئیدارەی بکات، بەڵام ئێستا بەداخەوە تەنیا حکومەتی فیدراڵی ئیدارەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان دەکات و لە ڕووی داراییشەوە دەبێت لە بودجەی حکومەتی فیدراڵی لە کاتێکدا یەك ملیار تەرخان بکات بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان، ئەوە دەبێت لەو بڕە پارەیە حکومەتی فیدراڵی ٥٠٠ ملیۆن خۆی خەرجی بکات بۆ کەرکووك و ٥٠٠ ملیۆنەکەی دیکە بە حکومەتی هەرێم بدات ئەو بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان لە پڕۆژەکاندا خەرجی بکات و لەمەدا ڕەهەندێکی هەیە سەربازی و ڕەهەندێکی هەیە ئیدارییە، لە کاتێکدا بۆ نموونە چوار کەس دادەمەزرێت لە کەرکووك، ئەوە دوو لە کەسەکان دەبێت هەرێم بڕیاریان لەسەر بدات، لە ڕووی سەربازییەوە نابێت و دەستووریش نییە کە ڕازی بین بە دوو لیوای هاوبەش بۆ ئەو ناوچانە، بەڵکو بە درێژایی ١٠٥١ کیلۆمەتر پێویستە بە هاوبەشی هێزی سەربازی فیدراڵی و هێزی پێشمەرگە بە یەکەوە کەرکووك و ئەو ناوچە کوردستانییانە بپارێزن، لەلایەکی دیکەوە چۆن بەغدا لەسەر یاسای نەوت و غاز سکاڵا دەکات و هەرێمی پێوە سەرقاڵ کردووە، ئەوە پێویستە هەموو وەزارەت و وەزیرەکانی هەرێم سکاڵا لە دژی حکومەتی فیدراڵی بەرز بکەنەوە لە دادگای فیدراڵی و بە هۆی ئەو پێشێلکردنە دەستوورییەی لە ٢٠٠٥ بەو لاوە دەرهەق بە کەرکووك و هەرێمی کوردستان کراوە، کە بۆی هەیە یەك تریلیۆن دۆلار بۆ هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، کە ئەمە وەك ئەو قەرەبوویەی کە کوەیت پاش ئەوەی ئازاد کرا، لە عێراقی وەری گرتەوە و هەر پێشمەرگەیەك لە بۆشایی ئەمنی شەهید دەبێت، ئەوە دەبێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە قەرەبوو بکرێتەوە و خانەوادەکەی سەربەرز بن.

**پڕۆژەیەکم پێشکەشی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بە ناوی پڕۆژەی ئیدارەی هاوبەش لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان کە پڕۆژەکە لە ٤٢ لاپەڕە پێکدێت**

**هەر شوێنێک کێشەی لەسەر بێت، دەبێت دوو لایەن ئیدارەی بکات، بەڵام ئێستا بەداخەوە تەنیا حکومەتی فیدراڵی ئیدارەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان دەکات**

**پێویستە هەموو وەزارەت و وەزیرەکانی هەرێم سکاڵا لە دژی حکومەتی فیدراڵی بەرز بکەنەوە لە دادگای فیدراڵی و بە هۆی ئەو پێشێلکردنە دەستوورییەی لە ٢٠٠٥ بەو لاوە دەرهەق بە کەرکووک و هەرێمی کوردستان کراوە**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر گلێن ئەریک ئەندرێ دیزەن بۆ گوڵان:

# پێشبینی دەکەم ڕووسیا هێرشی بەهێزتر ئەنجام بدات

**گلێن ئەریك ئەندرێ دیزەن زانایەکی سیاسیی نەرویجییە و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری دامەزراوە و تەنگژە ئەمنییەکان لە زانکۆی ئازاد لە ئەمستردام بەدەست هێناوە. پێشتر نیشتەجێی ڕووسیا بووە و لە سکووڵی باڵای ئابووری لە مۆسکۆ کاری کردووە و شارەزا و تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و ئاوێتەبوونی ئەوروپایە. لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج. بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە و ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ناکارایی ئەم ڕێکخراوە لە ئاست ڕاگرتنی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

**مۆسکۆ بەرفراوانبوونی ناتۆ و لەخۆگرتنی وڵاتی ئۆکرانیا بە هەڕەشەیەکی وجوودی و بە مەترسی لەسەر لەناوچوونی ڕووسیا لە قەڵەم دەدات**

*** هەروەك ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا درێژەی کێشاوە و بەردەوامە، ئێوە چۆن لە بەرەوپێشچوونی ئەم شەڕە دەڕوانن؟ ئایا بە بۆچوونی ئێوە بۆچی ڕووسیا سوورە لەسەر بەردەوامیدان بە شەڕەکە سەرباری ئەو پەرەسەندن و پێشهاتە نەخوازراوەی ڕووبەڕووی ڕووسیا بوونەتەوە، بەتایبەتی لە گۆڕەپانی شەڕدا و لە هاوکێشە سەربازییەکەدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە مۆسکۆ بەرفراوانبوونی ناتۆ و لەخۆگرتنی وڵاتی ئۆکرانیا بە هەڕەشەیەکی وجوودی و بە مەترسی لەسەر لەناوچوونی ڕووسیا لە قەڵەم دەدات. ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوە کە خودی ئەم کێشە و ناکۆکییە لە ساڵی ٢٠١٤دا دەستی پێ کرد و هاتە ئاراوە، ئەویش کاتێك وڵاتانی ڕۆژئاوا پاڵپشتی و پشتیوانیی ئەنجامدانی کودەتایەکیان لە ئۆکرانیادا کرد، کە بووە هۆی ڕوخاندنی دەسەڵاتی سەرۆکی ئەو کاتەی ئۆکرانیا کە بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرابوو و دەسەڵاتی گرتبووە دەست و لە هەمان کاتدا دۆستی وڵاتی ڕووسیاش بوو، دەرئەنجامەکە خولقاندنی دۆخێك بوو کە تێیدا هەم شەڕی ناوخۆ و هەم شەڕ بە وەکالەت لە نێو خودی ئۆکرانیا هاتەئاراوە و دروست بوو. لەم ڕووەوە پێم وایە ڕووسیا تا کۆتایی درێژە بە شەڕەکە دەدات، ئەویش بۆ ڕێگەگرتن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاوەکو ئۆکرانیا پڕچەك نەکات و دەوڵەتێکی پاشکۆی دژ بە ڕووسیا دروست نەبێت لە ئۆکرانیادا. دواتر ئێمە دەزانین لە سەرەتادا ڕووسیا لە ڕێی کەمتر لە ٢٠٠،٠٠٠ سەربازەوە دەستی کرد بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سنووورداری سەربازی. وڵاتانی

**ڕووسیا تا کۆتایی درێژە بە شەڕەکە دەدات، ئەویش بۆ ڕێگەگرتن لە ئەمریکا تاوەکو ئۆکرانیا پرچەک نەکات و دەوڵەتێکی پاشکۆی دژ بە ڕووسیا دروست نەبێت لە ئۆکرانیادا**

**سزاکان تەنیا بوونەتە هۆی چڕکردنەوەی هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ڕاڕەوەکانی گواستنەوە و بانک و سیستمی پارەدان و دراوی نارۆژئاوایی**

**هێزە مەزنەکانی جیهان کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی زۆریان هەیە بەسەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تا ڕاددەیەک ببێتە دامەزراوەیەکی ناکارا بۆ خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی شەڕ و ناکۆکییەکان**

ڕۆژئاوا بەڵێنی ئەوەیان بە وڵاتی ئۆکرانیا دا کە تەواوی ئەو چەکانەی بۆ دەستەبەر بکەن کە پێویستیەتی بۆ تێکشکاندن و شکستهێنان بە ڕووسیا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ڕووسیا بڕیاری دا هەوڵەکانی شەڕەکە بەرەو هەڵکشان ببات. لە ئەنجامدا ڕووسیا بڕیاری دا کە ٣٠٠ هەزار سەربازی دیکە بخاتە نێو شەڕەکەوە کە بە چەکی بەهێز پڕچەك کراون، لە هەمان کاتدا دەستی کردووە بە هەڵمەت و هێرشکردنە سەر ژێرخانی وزە و پرد و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە ئۆکرانیا. هەر لەم ڕوانگەیەوە پێشبینی ئەوە دەکەم کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمی داهاتوودا، ڕووسیا هێرشێکی زۆر بەهێز ئەنجام بدات.

*** ئەوەی پەیوەندی بە سزا سەپێندراوەکانی سەر ڕووسیاوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا کێشەی نەختینەیی بۆ دروست بێت، بەڵکو ئێستا داهاتێکی زیاتر بەدەست دەهێنێت، بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غازەوە، کەواتە ئێوە چۆن لە کاریگەری و کارایی ئەم سزا و ڕێکارانە دەڕوانن لەسەر وڵاتی ڕووسیا؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە پێوەری سەرکەوتوویی، یان کارایی سزاکان ئەوەیە کە تا چەند بوونەتە هۆی گۆڕینی سیاسەت و هەڵوێستەکانی وڵاتە سزادراوەکەوە. لەم سۆنگەیەوە پێم وانییە ئەم سزایانە ببنە هۆی ئەوەی، یان ڕووسیا ناچار بە گۆڕینی سیاسەتەکانی بکەن، لەبەر ئەوەی ڕووسیا وەك هەڕەشەیەك، یان مەترسی و مان و نەمان لەم شەڕە دەڕوانێت. تەنانەت لە ئێستادا خودی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش دەرك بەو ڕاستییە دەکەن کە ئەم سزا سەپێندراوانە نابنە هۆی بەدەستهێنانی هیچ سازشێکی سیاسی، لەبەر ئەوە ئێستا ئامانجەکەیان لە لاوازکردنی ڕووسیادا بەرجەستە بووە. هەڵەی سەرەکی لەم سزایانەدا ئەو گریمانە و باوەڕە بوو کە پێی وابوو ڕووسیا بە ئاست و ئەندازەیەکی گەورە بەدەست ئەم سزایانە گرفتار دەبێت، پێش ئەوە ڕێی پێ بدرێت بگەڕێتەوە بۆ نێو ئەو سیستمە ئابوورییەی کە ڕۆژئاوا سەرکردایەتی دەکات. ڕاستە ڕووسیا گرفتار بووە بە دەست دەرئەنجامەکانی ئەم سزا سەپێندراوانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مۆسکۆ ئەم سزایانە وەك دەرفەتێك بەکار دەهێنێت بۆ خۆدابڕین و خۆبەدوورگرتن لەو سیستمە ئابوورییە جڵەوەکەی بەدەست ڕۆژئاواوەیە و دەیەوێت لە بری ئەوە ئاوێتەی ڕۆژهەڵات بێت، دەستبەرداری خەونەکانی بێت بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ ڕۆژئاوادا و لە ئێستادا هەوڵی بەدیهێنان و دامەزراندنی هاوبەشییەکی ئیرۆئاسیایی دەدات لەگەڵ وڵاتانی چین و هیندستان و پاکستان و چەند وڵاتێکی عەرەبی و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات. کەواتە لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە سزاکان تەنیا بوونەتە هۆی چڕکردنەوەی هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ڕاڕەوەکانی گواستنەوە و بانك و سیستمی پارەدان و دراوی نارۆژئاوایی.

*** ئەوەی لەم شەڕەدا مایەی سەرنج و هەڵوەستەلەسەرکردنە ناکارایی و بێتوانایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە سنوردارکردن و کۆتاییهێنان بەم شەڕە، بە تێڕوانینی ئێوە هۆکارەکانی ناکارایی ئەم ڕێکخراوە بۆچی دەگەڕێتەوە و بۆچی ئەدای هێندە لاواز بووە لە ئاست هەوڵەکانی بۆ ڕاگرتنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا؟**

- ئەوە ڕاستییەکی ئاشکرایە کە هێزە مەزنەکانی جیهان کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی زۆریان هەیە بەسەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تا ڕاددەیەك ببێتە دامەزراوەیەکی ناکارا بۆ خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی شەڕ و ناکۆکییەکان، بەتایبەتی کە هێزە مەزنەکان لە بەرەی دژ بە یەکتردا بن. هەروەها ئەوەی بووەتە هۆی زیاتر ناکاراکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نایانەوێت هیچ ڕێگاچارەیەکی دیپلۆماسی بگیرێتەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕە. تەنانەت هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە بە دەرفەتێك دەزانن بۆ ئەوەی ڕووسیا تووشی خوێنبەربوونێکی سەربازی و ئابووری بکەن. خۆ ئەگەر هێرشەکەی ڕووسیا سەرکەوتوو بێت و ئۆکرانیا بەرەو داڕووخان بچێت، ئەوا ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست بە هەوڵی دیپلۆماسی بکات و ئەو کاتە ڕێگا دەدەن کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو شێوەیەی کە پێویستە کار بکات.



*** ئەی چۆن لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەكانی ناكارایی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دەڕوانن؟ ئایا پێت وا نییە ببێتە هۆی ئەوەی جیهان كەمتر ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە ببینێت؟ ئایا پێت وا نییە پێویست بە دووبارەداڕشتنەوەی بكرێت، یان دەبێت چاكسازی لەم ڕێكخراوەكەدا بكرێت؟**

- ئاشكرایە كە ناكارایی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دەبێتە هۆی ئەوەی جیهان كەمتر ئاسایش بە خۆیەوە ببینێت. بەڵام دەبێت وریا بین لەوەی چ چاكسازییەك بگیرێتەبەر، یان پیادە بكرێت لەم ڕێكخراوەدا. بۆ نموونە، بە زۆری مشتومڕی ئەوە دەكرێت كە هەبوونی مافی ڤیتۆ بەدەست ئەندامە هەمیشەییەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بووەتە هۆی كەمكردنەوەی كارایی ئەم ڕێكخراوە. هەر چۆنێك بێت، هۆكاری سەرەكیی ناكارابوونی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ڕۆژگاری ئێستادا ئەوەیە كە ئەم دامەزراوەیە خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی هێزێكی مەزن دەكات، چونكە دەسەڵات و دەسترۆیشتوویی‌یەكی زۆری پێ دەدات، بەڵام ئەگەر مافی ڤیتۆ لەم وڵاتە بسەنرێتەوە، ئەوا ئەگەرێكی كەمتر لە ئارادا دەبێت كە وڵاتانی وەك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا داواكارییەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان لەبەرچاو بگرن و بگرە ئەگەری ئەوەش دروست دەبێت كە ئەم ڕێكخراوە لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە. هەرچۆنێك بێت، باشترین چاكسازی ئەوەیە كە گۆڕانكاری لە ئەندامە هەمیشەییەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بكرێت، بە چەشنێك كە ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی دەسەڵات بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لەم ڕووەوە دەكرێت پاڵێوراوە بەهێزەكان وڵاتانی هیندستان و بەڕازیل، یان ئەفریقای باشوور بن.

*** كەواتە لە ئێستادا پێت وایە ڕەوتی شەڕەكە بە چ ئاراستەیەكدا دەڕوات، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بەرەو هەڵكشانی زیاتر بچێت و بە چەشنێكی مەترسی و هەڕەشەی بەكارهێنانی چەكی ناوكی بێتەئاراوە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە دوایین پەرەسەندنەكانی گۆڕەپانی شەڕ لەبەرچاو بگرین؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەكە سەربكێشێت بۆ هەڵكشانی زیاتر و بە ئاراستەی جەنگی ناوكی، ئەویش لەبەر ئەوەی نە ناتۆ و نە ڕووسیا ناتوانن بەرگەی شكست و دۆڕان لە شەڕەكەدا قبووڵ بكەن. چونكە لەلایەك ناتۆ پێی وایە سەركەوتنی ڕووسیا دەبێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە نێودەوڵەتییەكە كە جڵەوەكەی بەدەست ڕۆژئاواوەیە. لەلایەكی دیكەوە ڕووسیا پێی وایە سەركەوتنی ناتۆ دەبێتە هۆی تێكشكان و لە ناوچوونی وڵاتەكەی. كەواتە پێ دەچێت هەردوولا ئامادە بن بۆ بەردەوامیدان بەم شەڕی بە وەكالەتە. كەواتە چەند سیناریۆیەك لە ئارادان بۆ هاتنەئارای جەنگێكی ناوكی، لەبەر ئەوەی شەڕەكە لە كۆنترۆڵی هەردوولا دەرچووە. بۆ نموونە لەم دواییانەدا ئۆكرانیا مووشەكێكی هەڵدایە نێو خاكی پۆڵەنداوە و هەوڵیدا ئۆباڵەكەی بخاتە ئەستۆی ڕووسیا. ئەوە بوو ڕۆژئاوا بانگەشەكەی ئۆكرانیای ڕەت كردەوە، كە ئەگەر وا نەبووایە، ئەوا ئێستا ئێمە لە نێو جەنگێكی ناوكیدا دەبووین.

**هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا داگیركردنی ئۆكرانیا لەلایەن ڕووسیاوە بە دەرفەتێك دەزانن بۆ ئەوەی ڕووسیا تووشی خوێنبەربوونێكی سەربازی و ئابووری بكەن**

**چەند سیناریۆیەك لە ئارادان بۆ هاتنەئارای جەنگێكی ناوكی، لەبەر ئەوەی شەڕەكە لە كۆنترۆڵی هەردوولا دەرچووە**

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر ئارنێ کیسلێنکۆ بۆ گوڵان:

# دەبێت لەبارەی ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناتەقلیدییەوە نیگەران بین

**ئارنێ کیسلێنکۆ پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو لە زانکۆی ڕایرسۆن لە شاری تۆرینتۆ لە کەنەدا، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، مێژووی دیپلۆماسییەتی سەدەکانی نۆزدە و بیست، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و ئاسایشی نەتەوەیی و چەندی بوارێکی دیکە. گوڵان لە میانەی دیدارێکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە و پرسی ئاسایشی وزە لە وڵاتانی ئەورووپا کە کەوتووەتەوە ژێر کاریگەریی ئەم شەڕەوە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیداریش تاوتوێ کران.**

*** گومان هەڵناگرێت کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا جیهانی بە خۆیەوە سەرگەرم و سەرقاڵ کردووە، ئەم شەڕە کاریگەری و دەرهاویشتەی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکێشە جیهانییەکانی پەیوەست بە هێز و ململانێکانەوە هەیە، کەواتە ئەگەر لە ڕوانگەی ڕکابەریی هێزە گەورەکانەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا ئێوە چ لێکدانەوە و شرۆڤەکارییەکتان بۆ ئەم شەڕە هەیە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەوەی لە ئێستادا جیهان پێیدا گوزەر دەکات، هەلومەرج و بارودۆخێکی جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەوەی هاتووەتەئاراوە لە پەیوەندی بە دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕەوە، ئەوا دەکرێت جۆرێك، یان چەشنێکی دیکە لە شەڕی ساردی بزانین. لە هەمان کاتدا و هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە، هەندێ شرۆڤە و لێکدانەوە هەن، ئاماژە بەوە دەکەن، شەڕی سارد بە جۆرێك لە جۆرەکان بەردەوام بووە و پێیان وایە ناکرێت بڵێین بارودۆخی سەروەختی شەڕی سارد کۆتایی هاتووە، تا بڵێین شەڕێکی دیکەی سارد سەریهەڵداوە و هاتۆتەئاراوە. ئەمەش بە تەواوەتی ناڕاست نییە، چونکە ئەگەر ئێمە لە بارودۆخی جیهان بڕوانین ئەوا بەردەوام کێشە و ڕکابەری و ململانێی هێزی نێوان هێزەکان جیهانییەکان کۆتاییان نەهاتووە و بەردەوام بووە. لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیوەندییەکی بێ گرفت و بێ کێشە نەبووە. هەر چۆنێك بێت، من پێم وایە لە بری چڕکردنەوەی بیرکردنەوە و سەرنجەکانمان لەسەر داتاشینی دەستەواژە و

**ئەوەی سەرۆک پوتین هەوڵی بەدیهێنانی دەدات لە بەرانبەر ئۆکرانیادا ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی خەونی ئیمپراتۆری و دیکتاتۆرییە حوکمڕانەکانی پێشووی ڕووسیایە**

> **سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساكان لایەنی باش و كارای ئەوە بوو كە كاردانەوە و هەڵوێستی پێویستیمان بینی لەلایەن زۆرێك لە وڵاتانی كۆمەڵگەی جیهانییەوە سەبارەت بە بەرهەڵستیكردن و بەرەنگاربوونەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا**

> **دەرئەنجامەكانی ئەم شەڕە كاریگەریی نەخوازراوی لەسەر ئاسایشی وزەی وڵاتانی ئەوروپا دروست كردووە، ئەمەش پەرەسەندن و پێشهاتێكە كە ئەم وڵاتانەی ناچار كردووە پێداچوونەوە بە حیساباتی خۆیاندا بكەن لەم ڕووەوە**

> **لەم شەڕەدا پرسی وزە كراوەتە چەك و ئامرازێكی گوشار بۆ ناچاركردنی بەرانبەر بە سازشكردن و گۆڕینی هەڵوێست و بڕیار و سیاسەتەكانی**

زاراوەیەك بۆ ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانە، وا باشترە كار و كۆششەكانمان چڕ بكەینەوە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەرهاویشتە خراپ و نەخوازراوانەی كە لەم شەڕەوە كەوتوونەتەوە. دواتر ئەگەر ئێمە ئەم بارودۆخ و هەلومەرجە لەبەرچاو بگرین، ئەوا ئاشكرایە كە ئەمە پێشهاتێكە و پەیوەستە بە هاوكێشەی هێزەوە لە نێوان هێزە مەزنەكانی جیهاندا. خۆ ئەگەر لە خودی ڕووسیا خۆیشی بڕوانین، ئەوا ڕەنگە ڕەوا بێت بڵێین ئەوەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین هەوڵی بەدیهێنانی دەدات لە بەرانبەر ئۆكرانیادا ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی خەونی ئیمپراتۆری و دیكتاتۆرییە حوكمڕانەكانی پێشووی ڕووسیایە.

*** هەندێ لە شرۆڤەكاران باس لەوە دەكەن كە ئەم شەڕە دەرهاویشتەی شكستی سیستەمە جیهانییەكەیە كە ناسراوە بە «سیستەمی بنیادنراو لەسەر بنەمای ڕێساكان» و پێیان وایە دەكرێت هەر خودی ئەم شەڕەش بەو شێوەیە وەسف بكرێت، كە مایەی لەقكردنی پایە و بنچینەكانی ئەم سیستەمە جیهانییەیە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە كە ئەم سیستەمە جیهانییە (سیستەمی بنیادنراو لەسەر ڕێساكان» تووشی دژواری و تەحەددی بووەتەوە بە هۆی هەڵگیرسانی ئەم شەڕەوە. هەروەها من دەمەوێت لێرەدا ئەوە دووبارە و دوویات بكەمەوە كە پێویستە هەوڵ بدەین و خۆمان بە دوور بگرین لە بەكارهێنانی دەستەواژە و زاراوەكان بە شێوەیەكی هەڕەمەكی و ڕەنگە لەم ڕووەوە هەر هەوڵێك بۆ پێشبینیكردنی هەڵوەشاندنەوە و لەبەریەك هەڵتەكاندنی ئەم سیستەمە بكەین. دواتر ئەگەر ئێمە باس لە خودی دەستەواژەكە بكەین، ئەوا نابێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش بكەین كە ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕێساكانەوە ئەوا ئەم ڕێسایانە زادەی هەلومەرجی ئێستا نین، بەڵكو پێشتریش لە ئارادا بوون، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەمەكانیش گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە.

خاڵێكی دیكە هەیە كە دەبێت ئاماژەی پێ بكەین، ئەویش ئەوەیە كە ئەمە یەكەمجار نییە كە تەحەددی و دژواری بۆ ئەم سیستەمە جیهانییە دروست بێت، تەنانەت هەندێ لە پەرەسەندنەكان بە چەشنێك بوون كە وڵاتانیان ناچار بە گۆڕینی سیاسەت و هەڵوێستەكانیان لە ئاست هەندێ پرس و كێشەدا كردووە. لە هەمان كاتدا دەبێت ئەوەش بڵێین كە هەر شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا بە تەنیا نەبوونەتە هۆی سەرچاوەی تەحەددی بۆ ئەم سیستەمە جیهانییە، بەڵكو لە پاڵ ئەم شەڕەشدا چەندین پرسی دیكە هەن كە بوونەتە هۆی خولقاندنی كێشە بۆ ئەم سیستەمە كە جێی بایەخپێدانی سەرجەم وڵاتانی جیهان بن، وەك كێشە ژینگەییەكان. هەموو ئەمانە بەو مانایە نایەت كە خودی سەرۆكی ڕووسیا و ئەو شەڕەی كە هەڵگیرساندووە، تەحەددی و



مەترسییەكی گەورەیان دروست كردووە لەسەر ئەم سیستەمە. دواتر لە پەیوەندی بە سیستەمی بنیادنراو لەسەر ڕێساكان ئەوا ئاشكرایە كە لایەنی باش و كارای ئەم سیستەمە ئەوە بوو كە كاردانەوە و هەڵوێستی پێویستیمان بینی لەلایەن زۆرێك لە وڵاتانی كۆمەڵگەی جیهانییەوە سەبارەت بە بەرهەڵستیكردن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم شەڕە، هەر لە لێدوانەكانەوە تاوەكو سەپاندنی سزاكان بەسەر وڵاتی ڕووسیا و هاوكاریكردن و یارمەتیدان و پشتیوانییەكانیان بۆ وڵاتی ئۆكرانیا.

*** ئەگەر باس لە كاردانەوەی زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بكەین، لەبارەی ئەم شەڕەوە، بە تایبەتی هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریكراوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕووی سەپاندنی سزای دارایی و ئابووری بەسەر ڕووسیادا، ئەوا ئاشكرایە كە ئەم وڵاتانەش بە تایبەتی وڵاتانی ئەوروپا كێشە و قەیرانی وزەیان بۆ دروست بووە لەم ڕووەوە، ئایا**

**تا چەند ئەم شەڕە وڵاتانی ئەورووپای ناچار کردووە پێداچوونەوە بە حیساباتی خۆیاندا بکەن لە ڕووی ئاسایشی وزەوە؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت، ئەوەیە کە ئەم شەڕە، یان بڵێین دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە کاریگەریی نەخوازراوی لەسەر ئاسایشی وزەی وڵاتانی ئەورووپا دروست کردووە، ئەمەش پەرەسەندن و پێشهاتێکە کە ئەم وڵاتانەی ناچار کردووە پێداچوونەوە بە حیساباتی خۆیاندا بکەن لەم ڕووەوە. ئەوەتا بینیمان کە هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ جۆراجۆرکردنی سەرچاوەکانی بەدەستهێنان و هاوردەکردنی وزە. کەواتە ئەمەش لایەنێکی دیکەی کاریگەریی ئەم شەڕەیە لە پاڵ لێکەوت و دەرئەنجامە سیاسی و جیۆپۆلەتیکییەکانی لەسەر بازاڕی وزە و پرسی هاوردەکردن و هەناردەکردنەوە لە تێکڕای جیهاندا. کە لە ئێستادا ئەم پرسە زیاتر زەق بووەتەوە کە بە هۆی



ئەوەی ئەم کێشەیە لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا کاریگەری و دەرئەنجامی توندتری لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمە کاریگەری پێچەوانە ناکات لەسەر ویست و بڕیاری وڵاتانی ئەورووپا بۆ درێژەدان بە هاوکاری و پاڵپشتییەکانیان بۆ ئۆکرانیا، یان ئەوەتا ئەم وڵاتانە ئامادەن ئەم باجە بدەن و بەرگە بگرن و هەر چۆنێك بێت، درێژە بە هەوڵ و کۆششەکانیان بدەن بۆ پشتیوانیکردن لە ئۆکرانیا؟ بە هەرحاڵ دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لەم شەڕەدا پرسی وزە کراوەتە چەك و ئامرازێکی گوشار بۆ ناچارکردنی بەرانبەر بە سازشکردن و گۆڕینی هەڵوێست و بڕیار و سیاسەتەکانی.

*** ئەگەر لە گۆڕەپانی شەڕەکە، یان لایەنە سەربازییەکەی بڕوانین، ئەوا ڕووسیا تووشی چەندین پاشەکشە کراوە، ئایا پێت وایە ئەمە چ دۆخ و دەرفەتێك دەخولقێنێت؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئەمە زەمینەی هاتنەئارای گفتوگۆ دەڕەخسێنێت، یان بە پێچەوانەوە ڕووسیا پەنا بۆ هەڵکشانی زیاتری بارودۆخەکە دەبات و مەترسیی بەکارهێنانی چەکی ناتەقلیدی دروست دەبێت؟**

- ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی چەندین بەهەڵەداچوونی ڕووسیا و خودی سەرۆکی ئەو وڵاتە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا دەبێت نیگەران بین، نیگەران بین لەو ڕووەوە کە ناتوانین ئەگەری پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکە ناتەقلیدییەکان نادیدە بگرین، ئەو ترسەش لە جێی خۆیدایە کە پێی وایە ڕەنگە لە ئەنجامی ئەوەی سەرۆك پوتین وەك کەسێك وایە کە دەرفەتێکی لەبەردەمدا نەمابێتەوە، ئەوا لە ئەنجامی هەڵچوونەوە جۆرێك لە کاردانەوە بنوێنێت.

**ئەو ترسە لە جێی خۆیدایە کە پێی وایە لە ئەنجامی ئەوەی سەرۆک پوتین وەک کەسێک وایە کە دەرفەتێکی لەبەردەمدا نەمابێتەوە، رەنگە لە ئەنجامی هەڵچوونەوە جۆرێک لە کاردانەوە بنوێنێت**

# تۆتالیتاریزم

## تێکدانی سرووشتی مرۆڤایەتی و داماڵینی مرۆڤایەتیی ئادەمیزادە

**«دوای تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی کتێبە بەناوبانگەکەی هانا ئارندت (بنچینەکانی تۆتالیتاریزم–١٩٥١) تا ئێستاش دەنگدانەوەی هەیە».**

**(١)**


ژنە فەیلەسووفی ئەمریکی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی (هانا ئارنـدت) لە ساڵی ١٩٥١دا کتێبێکی گرانبەهای خۆی لە بواری فەلسەفەی سیاسی بە ناونیشانی «بنچینەکانی تۆتالیتاریزم -The Origins of Totalitarianism» بڵاو کردەوە، دەبێت بە ویژدانەوە بگوترێت کە ئەم کتێبە زاراوەی «تۆتالیتاریزم»ی میللی هێنایە کایەوە کە پێشتر نەیبوو.

لە ماوەی سێ دەیەی یەکەمی مێژووی تۆتالیتاریزمدا لە ئەوروپا، تۆتالیتاریزم چەمکێکی ئامادە نەبوو لە هزری زانایانی سیاسەت و مێژوونووسانی ئەمریکا، بەڵکو لە زانکۆکانی ئەمریکا بەرهەڵستییەکی توند هەبوو لە هەمبەر هەر بەکارهێنانێکی تۆتالیتاریزم کە سۆڤییەت و نازییەکان و دەوڵەتەکانیان بگرێتەوە.

بەڵام کاتێك پەناخوازانی ئەکادیمی لە کۆتایی سییەکاندا گەیشتنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە دەتوانین ناوی هەندێکیان بڵێین، لەوانە: ئەلبێرت سالۆمۆن، پیتەر دراکەر، کارل فریدریك، هانا ئارنـدت، بۆیە لە کۆتایی سییەکاندا بەرە بەرە نووسین و موحازەراتی ئەوانە سەبارەت بە سرووشتی تۆتالیتاریزم بە ئاشکرا دەرکەوتن.

پرۆفیسۆری ئەمریکی بە ڕەچەڵەك نەمسایی پیتەر دراکەر (١٩٠٥- ٢٠١١) لە ساڵی ١٩٣٩ کتێبێکی گرانبەهای چاپ کرد و بۆ یەکەم جار زاراوەی تۆتالیتاریزمی بەکارهێنا، کتێبەکەش بەم ناوە بوو: کۆتایی پیاوە ئابوورییەکە: بنچینەکانی تۆتالیتاریزم «The End of Economic Man: The Origins of Totalitarianism»

بریتییە لە شیکردنەوەیەکی بەرچاوی لێکدانەوەی سەردەمی ئەڵمانیای نازی، کە دراکەر باس لە فاشیزم و نازیزم دەکات و لێکدانەوەیان بۆ دەکات، بەو پێیەی دوو شۆڕشی بنەڕەتین، ئەو زیاتر جەختی لەسەر ڕووداوێکی دیاریکراوی مێژوویی دەکاتەوە: هەرەسهێنانی پەیکەربەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوروپا، کە بووە هۆی پەرەسەندنی ئەو پەڕی




ستەمکاریی نازیزم بۆ دەستگرتن بەسەر ئەورووپادا.ناوبراو مەینەتیی ئەورووپای بەوە لێکدایەوە کە بریتییە لە لەدەستدانی بڕوابوونی سیاسی، کە لە ئەنجامی نامۆبوونی سیاسیی جەماوەری ئەورووپاوە هاتووەتە ئاراوە، کتێبی «کۆتایی پیاوە ئابوورییەکە» گرنگییەکی زۆری کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە تەنیا ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە دەتوانێت یارمەتیی نەوەی بە تەمەن گەورە بدات، کە لە کارەساتی نازیزم دوور بکەونەوە، بەڵام دیسان یارمەتیی ئەوە دەدات، چۆن نەوەی ئەمڕۆ نەهێڵن کارەساتێکی لەم شێوەیە ڕووبدات.

هەروەها دەکرێ لێرەدا ئاماژە بۆ کتێبی
Lederer، Emil، State of the masses; the threat of the classless society، New York، W. W. Norton & company، 1940

ئیمیل لیدەر(١٨٨٢-١٩٣٩) بکرێت کە لەم کتێبەدا شرۆڤەی نازیزم دەکات لە ئەڵمانیا لە ڕووی گۆڕینی چینە نەریتییەکان بۆ جەماوەرێکی بێ شێوە و نەرێنی و بێ دەسەڵات.

لە نێو ئەو هەموو کتێبانەی کە باسیان لەم بابەتە کردووە، بە دڵنیاییەوە کتێبی (بنچینەکانی تۆتالیتاریزم)ی ئارندت زیاتر دەرکی پێ کراوە و بەرچاوڕوونی هەبووە. ناوبراو لەبەر ئەوەی پەیوەندیی بوێرانەی بە ئەڵمانیای نازیزم و یەکێتیی سۆڤییەتەوە هەبوو، وەك دیمەنێکی یەکسانی عەقڵ و جووڵە و دەوڵەتی تۆتالیتاری کە ئەو کاتە باو نەبوو، لەوەتەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، زۆربەی بیرمەندان پێیان وابوو کە یەکێتیی سۆڤییەت و ئەڵمانیای نازیزم جیاوازییان نییە، بەڵکو بە تەواوی هاودژن، زۆریش دەگوترا کە سۆشیالیزمی ناسیۆنالیستی (نازیزم) ناتوانێت ببێتە هاوشێوەی یەکێتیی سۆڤییەت، چونکە دواقۆناغی گەندەڵیی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بوو، لە کاتێکدا ناتوانرێت سەیری سۆشیالیزمی یەکێتیی سۆڤییەت بکرێت، بەوەی کە پاڵنەری نوێخوازیی سۆشیالیزم و خولقاندنی عەقڵانییەتە، هەروەها لە جۆری ناعەقڵانییەت نییە کە نازیزمی لەسەر بنیادنراوە.

لەنێو ئەو کەشوهەوا هزرییەدا کتێبی بنچینەکانی تۆتالیتاریزم بڵاو کرایەوە، ئەم کتێبە بە شێوەیەکی خێرا ئاستێکی کاریگەری لێ کەوتەوە کە پێشتر بەم شێوەیە ڕووی نەداوە.

لە ساڵی ١٩٧٢، فورین ئەفێرز Fireign Affairs کە گۆڤارێکی بەناوبانگە لە بیبلۆگرافیای پەنجا ساڵەیدا ڕایگەیاندبوو کە کتێبەکەی ئارندت زیاتر بەرچاو ڕووشنکەر و زیندووە، لە هەموو ئەو بابەتانەی تا ئێستا سەبارەت بە تۆتالیتاریزم نووسراون کاریگەریی زیاترە و تا ئەم چرکەساتەش ئەم کاریگەرییەش هەر بەردەوامە.

ئەو ژیاننامەیەی کە ئێلیزابیس لیۆنگ برۆیل (١٩٤٦-٢٠١١) سەبارەت بە ئارندت لە کتێبەکەیدا: «ئارندت لەپێناو خۆشەویستیی جیهان» (١٩٨٢) پێشکەشی کرد،

Elisabeth Young-Bruehl، Hannah Arendt: For Love of the World (Yale University Press 1982، Second Edition Yale University Press، 2004

دوای گەیشتنی بۆ ئەمریکا وەك پەناخوازێك لە ساڵی ١٩٤١، کاریگەرییەکی زۆر ئاشکرای لەبارەی عەقڵێکی زیندوو هێنایە کایەوە کە بە دوای بابەتی کتێبێکدا دەگەڕێت، کە بڕیار بوو ببێتە کتێبێك لە عەقڵی خۆی و کەسانی دیکەدا و هۆکارەکانی قەیرانی جیهانی لە نیوەی سەدەی بیستەمدا ڕوون بکاتەوە، قەیرانێك بوو کە لەو باوەڕەدا بوو، تێی ناگات و تا ڕادەیەکی زۆریش پەیوەستە بە هەژموون بەسەر ئەڵمانیای نازیزم و بەشێکی زۆری ئەورووپا و سەپاندنی پرەنسیپەکانی نازیزم بەسەر عەقڵی ئەورووپیدا، ڕەنگە لە کاتێکی گونجاویشدا بەسەر عەقڵی هەموو جیهاندا بیسەپێنێت.

بە قسەی یۆنگ برۆیل، ئارندت دەستی کردووە بە نووسینی ڕەشنووسی کتێبێك لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٤، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر گەیشتنی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بنەڕەتدا هەر وەك دیارە، ئارندت نازیزمی وەك پەیامێك وێنا دەکرد، بەڵام لە قۆناغێکی دیکەدا زیاتر ڕووی لە بابەتی تۆتالیتاریزم کرد. سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە گۆڕانکارییەکی هەڵسەنگاندن بوو لە چەمکەکە، لەبەر ئەوەی گرنگییەکی زۆری هەیە لە چارەسەرکردنی ژێرخانی تۆتالیتاریزم.

**(٢)**

**بنچینەکانی تۆتالیتاریزم**

کاتێك هانا ئارندت کتێبی «بنچینەکانی تۆتالیتاریزم»ی لە ساڵی ١٩٥١ بڵاو کردەوە، جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی هاتبوو، ئارندت ویستی هەستێك بە واقیعی ستەمێکی زۆر بە خوێنەرانی ببەخشێت کە بە شێوەیەکی ترسناك و تازەی تەواوی شێوازەکانی حوکمڕانی سەری هەڵدابوو. ئەو ڕێکخستنی بزووتنەوە تۆتالیتاریزمەکانی دۆزییەوە، پەیکەربەندیی نازیزم و ستالینیزمی لە دەسەڵات شرۆڤە کرد، لە بانگەشەی دوو لایەنەی ئەو ڕژێمانەی تایبەت بە هەژموونی تەواو و حوکمڕانیی جیهانی کۆڵییەوە، دیارە تەرکیزی ئەو خاتوونە بە شێوەی بنەڕەتی لەسەر نازیزم بوو. نەك لەبەر ئەوەی کە زۆرینەی زانیاریی پەیوەست بە نازیزم ئەو کاتەی بەردەست بوو، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی ئارندت زیاتر ئاگاداری ئەڵمانیا بوو، دواجار لەوێ زیاتر لە ڕووسیا شارەزای بنچینەکانی تۆتالیتاریزم بوو. دەیزانی کە ئەم بنچینانە جیاوازیی جەوهەرییان لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە.

کاتێك هانا ئارندت کتێبی «بنچینەکانی تۆتالیتاریزم»ی لە ساڵی ١٩٥١ بڵاو کردەوە، ئارندت خۆی وەك توێژەرێکی دیار لە قەیرانی سیاسیی سەردەمی خۆی پیشان دا، سەرەڕای ئەوەی کە کتێبەکە ناوبانگی هەبوو، بەڵام زەحمەتە لە بۆچوون و مەیلی ئەو خاتوونە تێ بگەین، یەکێك لەو هۆیانە ئەوەیە کە کتێبەکە سەر بە هیچ جۆرێکی ئەکادیمیی جێگیر نەبوو، دواجار پێشبینییەکانی خوێنەر دەشێوێنێت، هەروەك پرۆفیسۆر سەیلا بن حەبیب Seyla Benhabib دەڵێت، ئەمە تەماحێکە بە شێوەی بەرنامەسازی و لە لێکدانەوەشیدا درێژدادڕی تێدایە، تاکو ببێتە گێڕانەوەیەکی مێژوویی، بەڵام خۆی چیرۆکئامێز و گێڕانەوە و ئایدیۆگرافییە، ناکرێت وەك زانستێکی کۆمەڵایەتی هەژمار بکرێت، هەرچەندە سیمای زیندوو و چێژێکی شێوەسازی هەیە بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی سیاسی، بەڵام تا ڕادەیەك فەلسەفییە، بە شێوەیەك کە جەماوەر ناتوانێت پەی پێ ببات. ئارندت دادانی بەوەدا ناوە کە تا

**دەگوترا کە سۆشیالیزمی ناسیۆنالیستی (نازیزم) ناتوانێت ببێتە هاوشێوەی یەکێتیی سۆڤییەت، چونکە دواقۆناغی گەندەڵیی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بوو**

**دەوڵەمەندیی شێوازی بنچینەکانی تۆتالیتاریزم لەوەدایە کە تێکەڵەیەکە لەگەڵ فراوانیی ئاگادار بوون و خەیاڵدا، کە لە هیچ شوێنێکدا لەوە زیاتر دەرناکەوێت کە چەند نموونەیەکی تایبەتن و ئارندت لەو ڕێیەوە ڕۆشنایی خستووەتە سەر تۆتالیتاریزم**

**ئارندت لە کتێبەکەیدا (بنچینەکانی تۆتالیتاریزم)، تەنیا یەک توخمی تۆتالیتاریزم دەستنیشان ناکات، بەڵکو جەخت لەوە دەکاتەوە کە توخمە سەرەکییەکانی بریتین لە (هەرەسهێنانی دەوڵەتی نیشتمانی، هاوپەیمانیی نێوان سەرمایە و بێ سەروبەری، ڕەگەزپەرستی)**

رادده‌یه‌ك ڕێبازێكی نائاسایی به‌كارهێناوه‌، له‌و وه‌ڵامدانه‌وه‌یه‌ی كه‌ بۆ پێداچوونه‌وه‌ی ڕه‌خنه‌یی ئێریك فۆگلین Eric Voegelin نووسیبووی، كه‌ تێیدا ڕوونی كردبووه‌وه‌ به‌ نووسین ده‌رباره‌ی تۆتالیتاریزم ڕووبه‌ڕووی ئاسته‌نگ بووه‌ته‌وه‌، چونكه‌ له‌ جه‌وهه‌ری زانستی مێژوودا كه‌ ده‌بێت كارێك بێت بۆ پاراستن، هه‌روه‌ها ڕابردوو له‌ لەبیرچوونه‌وه‌ ڕزگار بكات.

ئارندت نووسیویه‌تی كه‌ كێشه‌ی ئه‌و ئه‌وه‌ بووه‌، چۆن له‌ ڕووی مێژووه‌وه‌ شتێك له‌ باره‌ی تۆتالیتاریزم بنووسێت كه‌ حه‌زی له‌ پاراستنی نه‌بووه‌، به‌ڵام به‌پێچه‌وانه‌وه‌ هه‌ستی كردووه‌ كه‌ پابه‌نده‌ به‌ تێكدانی تۆتالیتاریزم.

ئاڵۆزیی زۆری بنچینه‌كانی تۆتالیتاریزم له‌ تێكه‌ڵبوونی تێگه‌یشتنه‌وه‌ سه‌رهه‌ڵده‌دات له‌ چه‌مكی تۆتالیتاریزم، له‌گه‌ڵ وه‌سفكردنی سه‌رهه‌ڵدان و به‌رجه‌سته‌كردنی له‌ نێو نازیزم و ستالینیزمدا. ده‌كرێت به‌ شێوه‌یه‌كی فراوان ڕۆشنایی بخرێته‌ سه‌ر ئامانجه‌كانی ئه‌و چه‌مكانه‌ی ئارندت له‌و پلانه‌دا كه‌ بۆ شه‌ش موحازه‌ره‌ ده‌رباره‌ی سرووشتی تۆتالیتاریزم ئاماده‌ی كردبوون، كه‌ له‌ قوتابخانه‌یه‌كی تازه‌ی توێژینه‌وه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌ مارس و نیسانی ساڵی ١٩٥٣ پێشكه‌شی كرد.

موحازه‌ری یه‌كه‌م، باس له‌ سه‌رهه‌ڵدانی تۆتالیتاریزم ده‌كات له‌ (گوته‌ی نه‌ریتییفیكرو پێوه‌ره‌كانی حوكمڕانی)، دواتر ئه‌و هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ڕوونی كردووه‌ته‌وه‌ كه‌ تێگه‌یشتن له‌ تۆتالیتاریزم به‌ ته‌واوی زه‌حمه‌ته‌.

موحازه‌ری دووه‌م، باس له‌ جۆره‌كانی حوكمه‌ت ده‌كات وه‌ك ئه‌وه‌ی كه‌ یه‌كه‌م جار ئه‌فلاتۆن دایڕشتووه‌، دواتر و دوای چه‌ندین سه‌ده‌ مۆنتسكیۆ هه‌موو جۆری پره‌نسیپه‌كانی كاری حوكمه‌ت و ئه‌زموونی مرۆڤایه‌تی دۆزییه‌وه‌ كه‌ ئه‌و پره‌نسیپه‌ له‌خۆ ده‌گرێت.

موحازه‌ری سێیه‌م، باس له‌ سێ جیاوازیی گرنگ ده‌كات:

یه‌كه‌م/ له‌ نێوان حوكمه‌ته‌كانی یاسا و ده‌سه‌ڵاتی سته‌مكار.

دووه‌م/ له‌ نێوان چه‌مكی نه‌ریتیی ئه‌و یاسایانه‌ی كه‌ مرۆڤ دایهێناون و نێوان چه‌مكی تازه‌ی تۆتالیتاریزم بۆ ئه‌و یاسایانه‌ی كه‌ حوكمی په‌رسه‌ندنی سرووشت و ئاراسته‌ی جووڵه‌ی مێژوو ده‌كات.

سێیه‌م/ له‌ نێوان (سه‌رچاوه‌ نه‌ریتییه‌كانی ده‌سه‌ڵات) كه‌ كار ده‌كات بۆ سه‌قامگیریی دامه‌زراوه‌ یاساییه‌كان، دواجار له‌خۆگرتنی كاری مرۆڤایه‌تی و له‌ نێوان یاساكانی بزووتنه‌وه‌ی تۆتالیتاریزم كه‌ ئه‌ركه‌كه‌ی به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌وه‌ بریتییه‌ له‌ سه‌قامگیریی ئاده‌میزاد به‌ شێوه‌یه‌ك ده‌كرێ پێشتر ڕێڕه‌وه‌ دیاریكراوه‌كانی سرووشت و مێژوو به‌ ئازادی پێیدا تێپه‌ڕ ببن.

موحازه‌ره‌ی چواره‌م/ گۆڕینی تۆتالیتاریزمی سیسته‌می بڕوای ئایدیۆلۆجی بۆ پره‌نسیپی ده‌ستكه‌وتنی ئه‌نجامی كاركردن.

له‌ موحازه‌ره‌ی پێنجه‌م/ ئه‌زموونی بنه‌ڕه‌تیی یه‌كێتیی مرۆیی له‌ تۆتالتاریزمدا ڕووبه‌ڕووی ئه‌زموونی بێتوانایی له‌ سته‌مكاری و جیاكرنه‌وه‌ی له‌ ئه‌زموونی گۆشه‌گیری كردووه‌، كه‌ ئه‌مه‌ بۆ چالاكیی داهێنان و بیركردنه‌وه‌ پێویسته‌، به‌ڵام دیارده‌ی به‌رچاو بریتین له‌ دیارده‌گه‌لێكی په‌راوێزئامێزی ژیانی سیاسی.

له‌ دواموحازه‌ره‌دا/ ئارندت واقیعی سیاسیی ئازادیی خۆی له‌ فیكره‌ فه‌لسه‌فییه‌كه‌ی و ماتریالیزمی ڕه‌گ داكوتراوی نێو فیكری سیاسیی ڕۆژئاوا جیا كردووه‌ته‌وه‌.

سه‌رباری ئه‌وه‌ی كه‌ كارێكی ئاڵۆزه‌، ده‌وڵه‌مه‌ندیی شێوازی بنچینه‌كانی تۆتالیتاریزم له‌وه‌دایه‌ كه‌ تێكه‌ڵه‌یه‌كه‌ له‌گه‌ڵ فراوانیی ئاگادار بوون و خه‌یاڵدا، كه‌ له‌ هیچ شوێنێكدا له‌وه‌ زیاتر ده‌رناكه‌وێت كه‌ چه‌ند نموونه‌یه‌كی تایبه‌تن و ئارندت له‌و ڕێیه‌وه‌ ڕۆشنایی خستووه‌ته‌ سه‌ر تۆتالیتاریزم.

ئارندت له‌ كتێبه‌كه‌یدا (بنچینه‌كانی تۆتالیتاریزم)، ته‌نیا یه‌ك توخمی تۆتالیتاریزم ده‌ستنیشان ناكات، به‌ڵكو جه‌خت له‌وه‌ ده‌كاته‌وه‌ كه‌ توخمه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی بریتین له‌ (هه‌ره‌سهێنانی ده‌وڵه‌تی نیشتمانی، هاوپه‌یمانیی نێوان سه‌رمایه‌ و بێ سه‌روبه‌ری، ڕه‌گه‌زپه‌رستی) و ئه‌م توخمانه‌ له‌و بزووتنه‌وانه‌دا گه‌ڵاڵه‌ بوون كه‌ ڕژێمه‌ تۆتالیتارییه‌كانیان لێ به‌رهه‌م هاتوون.

ئارندت له‌ میانی توێژینه‌وه‌كانیدا هیچ توێژینه‌وه‌یه‌كی مێژوویی پێشكه‌ش نه‌كردووه‌، به‌ڵكو توێژینه‌وه‌ی ئه‌و بۆ تۆتالیتاریزم

**به‌ گوته‌ی ئارندت گرنگیی بێزاركه‌ری ڕژێمه‌ تۆتالیتارییه‌كان له‌وه‌دایه‌ كه‌ ناتوانرێت له‌م سه‌رده‌مه‌ی ئێمه‌دا له‌ كێشه‌ ڕاسته‌قینه‌كان تێ بگه‌ین، بێ ئه‌وه‌ی دان به‌وه‌دا بنێین كه‌ تۆتالیتاریزم ته‌نیا بووه‌ته‌ نه‌فره‌تی ئه‌م سه‌ده‌یه‌، چونكه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی ترسناك بایه‌خی به‌ كێشه‌كانی سه‌ده‌ داوه‌**

**ئارندت بانگه‌شه‌ی ئه‌وه‌ ده‌كات كه‌ بزووتنه‌وه‌ تۆتالیتارییه‌كان سه‌ركه‌وتنیان به‌ ده‌ست هێناوه‌، چونكه‌ توانیویانه‌ ئه‌و هه‌سته‌ به‌ بوونی شوێنێك له‌ جیهان لای خه‌ڵكی بێكه‌س و لێقه‌وماو بێننه‌ ئاراوه‌**

**جیهانی وه‌همیی نازیزم به‌ درۆیان پاڵپشت كرابوو، هه‌روه‌ها له‌سه‌ر بنه‌مای وه‌همی ئایدیۆلۆجیی ڕه‌گه‌زپه‌رستی، به‌ڵام دامه‌زراوه‌ی نازیزم خه‌یاڵ نه‌بوو**

**زۆر لە نووسەران پێناسەی تۆتالیتاریزمیان بەوە کردووە کە شێوەیەکی دڕندە و دڵڕەقە، هەروەها بە هۆی تەکنەلۆجیای تازەوە شێوەیەکی بەهێزە لە ستەمکاریی سیاسی کە تەماعکارییەکی بێ سنووری هەیە بۆ داگیرکردنی جیهان**

**سەرنجی ئەوە دراوە کە شێوازەکانی تۆتالیتاریزم ڕاکێشانێکی بەردەوامی دەستەبژێری لۆکاڵی و فەرماندەکانی جەنگ و یاخیبووان پەیڕەو دەکەن**

**پرۆسەکانی مێژوو هۆکاری تۆتالیتاریزم نەبوون، بەڵکو بوونە هۆی ئەوەی کە بێتە ئاراوە، بۆیە دووبارە دەبنەوە و کەڵەکە دەبن و دەبنە بارگرانیی لەسەر ئەم سەردەمەمان**

توێژینەوەی سیاسی بووە، هەروەها دەکرێ توخمەکانی تۆتالیتاریزم لە گەڕاندنەوەی مێژوو و شیکردنەوەی لێکەوتە سیاسییەکانی (قەیرانی سەدە)دا بدۆزرێتەوە.

هەر بە گوتەی ئارندت گرنگیی بێزارکەری ڕژێمە تۆتالیتارییەکان لەوەدایە کە ناتوانرێت لەم سەردەمەی ئێمەدا لە کێشە ڕاستەقینەکان تێ بگەین، بێ ئەوەی ددان بەوەدا بنێین کە تۆتالیتاریزم تەنیا بووەتە نەفرەتی ئەم سەدەیە، چونکە بە شێوەیەکی ترسناك بایەخی بە کێشەکانی سەدە داوە.


بنچینەکانی تۆتالیتاریزم لێکدانەوەیەکی سەیری ڕەوتە تازەکانی فیکریی ئەورووپا و ڕووداوە سیاسییەکان دەخاتە ڕوو، کە تائێستا زەحمەتە بە تەواوی تێی بگەین.

زۆربەی بەشەکانی کتێبی (بنچینەکانی تۆتالیتاریزم) بۆ شرۆڤەکردنی چالاکیی بزووتنەوە تۆتالیتاری و ڕەگەزپەرستی و بێ سەروبەرەکان تەرخان کراوە. ئەم کتێبە بێ متمانەیی ئارندت پیشان دەدات لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە خەڵکێکی زۆر ئەوانەی سیاسەت دەکەن، هەستیان پێ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ریچارد بیرنشتاین Richard Bernstein ڕاست دەکات کە دەڵێت: کێشەیەك هەیە ئارندت بە پۆپۆلیزم Populism وەسفی کردووە، کە زۆرجار وا دەردەکەوێت ئارندت هاوسۆزە لەگەڵ کاری سیاسیی نافەرمیدا، بەڵام ئەو هەڵکشانی نازیزم و شیوعییەتی لە ئەورووپا بە چاوی خۆی بینیوە کە هۆکارێکی ماقووڵ بوو بۆ ئەوەی بزانرێت کە مەرج نییە ئامادەسازیی نافەرمی و بەهێز مایەی خۆشحاڵی بێت.

بەشی تایبەت بە جەماوەر لە کتێبی (بنچینەکانی تۆتالیتاریزم) ئاماژە بە ئەزموونە کارەساتبارەکانی ئەڵمانیا و ڕووسیا دەکات دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بۆیە ئارندت جەختێکی تایبەت لە هەرەسهێنانی پەیکەربەندیی چینایەتی دەکاتەوە، کە پێشتر وا دیار بوو تاکە سیمایەکی پتەوی کۆمەڵگەیەك بووە، کە دامەزراوە سەقامگیرەکانیان لەلایەن سەرمایەدارییەوە هەڵوەشێنراونەتەوە.

ئارندت بانگەشەی ئەوە دەکات کە بزووتنەوە تۆتالیتارییەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە، چونکە توانیویانە ئەو هەستە بە بوونی شوێنێك لە جیهان لای خەڵکی بێکەس و لێقەوماو بێننە ئاراوە، ئەم بزووتنەوانە جیهانێکی جێگرەوەیان پێشکەش کرد بە پشتبەستن بە هەندێ سەربردەی وەك بیرۆکەی ئاری، ئایدیۆلۆجییەتی تۆتالیتاریزم لێکدانەوەیەکی جێگیریان بۆ ئەو ڕووداوانە خستە ڕوو کە تاکەکانی کۆمەڵگەیان بە لاڕێدا برد. بەڵام ئارندت دووپاتی دەکاتەوە کە خەڵکی ئەڵمانیا زۆر زیاتر لە بیروباوەڕێکیان لە نازیزمدا دۆزییەوە، ئەوان لێکچوونێکیان لەگەڵ ئەو جیهانەدا دۆزییەوە کە دەتوانن تێیدا بژین. نازییەکان بەو شێوەیە بزووتنەوەکەیان ڕێکخست وەك بڵێی بیروباوەڕەکەیان ڕاست و دروست بێت، سەرتاپای لەسەر خەیاڵ بنیادنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لە سەقامگیرییەکی شلۆقی تێدایە بە جیهانێکی خەیاڵاوی کە بۆ ڕکابەریی کەسی ڕاستەقینە دەست دەدات، ڕەنگە ئەو خەڵکەی ئەڵمانیا کە دەنگیان بۆ هیتلەر دابوو، شیرازەی کۆمەڵایەتییان لە دەست دابێت، بەڵام تا ئێستا پابەند بوون بە فێڵی مرۆیی a human artifice کە تا ڕادەیەك دروست بووە، جیهانی وەهمیی نازیزم بە درۆیان پاڵپشت کرابوو، هەروەها لەسەر بنەمای وەهمی ئایدیۆلۆجیی ڕەگەزپەرستی، بەڵام دامەزراوەی نازیزم خەیاڵ نەبوو، خودی ئارندت ئەمە دەڵێت، تۆتالیتاریزم لە دەسەڵاتدا جیهانێکی وەهمی بە واقیعێکی کردارەکی و دیار بۆ ژیانی ڕۆژانە دێنێتە ئاراوە، سەرباری ئەمەش، دیارە ئامادەیە بۆ دداننان بەوەی کە جیهانی وەهمیی بزووتنەوەی تۆتالیتاریزم ئەو توانایەی هەیە کە ببێتە جیهانێکی ڕاستەقینە، ئێمە هەندێ جار لانی کەم هەست بەوە دەکەین کە دەزانین ئێمە لە کوێ لەگەڵیداین لە حیسابی جیهانی وەهمیی بزووتنەوەی تۆتالیتاریزم هەر وەك دیارە ئاماژەیە بۆ درۆی بەبەرنامەکراو سەبارەت بە شتە واقیعییەکان،

(جیهانی وەهمی)ی نازیزم بە درۆ پاڵپشتی لێ کراوە، بزووتنەوە تۆتالیتارییەکانیش بۆ شۆڕشێکی هەمیشەیی تەرخان کراون. ئارندت بە (باندە ئاسنینەکەی تیرۆر - the iron band of terror) ناوی دەبات، ناکرێ ببێتە گەلێکی




هەمە لایەنە لە دەوری (جیهانێکی هاوبەش) کۆببێتەوە، بەڵام وا دیارە ئەمە هێزی تۆتالیتاریزمە و خەیاڵی ئایدیۆلۆجیا نییە کە ڕێگرە لە بەردەم هێنانەکایەی جیهانێکی مرۆیی و کەسانی ڕاستەقینەدا.

هەروەها ئارندت دەشڵێت کە ڕەنگە نازیزم بە ڕێگایەکی تازە بۆ ژیان سەقامگیر بێت، هەروەها دەکرێ لە کۆتاییدا زۆر بە شێوەیەکی قووڵ شوێنی نێوان ڕێگا جیاوازەکانی ژیان و دژبەرەکان لە جیهاندا بگرێتەوە.

ئارندت تۆتالیتاریزمی خستە سەر لیستی جۆرەکانی حکومەت و سیمای جیاکەرەوەیشی ستەمکاری بوو، ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکمڕانی کە جەماوەری زیاد لە پێویست پاڵپشتی دەکات، ئەو جەماوەرەی کە بۆ واقیعێکی تازە تێکۆشا کە لە شوێنە گشتییەکاندا ددانی پێدا دەنرێت: ئەویش دەرکەوتنە لە جیهان هەر وەك چۆن ئارندت بە خراپەی ڕادیکالیی ڕەها وەسفی کردووە.

زۆر لە نووسەران پێناسەی تۆتالیتاریزمیان بەوە کردووە کە شێوەیەکی دڕەندە و دڵڕەقە، هەروەها بە هۆی تەکنەلۆجیای تازەوە شێوەیەکی بەهێزە لە ستەمکاریی سیاسی کە تەماعکارییەکی بێ سنووری هەیە بۆ داگیرکردنی جیهان، دیسان بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەیەك کە سەرچاوەکەی ئایدیۆلۆجیەتە لە ڕێی هۆیەکانی میدیای جەماوەردا، بە شێوەیەك کە تۆتالیتاریزم پشت بە پاڵپشتیی جەماوەر دەبەستێت، ئەو هەموو ئەوانە تێك دەشکێنێت کە ڕێی لێ دەگرن، ئەویش لە ڕێی تیرۆرەوە و دەست دەکات بە بنیاتدنانەوەی سەرلەنوێ و تەواوی کۆمەڵگە.

ئەم ئامانجەش پێویستی بەوە هەیە کە حکومەت بە تەواوی لە ڕێی یەك حزبەوە دەسەڵاتی هەبێت و قوربانییەکی زۆری مرۆییش بدرێت، هاوکات نەهێشتنی ئازادیی هەڵبژاردن و تاکرەوی، بە سیاسەتکردنی بواری تایبەت، لەوانەش بواری خێزان، هەروەها نکۆڵیکردن لە هەر بیرۆکەیەك سەبارەت بە جیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤ. لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا کە ئازادیی سیاسی و کۆمەڵگە کراوەکان بە کردەیی نەناسراون، یان تاقی نەکراونەتەوە، سەرنجی ئەوە دراوە کە شێوازەکانی تۆتالیتاریزم ڕاکێشانێکی بەردەوامی دەستەبژێری لۆکاڵی و فەرماندەکانی جەنگ و یاخیبووان پەیڕەو دەکەن. دیاردە ناسراوەکانیش وەك: شۆردنەوەی مێشك، کێڵگەکانی کوشتن، پاکتاوی ئیتنی، گۆڕە بەکۆمەڵەکان، جینۆساید، کە گوزارشت

**ئارندت لە کتێبەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی گرنگە خۆبەدەستەوەدان بۆ نائومێدی نییە لە ڕابردوودا، یان هیوایەکی یوتۆپیایی لە ئایندەدا، بەڵام مانەوەی تەواوە لە ئێستادا**

**ستەمکاری شێوەیەکە لە شێوەکانی حکومەت (بە پێچەوانەی کۆمار، یان پاشانشینە دەستوورییەکان) خۆی دەخواتەوە، تۆوی وێرانکاری لە نێو خودی خۆیدا دەچێنێت، بۆیە بێتوانایی بنەڕەتیی هەر دەوڵەتێک کە ستەمکارێک حوکمڕانیی بکات، هەرچەند گڵپەدار و سەرنجڕاکێش بێت، بە چاوپۆشی لە دڵڕەقی و مەینەتی کە ڕووبەڕووی گەلەکەی دەکاتەوە، دەبینین کە هیچ مەترسییەکی وێرانکاری بۆ سەر جیهان نابێت**

**ئازادیی سەرتاسەریی کۆمەڵگە، تایبەت، یان گشتی، تەنیا وەهمێکە، بەم شێوەیە نابێتە سەرچاوەی ترس ئەگەر خودی ستەمکاری سەرهەڵبدات، نەک وەک سۆزدارێک بەڵکو وەک پرەنسیپێکی کاری زۆرداران و کارنەکردنی خەڵک. لە کاتێکدا ستەمکاری کە دەبێتە هۆی ئەوەی حوکمڕان و حوکمکراوان دژی یەک بەکاربهێنرێت، لە کۆتاییدا بێ توانا دەبێت**

لە ملیۆنان قوربانی دەکەن، ئەو قوربانییانەی دەرئەنجامی کۆمەڵێکی هەمەچەشنی هۆز و نەتەوە و ئیتن و ئایین و بارودۆخی ئابوورین.

تێگەیشتن لەم دیاردەیە ئەو کاتە پێویستە کە حوکم لەسەر تۆتالیتاریزم دەدرێت، نەك لە میانی پۆلێنکردنی تۆتالیتاریزم لە چوارچێوەی تویژگەلێکی ڕەوشت، یان یاسا، یان سیاسەتی نەریتی، بەڵام لە میانی ددانپێدانان بەوەی کە شتێك نییە پێشتر هەبووبێت، قێزەونە و پێویستە بەرهەڵستی بکرێت. پرۆسەکانی مێژوو هۆکاری تۆتالیتاریزم نەبوون، بەڵکو بوونە هۆی ئەوەی کە بێتە ئاراوە، بۆیە دووبارە دەبنەوە و کەڵکە دەبن و دەبنە بارگرانیی لەسەر ئەم سەردەمەمان. عەقڵی مرۆڤیش لە بازنەی تەمومژاویدا دەسووڕێتەوە، لەبەر ئەوە ئارندت لە کتێبەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی گرنگە خۆبەدەستەوەدان بۆ نائومێدی نییە لە ڕابردوودا، یان هیوایەکی یوتۆپیایی لە ئایندەدا، بەڵام مانەوەی تەواوە لە ئێستادا، هاوکات دەڵێت: تۆتالیتاریزم قەیرانی ئەم سەردەمەمانە بە قەدەر، ئەوەی کە نەهێشتنی دەبێتە خاڵێکی گۆڕانکاری بە نیسبەت جیهانی ئەمڕۆ. ئەمەش بە تەواوی دەرفەتێکی تازەمان پێ دەدات بۆ وەدیهێنانی جیهانێکی هاوبەش، ئەو جیهانەی کە ئارندت بە (ژیانی مرۆڤایەتی) ناوی بردووە، جێگەیەکی گونجاو بۆ نیشتەجێبوونی هەموو مرۆڤەکان.

پێش هەموو شتێکیش پێویستە حوکم لە سەردانی تۆتالیتاریزم لەلایەن ئارندتەوە لە پێناسەکەی جیا بکرێتەوە کە پێناسەیەکی بە کۆمەڵە وەك شێوەیەکی قێزەونی ستەمکاری. ستەمکاری شێوەیەك لە شێوەکانی حوکمڕانیی یۆنانی کۆن، لەم جیهانە ستەمکارەدا ستەمکار، یان زۆردار بوونی هەیە، بەڵام دوور لە خەڵك. بە هۆی نەبوونی پەیوەندیی، یان پێکەوەیی یاسایی لە نێوان گەل و ستەمکاراندا، هەر کارێکی ستەمکاران دەربکەوێت، وەك پرەنسیپێکی کاریگەری ترسی ئاڵوگۆڕە. ترسی ستەمکاران لە خەڵك، ترسی خەڵك لە ستەمکاران، یان بە پێی لێکدانەوەی ئارندت (بێ هیواییان لە مەحاڵ) وەك پێکەوە کارکردن، ئەمە ئەو هەستەیە کە پێی وایە ستەمکاری شێوەیەکی هاودژ و بێ سوودی حوکمڕانییە، هێز بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو بێ توانایی، دواجار بەپێی قسەی (مۆنتسکیۆ) کە تێبینییە بە هێزەکانی بوونە هۆی ئەوەی کە سەرنجی ئارندت بۆ ئەم شتانە ڕابکێشێت.

ستەمکاری شێوەیەکە لە شێوەکانی حکومەت (بە پێچەوانەی کۆمار، یان پاشانشینە دەستوورییەکان) خۆی دەخواتەوە، تۆوی وێرانکاری لە نێو خودی خۆیدا دەچێنێت، بۆیە بێتوانایی بنەڕەتیی هەر دەوڵەتێك کە ستەمکارێك حوکمڕانیی بکات، هەرچەند گڵپەدار و سەرنجڕاکێش بێت، بە چاوپۆشی لە دڵڕەقی و مەینەتی کە ڕووبەڕووی گەلەکەی دەکاتەوە، دەبینین کە هیچ مەترسییەکی وێرانکاری بۆ سەر جیهان نابێت.

بە دڵنیاییەوە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوە تۆتالیتارییەکانی شۆڕشگێڕی پێشوەختە، لە هەر کاتێك و لە هەر شوێنێك کە ئەم بزووتنەوانەیان تێدا دەربکەوێت، ڕێوشوێنی ستەمکاریی هێز و توندوتیژی بەکار دەهێنن، بەڵام سرووشتەکەی جیاوازە لەگەڵ سرووشتی ستەمکاری لەو هەڕەشە زۆرەی بۆ کاولکردنی جیهان بەکاری دەهێنن. مادامەکی هەندێك پێیان وابوو کە ئەم هەڕەشەیە هەیە، بەوەش لێك درایەوە کە سیاسەتێکی گشتیی هەموو قۆناغەکانی ژیانە. ئارندت ئەمەی بەم شێوەیە بینی، ئەم کارەش زۆر گرنگە، بە تەواوی و بە پێچەوانەوەی ئەمەوە: دیاردەیەکە لە نابەسیاسەتکردنێکی تەواوە Entpolitisierung.

لە تۆتالیتاریزمدا قسە لەسەر دابەشبوونی ڕیشەیی کۆمەڵگە دەکرێت کە بە تەواوی لەگەڵ گۆشەگیریی سیاسیدا جیاوازە، ئارندت ئەمەی بەوە وەسف کردووە، کە بیابانی سیاسیی ستەمکارییە، ئەم دۆخە تەنیا کاری ئازاد ناسڕێتەوە، کە بە تەواوی سیاسییە، بەڵام توخمێکی کارا لەناو دەبات، واتا دەستکردن بە چالاکی، خۆڕسکیی تاکەکەسی: -من بیر دەکەمەوە، من خواستم هەیە، یان من ئەرکێکی داهێنانم هەیە- کە پارێزگاری لە جیهانی مرۆڤایەتی دەکات و نوێی دەکاتەوە کە بە هۆی تۆتالیتاریزمەوە نغرۆ ببوون کە هەموو شتێك وێران دەکات و بە سیاسی دەکات.

لەبەر ئەوە ئازادیی سەرتاسەریی کۆمەڵگە، تایبەت، یان گشتی، تەنیا وەهمێکە، بەم شێوەیە نابێتە سەرچاوەی ترس ئەگەر خودی ستەمکاری سەرهەڵبدات، نەك وەك سۆزدارێك بەڵکو وەك پرەنسیپێکی کاری زۆرداران و کارنەکردنی خەڵك. لە کاتێکدا ستەمکاری کە دەبێتە هۆی ئەوەی حوکمڕان و حوکمکراوان دژی یەك بەکاربهێنرێت، لە کۆتاییدا بێ توانا دەبێت. تۆتالیتاریزم هێزێکی زۆر بەرهەم دێنێت، جۆرێکی تازەی هێز کە نەك تەنیا هێزی زۆرەملێیی تێدەپەڕێنێت، بەڵکو تا ڕاددەیەك لەگەڵیدا جیاوازە.

دینامیکیەتی تۆتالیتاریزم مەرجە بنەڕەتییەکانی بوونی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە، ناوی پێویستیی ئایدیۆلۆجی (تیرۆری سەرتاسەری) سووکایەتی بە دیمەن و ونبوونی ڕوح و تاکەکان دەکات، سووکایەتی بە جیهان دەکات لەو مەسەلەیەدا کە تەنیا ژمارەیەکی زۆر لەو تاکانە بەردەوام بەشدار دەبن و بەشداری پێ دەکرێن، سووکایەتی بە خاك دەکات کە نیشتمانی سرووشتییانە، هاودژیی قووڵ لە نێوان باوەڕی تەواو بەوەی کە بنبڕکردنی هەموو نیشانەیەکی خراپەکاری و ئازادیی مرۆڤ و هەموو لەخۆڕاییی و سەرەتایەك شتێکی پێویستە، هەروەها لە نێوان ئەو ڕاستییەی کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەری ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی تازەیە و خودی مرۆڤەکان بۆ جیهانیان هێناوە، ئەمە جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەو شتە بوو کە ئارندت هەوڵی داوە کە تێی بگات.

هەر بە گوتەی ئارندت، سرووشتی تۆتالیتاریزم بریتییە لە تێکەڵەیەك لە جەوهەری تیرۆر و پرەنسیپی لۆژیکی ئەم تیرۆرە، چونکە تیرۆری جەوهەری دەبێت سەرتاسەری بێت، زیاتر لەوەی ببێتە ئامرازێك بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها زیاتر لەوەی تۆڵەکەرەوەیەکی پەرگیر، یان شێت بێت، تیرۆری سەرتاسەری بەو ڕێگایەی ئێستا ناعەقڵانییە، دەگۆڕێت، شوێنی دەگرێتەوە و ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە یاسا دانراوەکان و حکومەتە دەستوورییەکان دەیگێڕن، بەڵام ئەنجامەکە بریتی نییە لە بێ سەروبەری و لە دەرەوەی یاسا، نەك شەڕی هەمووان دژی هەمووان، نەك هەڵوەشاندنەوەی یاسای ستەمکاری، ئارندت دەڵێت: وەك ئەوەی چۆن حکومەتی یاساکان لە نەبوونی زێدەڕۆییدا تەواو دەبن، ئاواش تیرۆر باڵادەست دەبێت کاتێك کەس ڕێی پێ نەگرێت، بە تەواوی وەك ئەوەی یاسا دانراوەکان لە حکومەتی دەستووریدا هەوڵ دەدات، یاسا بەرز و باڵاکان وەربگێڕێت و بەرجەستەیان بکات، بەم شێوەیەش تیرۆری تۆتالیتاری سوورە لەسەر بەرجەستەکردنی یاسای جووڵەی مێژوو، یان سرووشت لە واقیعدا، نەك لە دەستەیەکی سنوورداری سیاسیدا، بەڵکو لە نێو هەموو مرۆڤایەتیدا.

ئەگەر تۆتالیتاریزم بە کۆتا هاتبێت، کەواتە فرەیی مرۆڤ بە تەواوی دەبێتە تاکە ئامانج، ئەویش خێراکردنی جووڵەی سرووشت، یان مێژووە، ئەو کاتە جەوهەری تیرۆر بەسە وەك پرەنسیپێکی جووڵە، مادامەکی تۆتالیتاریزم لە جیهانێکی ناتۆتالیتاریزمدا هەیە، بۆیە پێویستی بە پرۆسەی هێنانەدی ئەنجامی لۆژیکی، یان دیالیکتیکی هەیە بۆ ناچارکردنی عەقڵی مرۆڤ لەسەر لاساییکردنەوە و ئاوێتەبوون لە هێزەکانی سرووشت و مێژوو لە سەرەوەی مرۆڤایەتیدا، بە لێکدانەوەیەکی دیکە، لۆژیکی بیری ئایدیۆلۆجیا عەقڵ ناچار دەکات هەر دەبێت بجووڵێتەوە، وەك چۆن خودی پرۆسەی سرووشت و مێژوو دەجووڵێنەوە، دژی ئەم جووڵەیە هیچ شتێك نییە بوەستێت، جگە لە توانای بەرزی پیاو بە بایکۆتکردنی ئەو پرۆسانە، ئەویش بە دەستپێکردنی شتی تازە، لەگەڵ ئەمەشدا گۆشەگیریی سیاسی هەمیشە کار پەك دەخات، بەڵام گۆشەگیریی مرۆڤ ئەوانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕیشەکێش کراون، چونکە پێویست نین، هاوکات هەستی ساغیان لەدەست داوە، هەستکردن بە کۆمەڵگە و پێکەوەڕۆیی، ئەمە پەلکێشیان دەکات بۆ لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ هەموو ئەو شتانەی ڕوویان داوە، یان ئێستا و لە هەر کاتێکدا کە ڕوو دەدەن، بەمەش جەماوەری تەنیا لە جیهاندا لە هەر بەرپرسیاریەتییەك لەهەمبەر ڕێڕەوی جیهان دەبەخشرێت، ئەوە بە ئەنقەست نییە، لە ترسی ژیانی خۆیان، ئامادەیە بۆ ڕێکخستنی تۆتالیتارییانە، لە کۆتاییشدا بۆ دەسەڵاتخوازی.

**دینامیکیەتی تۆتالیتاریزم مەرجە بنەڕەتییەکانی بوونی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە، ناوی پێویستیی ئایدیۆلۆجی (تیرۆری سەرتاسەری) سووکایەتی بە دیمەن و ونبوونی ڕوح و تاکەکان دەکات، سووکایەتی بە جیهان دەکات لەو مەسەلەیەدا کە تەنیا ژمارەیەکی زۆر لەو تاکانە بەردەوام بەشدار دەبن و بەشداری پێ دەکرێن، سووکایەتی بە خاك دەکات کە نیشتمانی سرووشتییانە**

**ئەگەر تۆتالیتاریزم بە کۆتا هاتبێت، کەواتە فرەیی مرۆڤ بە تەواوی دەبێتە تاکە ئامانج، ئەویش خێراکردنی جووڵەی سرووشت، یان مێژووە، ئەو کاتە جەوهەری تیرۆر بەسە وەك پرەنسیپێکی جووڵە، مادامەکی تۆتالیتاریزم لە جیهانێکی ناتۆتالیتاریزمدا هەیە**

# پارێزراوە سرووشتییەکان

پارێزراوە سرووشتییەکان ئەو ناوچانەن کە ڕەهەندێکی جوگرافیی دیاریکراویان هەیە و، بەپێی یاسا و پەیڕەوێکی دیاریکراویش پارێزگارییان لێ دەکرێت، لە هەر زیانپێگەیاندنێکی مرۆیی، یان سرووشتی.

پارێزراوە سرووشتییەکان لە ڕووی ژینگەییەوە گرنگیی زۆریان هەیە، لەوانە:

یەکەم: پارێزگاریکردن لە سیستمی ژینگەیی.

دووەم: پاراستنی هەمەچەشنیی بایۆلۆژی.

سێیەم: بەدیهێنانی هاوسەنگیی ژینگەیی.

چوارەم: ڕێگرتن لە کەمبوون و لەناوچوونی زیندەوەران.

لە ڕووی ئابووریشەوە پارێزراوە سرووشتییەکان گرنگیی زۆریان هەیە، لەوانە:

یەکەم: بۆ وەبەرهێنانی ژینگەیی.

دووەم: بۆ خستنە سەر کار و دۆزینەوەی هەلی کار.

سێیەم: دابینکردنی درامەت بۆ دانیشتووانی ناوچەکە.

چوارەم: ئەنجامدانی گەشتی تایبەت و توێژینەوەی زانستی.

پێنجەم: بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

شەشەم: کرانەوەی کۆمەڵگە داخراوەکان بە ڕووی کەلتووره جیاوازەکاندا.

حەوتەم: وەك میکانیزمێك بۆ گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و ڕەفتاری باش بەرانبەر بە ژینگە.

لە ڕووی بەرگری بۆ مانەوە و پاراستنیش، پارێزراوە سرووشتییەکان سوودی زۆریان هەیە، لەوانە:

یەکەم: چوونە نێو لیستی کەلەپووری نیشتمانی و جیهانی.

دووەم: تۆمارکردنیان لە یەکێتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان.

سێیەم: دابینکردنی پشتگیریی نێودەوڵەتیی بۆ پاراستنی ناوچەکە لە شەڕ و هەڕەشە سەربازییەکان.

لە ڕووی ئاو و هەواشەوە، دەتوانرێت دۆسیێ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا بخرێتە نێو پلانەکانی بەڕێوەبردنی پارێزراوە سرووشتییەکان لەبەر ئەوەی پارێزراوە سرووشتییەکان ڕۆڵی زۆریان هەیە، لە:

یەکەم: کەمکردنەوەی بڕی گازە گەرمکارەکان.

دووەم: گونجاندنی دەوروبەر لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوادا.

سێیەم: هێشتنەوەی زیندەجۆرەکان بۆ مانەوە لە نێو سنووره پارێزراوەکەدا.

چوارەم: بەجێهێنانی مەرجەکانی یەکێتیی نێودەوڵەتیی پاراستنی سرووشت (ئای یو سی ئێن).


لە ڕووی توانا مرۆییەکانیشەوە، پارێزراوە سرووشتییەکان هۆکارن بۆ ئەنجامدانی چالاکیی وەك:

یەکەم: ڕاهێنانی کارمەندان لە ناوخۆ و دەرەوە لە بواری ئیکۆ سیستەمدا.

دووەم: ڕووماڵکردنی جۆرەکانی باڵندە و شیردەرەکان و خشۆك و شکاوەکییەکان و جۆرەکانی ڕووەك.

سێیەم: ناسینی ژینگە جیاوازەکان.

چوارەم: بەشداریکردن لە سیمینار و کۆنگرە زانستییەکاندا.



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

پێنجەم: ئامادەکردنی کتێب و نامیلکە لە بارەی ناساندن و دیارکردنی تۆڕی پارێزراوە سرووشتییەکانەوە.

شەشەم: دروستکردنی کورتە فیلم لە بارەی پارێزراوە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە.

حەوتەم: ئەنجامدانی دیدار و دیمانەی ڤیدیۆیی لە بارەی ناوچەکەوە.

هەشتەم: ڕێکخستنی گەشتی میدیایی بۆ ناسینی ناوچەکانی پارێزراوە سرووشتییەکان.

نۆیەم: سازدانی کۆڕ و سمیناری تایبەت بە ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی.

دەیەم: ئەنجامدانی پێشبڕکێ بۆ دیارکردنی باشترین دەستپێشخەری بۆ پارێزراوە سرووشتییەکان.

لە بارەی پارێزراوە سرووشتییەکان لە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە ڕوانگەی ئەوەی کە بایەخدان بە بایۆدایڤێرسیتی و هەمەجۆریی زیندەوەران بەشێکە لە دەستووری عێراق و لە خاڵی دووەم لە ماددەی ٣٣دا هاتووە کە «دەوڵەت پاراستنی ژینگە و هەمەجۆریی زیندەوەران لەئەستۆ دەگرێت و پارێزگارییان لێ دەکات». دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوانەی ناوە:

یەکەم: کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار پەیڕەوی ژمارە ٩ی لەساڵی ٢٠١١ ی خستە بواری جێبەجێکردنەوە.

دووەم: ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکی دەستەی ژینگەی وەك سەرۆکی لیژنەی باڵای پارێزراوە سرووشتییەکان دیاری کرد.

سێیەم: بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی لیژنەی باڵای پارێزراوە سرووشتییەکان یەکەم کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی باڵا ئەنجام دا، کە ئەوانیش بریتی بوون لە هەر یەکە لە بەڕێوەبەرێکی گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، نوێنەری دەستەی ژینگە، ڕاوێژکاری زانستی لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: سەرۆکی لیژنەی باڵا، شەش لیژنەی فەرعی پێك هێنا لە سنووری هەر یەك لە هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، گەرمیان و ڕاپەڕین بۆ ئەم کارە.

پێنجەم: لە ئێستا لە قۆناغی پێکهێنانی تیمی تایبەتین بۆ ئیدارەدانی چەند پارێزراوەیەکی سرووشتیی وەك: بارزان، هەڵگورد سەکران، قەرەداغ، پیرەمەگروون، زورگەزراو.

شەشەم: لیژنەی فەرعی لە هەر یەك لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان، ڕاپەڕین خەریکی دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەن، کە پێویستە لە ئایندەدا بکرێنە پارێزراوەی سرووشتی و، بە لیستێك دەینێرن بۆ لیژنەی باڵا، لیژنەی باڵاش دەیداتە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕەزامەندیدان لەسەریان، پاشان دەستەی ژینگە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی یەکێتیی نێودەوڵەتیی پاراستنی سرووشت (ئای یو سی ئێن).

سەرکەوت کارەش

وتەبێژی بەرگریی شارستانیی پارێزگای هەولێر بۆ گوڵان:

# پێویستە سیستەمی شۆڤاز لەلایەن کۆمپانیا و کەسانی شارەزا و مۆڵەتپێدراو و بەپێی مەرجی سەلامەتی دابنرێت

**ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی پەیوەست بە غازەوە کە لە ماڵان و شوێنەکانی کارکردندا بەکار دەهێنرێن، پێویستیان بە هەڵوەستەی جددی و پێداچوونەوە هەیە، کە ئەمە کاردانەوە و وەڵامدانەوەی حکومەت بووە لەم ڕووەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ موقەدەمی پۆلیس سەرکەوت کارەش وتەبێژی بەرگری شارستانی پارێزگای هەولێر ئەنجام دا.**

**پێویستە هاووڵاتیان ژمارەی پەیوەندی و تەلەفۆنەکانی ئێمە بزانن کە هێڵی گەرمی بەرگریی شارستانی (١١٥)یە و ئێمە ژمارە (١٢٥)ین و ئەم ژمارەیەش زیاد کراوە**

*** ئایا لە ڕووی فریاکەوتنی خێراوە تا چەند لە بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی ئامادەکاریتان هەیە، بە تایبەتی لە وەرزی زستان کە مەترسییەکانی ئاگرکەوتنەوەی زۆربا و شۆرتی کارەبا هەیە؟**

- وەکو سنووری جوگرافیای پارێزگای هەولێر بۆ فریاکەوتنی خێرا و بە دەنگەوەهاتنی هاووڵاتیان لە هەر ڕووداوێکدا لە سەنتەری شار هەشت بنکەی بەرگریی شارستانی و هۆبەیەکی ڕزگارکردن هەیە و لە دەوروبەری شاری هەولێر و قەزاو ناحیەکانیش هەشت بنکەی دیکەی بەرگریی شارستانی هەیە و ئێستا سێ بنکەی دیکەش زیاد بووە کە بنکەکانی (سەری بڵند و پیرمام و کۆڕێ)ن. بێگومان هەموو بنکەکان و هۆبەکەی ڕزگارکردنیش ٢٤کاتژمێر بە شێوەی شەفت کار دەکەن و هەر شەفتێك لە حاڵەتێکدا لە ئامادەباشیدان و کەلوپەل و ئامێری پێداویستییەکانیان لەبەردەستە بۆ هەر ڕووداو و پێشهاتێك کە ژووری ١١٥ی ئێمەی لێ ئاگادار بکرێتەوە، بە ماوەیەکی زۆر کەم و پێوانەیی دەگەینە شوێنی ڕووداوەکە. هەروەها هەموو وەرزەکانی ساڵ لای ئێمە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەتایبەتی وەرزی هاوین و زستان، چونکە لە وەرزی هاوین زیاتر ئاگری پووش و پەڵاش و دەغڵودان زۆرە و لە زستانیش ئاگرکەوتنەوەی ماڵان و کۆگا و شوێنە گشتییەکان زیاترە.

*** تا چەند گرنگیتان بە ڕێنمایی و هۆشیاری داوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە ڕێنماییەکان ئاگادار بن؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە بە دوو ئاراستە کار دەکەین، یەکێکیان پەیوەستە بە خودی هاووڵاتی کە ڕێنمایی و هۆشیاریی تەواوی لە ماڵەکەی و شوێنی کارکردنی هەبێت. بۆ نموونە پێویستە لە ماڵەکەی ئەو ئامێر و گڵۆپانەی کە زیادن لەکاتی خەوتندا بیانکوژێنێتەوە، دەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی



هـۆکاری خۆگەرمکردنـەوە، چ کارەبـا بێـت، چ غـاز و نـەوت بێـت، هۆشـیاریی تـەواوی هەبێـت و ئەگـەر هاووڵاتـی هۆشـیاری لەسـەر ئـەو ئامێـر و سیسـتەمانەی گـەرمکردنـەوە و سـاردکەرەوە نەبێـت، لەهـەر هەڵەیـەکـدا کارەسـات ڕوودەدات، هـاوکات هەمــوو ماڵێـك پێویسـتە ئامێرێکـی ئاگرکوژێنـەوەی دەسـتی لـە جـۆری (CO2) یـان (پـاودەر)ی هەبێـت، ئەگەرچـی بەداخـەوە لـە٩٥٪ی مـاڵان ئامێـری ئاگرکوژێنەوەیـان نییـە و بەشـێکیش لـە ئۆتۆمبێلەکانیـش ئامێـری ئاگرکوژێنەوەیـان نییـە، کـە ئەمـەش جگـە لـەوەی سـەرپێچی یاسـا و ڕێنماییەکانـە و هۆکارێکیشـە لەکاتـی ڕوودانـی هـەر شـۆڕتێکی کارەبـا لـە ئۆتۆمبێلەکـەی ئـەوا دەسـووتێت. هەروەهـا ئاراستەی دووەمیش بۆ ڕێنمایی و هۆشـیارییەکان ئەوەیـە ئێمـە وەك بەرگریـی شارسـتانی هەمـوو ڕێنمایـی و هۆشـیارییەکان لـە میدیـاکان بـڵاو دەکەینـەوە و پرۆشـۆر و تابلـۆی ڕێنماییـەکان بـە چـاپ دەگەیەنیـن. هـاوکات پێویسـتە هاووڵاتیـان ژمـارەی پەیوەنـدی و تەلەفۆنەکانـی ئێمـە بزانـن کـە هێڵـی گـەرمی بەرگریـی شارسـتانی (١١٥) یـە و ئێمـە ژمـارە (١٢٥)یـن و ئـەم ژمارەیـەش زیـاد کـراوە.

*** ئایـا بەپێـی پێویسـت کادیـر و توانایـی مرۆییتان لـە بەردەستە بۆ بەرنگاربوونـەوەی هـەر مەترسییەك کـە ڕوویـدات؟ هەروەهـا ئایا لەگـەڵ دامـودەزگا حکومییـەکان بەتایبـەت وەزارەتـەکان هەماهەنگیـان هەیـە؟**

- چەنـد شـار گەشـە بـکات و ڕێـژەی دانیشـتووانی زیاتـر بێـت و پـرۆژە و باڵەخانـە و ناوچەی پیشەسـازی زیاتر بێت، ئەوا بـە هەمان شـێوە دەبێـت کارە خزمەتگوزارییەکانیـش لەگەڵـی زیاتـر بێـت و گەشـە بـکات، بەتایبـەت بەرگریـی شارسـتانی و پۆلیـس و ئۆتۆمبێلـی فریکەوتـن و کەرتـی تەندروستی، چونکـە ئـەو لایەنانە ڕۆژانە پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆیان بـە ژیانـی هاووڵاتیانـەوە هەیـە و چەنـد شـار گەشـە بـکات ئـەوە شـارەکە پێویسـتی بـە کارمەنـد و ئامێـری و بنکـەی زیاتـر دەبێـت، هەرچەنـدە ئێمـە فەرمانگەیەکـی سـەر بـە وەزارەتـی ناوخۆیـن، بـەڵام پەیوەندیـی بـاش و توندوتۆڵمـان لەگـەڵ هەمـوو دامودەزگاکانـی دیکـەی حکومـەت هەیـە.

**سیستەمی غازی (ئێل پی جی) ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەیە کە لە (١٦) مادده پێکهاتووە و هەموو مەرج و ڕێنماییەکانی تێدایە، لە کاتێکدا هاووڵاتی بیەوێت سیستەمی غاز دابنێت، چ شوێنەکە گشتی بێت، یان ماڵ بێت، دەبێت بەپێی ئەو ڕێنماییانە بێت**

**هەموو شوێنە گشتییەکان کە دەیانەوێت سیستەمی شۆڤاز دابنێن، مۆڵەتیان لە حکومەت وەرگرتووە. واتە دەبێت سەردانی ئێمە بکەن و ئێمەش لێژنەی پشکنینی هونەریمان هەیە، سەردانی ئەو شوێنە دەکات و پشکنین بۆ شوێنی تانکییەکە و چۆنیەتی دانانی سیستەمی شۆڤازەکە دەکرێت**

**نابێت هیچ تانکییەکی سیستەمی شۆفاژ لە بڕی (١٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠) لیتر سێجا زیاتر غازی تێ بکرێت و هەر چەند لەو بڕەش کەمتر بێت، ئەوە باشتر و سەلامەتترە**

*** ئایا دامودەزگاکان و وەزارەتەکان تا چەند بە ڕێنماییەکانی بەرگریی شارستانی پابەندن؟**

- دامودەزگا و وەزارەتەکان لە ڕووی مەرج و ڕێنماییەکانی بەرگریی شارستانی پابەندبوونی بەردەوامیان هەیە و هاوکار و هەماهەنگن، بە تایبەت بەبێ ئەو دامودەزگایانەی وەك هاتوچۆ و پۆلیس و ئاسایش و شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و ...تاد، ئێمە ناتوانین کارەکان بە باشی ئەنجام بدەین، هەروەها بە هۆی ئەو یەك تیمییەی لە نێوانمان هەیە، ئەوە لە زۆربەی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە، یان لافاودا توانراوە تا ئاستێکی باش کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەین.

*** ئایا مەرجەکانی سەلامەتی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی سیستەمی شۆڤاز چییە و چۆن دەتوانرێت ئەو سیستەمە بە بێ کێشە دابنرێت؟**

- سیستەمی غازی (ئێل پی جی) ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەیە کە لە (١٦) مادده پێکهاتووە و هەموو مەرج و ڕێنماییەکانی تێدایە، لە کاتێکدا هاووڵاتی بیەوێت سیستەمی غاز دابنێت، چ شوێنەکە گشتی بێت، یان ماڵ بێت، دەبێت بەپێی ئەو ڕێنماییانە بێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە خەڵکانێك هەڵدەستن بە دانانی ئەو سیستەمە کە کار و پسپۆڕیی ئەوان نییە و شارەزایی تەواویان لە سیستەمەکەدا نییە و مۆڵەتپێدراویش نین، هەر بۆیەش زۆربەی ئەو سیستەمەی شۆڤازەی کە لە ماڵان دادەنرێت، مەترسیدارە، چونکە بە بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە، سیستەمەکە دادەنرێت، واتە خاوەن ماڵەکە دەچێت ئۆستایەك دەبات، بە بێ ئەوەی پرس و مۆڵەتی لە ئێمە وەر گرتبێت، ئەو ئۆستایەش کە سیستەمەکە دادەنێت، لەلایەن دەزگای پەیوەندیدار مۆڵەتپێدراو نییە، بەڵام هەموو شوێنە گشتییەکان کە دەیانەوێت سیستەمی شۆڤاز دابنێن، مۆڵەتیان لە حکومەت وەرگرتووە. واتە دەبێت سەردانی ئێمە بکەن و ئێمەش لێژنەی پشکنینی هونەریمان هەیە، سەردانی ئەو شوێنە دەکات و پشکنین بۆ شوێنی تانکییەکە و چۆنیەتی دانانی سیستەمی شۆڤازەکە دەکرێت و لە کاتێکدا ئێمە سەردانی ئەو شوێنە بکەین، ئەوە ڕێگا نادەین ئەو کەسەی سیستەمەکە دادەنێت مۆڵەتی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرنەگرتبێت، بەڵام بۆی هەیە هاووڵاتیان بپرسن بۆچی دەبێت ئەو کەس و کۆمپانیایەی سیستەمەکە دادەنێت، مۆڵەتی هەبێت؟ چونکە ئەو کۆمپانیایەی مۆڵەتپێدراوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئەوە هەموو مەرجە سەلامەتییەکانی سیستەمەکە دەکەوێتە سەر کۆمپانیاکە و هاووڵاتی ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی هەندێ ئامێر کە لە سیستەمەکە هەیە دابنێت، چونکە هەر هەڵەیەك ڕوو بدات لەو شوێنە، ئەوە ئەو کۆمپانیایە لێی بەرپرسیارە کە سیستەمەکەی داناوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین باسی نموونەیەك بکەین. لە کاتێکدا هاووڵاتیەك دەیەوێت لە ماڵەکەی سیستەمی شۆڤاز دابنێت، ئەوە دەڵێت هەموو ئەو کەلوپەل و ئامێرانەی لەو سیستەمە دادەنرێت، دەبێت مۆڵەتپێدراو ستاندارد بن و کواڵێتییان بەرز بێت و ناکرێت بۆڕی غاز لە ماڵەکەت بە بۆڕی پلاستیکی و بۆڕی ئاوی خواردنەوە بێت، بەڵکو ئەو جۆرەی بەکار دێت، تایبەتمەندی و کواڵێتی بەرزە و دیاری کراوە. سیستەمی شۆڤاز دەبێت بە سێ قۆناغ ببەسترێت، قۆناغی یەکەم: لەسەر تانکی غازەکە سیستەمێك هەیە دادەنرێت هەر لێچوونێکی غاز ڕووبدات لە تانکییەکە ئەوە ئۆتۆماتیکی خۆی قوفڵ دەبێت. قۆناغی دووەم: لەو کاتەی سیستەمەکە دێتە ناو خانوو و باڵەخانەکە ئەوە دووبارە سیستەمێکی (سی ئیل تیفال) دادەنرێت، لەو کاتەشدا هەر لێچوونێکی غاز لەنێوان تانکیی غازەکە بۆ ناو خانوو و باڵەخانەکە هەبێت، سیستەمەکە دادەخرێت و هیچ لێچوونێکی غاز ڕوونادات. قۆناغی سێیەم: کە سیستەمەکە دێتە ناو چێشخانە و نهۆمی خوارەوە ئامێرێکی دیکەی سیستەمی (سی ئیل تیفال) دادەنرێت و لەو کاتەشدا لەهەر شوێنێك لینکی هەبێت و غازبدات ئەوە ئۆتۆماتیکی دووبارە دادەخرێت و غاز بڵاو نابێتەوە نە بۆ ناو ماڵەکە، نە بۆ ناو دیواری بینایەکە، هەروەها ئەو غازەی کە بۆنی دێت، دەبێت ئەوەش لەگەڵ غازەکە بە سیستەمێك بە کار بێت، تاوەکو لە هەر کاتێك غاز لە سیستەمەکە لیکی کرد، یان دەرچوو، ئەوە بۆنی دێت و ئینزار لێ دەدات، لەو کاتەدا دەبێت ڕاستەوخۆ قوفڵی سەرەکیی سەر تانکیی غازەکە بگیرێتەوە و هیچ ئاگرێك پێ


نەکرێت و گڵۆپ و سیستەمی کارەبای ماڵەکە بکوژێنرێتەوە و هەموو دەرگا و پەنجەرەکان بخرێتە سەرپشت و هەواگۆڕکێ هەبێت و نابێت لەو کاتەدا ساحیبەش کە هەواگۆڕکێ ئەنجام دەدات دابگیرسێت و دەبێت هەموو ئەندامی خێزان و ماڵ و باڵەخانەکە بچنە دەرەوە لە پاشان ئاگاداری ئەو کۆمپانیایە بکرێتەوە کە سیستەمەکەی داناوە بۆ دۆزینەوەی کێشەکە و چارەسەرکردنی، لە لایەکی دیکەوە نابێت هیچ تانکییەکی سیستەمی شۆفاژ لە بری (١٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠) لیتر سێجا زیاتر غازی تێ بکرێت و هەر چەند لەو بڕەش کەمتر بێت، ئەوە باشتر و سەلامەتترە لە هەر کێشە و گرفتیکدا، بەڵام بە پێچەوانەوە خەڵکانێك هەیە ٥٠٠٠لیتر غاز لە تانکییەکانیان دەکەن و ئەو سیستەم و ئامێرانەش دانانێن کە دەبێتە هۆی داخستنی تانکییەکە، یان سیستەمەکە بۆ ئەوەی غازی لێ نەڕوات.

*** ئایا دانانی سیستەمی شۆفاز مۆڵەتپێدراوە و خەڵك پابەندی ڕێنماییەکانن و لەمەودوا بە مەرجەکانی ڕێنماییەکاندا دەچنەوە؟**

- دەکرێت بە وەرگرتنی مۆڵەت لەلایەنی پەیوەندیدار ئەو سیستەمە دابنرێت و کۆمپانیای مۆڵەتپێدراویش دەبێت سیستەمەکە دابنێت و ڕێنماییەکان هەمووی لەلای ئێمە دیاری کراون، بە سەردانکردنی ئەو کەسانەی ئەو سیستەمە لە ماڵەکانیان، یان لە شوێنی گشتی دادەنێن، ئەوە هەموو کار و ئیجرائاتێکی زانستی و یاسایان بۆ دەکرێت، لەپاش ئەو دوو ڕووداوە دڵتەزێنەی شارەکانی سلێمانی و دهۆك، دانانی ئەو سیستەمە ڕاگیراوە، تا هۆکاری ئەو دوو تەقینەوەیە دەدۆزرێتەوە، کە بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەتی ناوخۆ دانراوە، لە پاشان ڕێنمایی و ئیجرائاتەکان بۆ دانان و مۆڵەتی سیستەمی شۆڤاز توند دەکرێت، بەتایبەت لە ڕووی بەرزیی کواڵێتی و ستانداردی ئەو ئامێر و کەلوپەلانەی تێیدا بەکار دێن.

*** ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل بەتایبەت تاکسی و کیا و مینی پاسەکان لەناو شار و شارۆچکەکان غازی (LPG) لە بری بەنزین بەکار دەهێنن، ئایا بەکارهێنانی ئەو غازە مەترسی لەسەر ئۆتۆمبێلەکان نییە؟**

- بە ڕێژەی ٩٥٪ی سیستەمی بەستنی غاز بۆ ئۆتۆمبێل لە ژێر کۆنترۆڵە، چونکە لە ساڵی ٢٠١٩ بە فەرمانی جەنابی وەزیری ناوخۆ لیژنەیەك پێکهێنرا هەموو ئەو شوێن و جێگایانەیان بەسەر کردەوە کە سیستەمی غازیان بۆ ئۆتۆمبێل دادەنا کە کەسانی ناشارەزا و بێ مۆڵەت بوون، هەر بۆیە شوێنەکانیان



داخرا و هەر هەمووشیان ڕێکاری یاساییان بەرانبەر گیرایەبەر، بۆیە دەتوانین بڵێین دانانی سیستەمی غازی ئۆتۆمبێل کۆنترۆڵ کراوە، چونکە ئەوانەی ئێستا ئەو سیستەمە دادەنێن بۆ ئۆتۆمبێلەکان هەر هەموویان مۆڵەتپێدراو خاوەن ئەزموون و شارەزان لە دانانی و ئەوانەی سیستەمی غاز بۆ ئۆتۆمبێل دادەنێن، ڕێنمایی و مەرجەکانی سەلامەتی تێیدا ڕەچاو دەکەن و ئامێر و کەلوپەلی ستاندارد و کواڵێتیی بەرز بەکاردەهێنن، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت کەمترین کێشە و ڕووداو لەو ئۆتۆمبێلانە ڕوو بدات کە بە سیستەمی غاز کار دەکەن.

**لە پاش ئەو دوو ڕووداوە دڵتەزێنەی شارەکانی سلێمانی و دهۆک، دانانی ئەو سیستەمە ڕاگیراوە، تا هۆکاری ئەو دوو تەقینەوەیە دەدۆزرێتەوە، کە بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەتی ناوخۆ دانراوە**

# پاراستنی ژینگە لە قورئاندا

کێشەی ژینگە یەکێکە لە گرنگترین پرسەکانی بەردەم مرۆڤ لە سەردەمی ئێستادا، ئەم کێشەیە هەڕەشە لە تەواوی نەوەکانی داهاتوو دەکات، کە لە ژینگەیەکی تەندروستدا بژین. ئەم کارە وەك پرسێکی جیهانی لە بەردەمماندا دەردەکەوێت. مرۆڤی ئێستا کە دۆزەرەوەی سەرسوڕهێنەرەکانی بواری زانست و تەکنەلۆجیا بووە، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا بکات؛ لەگەڵ ئەو هەموو دروستکراوانەی لە ژینگەدا لەگەڵیدا دەژین. هەروەك چۆن ماڵ و باخی مرۆڤ، ئەو ژینگەیەی کە هەناسەی تێدا دەدات، ئەو ئاوەی کە دەیخواتەوە، ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی، ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا دەژین، ئەو دارستان و دەشت و شاخ و ڕووبار و دەریایانەی کە مرۆڤایەتی هاوبەشن و بەشێکن لە ژینگەی ئەو ...هتد، مرۆڤ سەرچاوەی پیسبونی ژینگەیە لە سەر زەوی. بڕینی داری دارستانەکان و بوونی زۆری کارگە پیشەسازییەکان و زۆریی ژمارەی ئۆتۆمبێل و فڕێدانی پاشەڕۆکان، بە سەرچاوەی ڕەگی هۆکاری ئەم کێشانە لەبەرچاو دەگیرێت، دەردەکەوێت کە زۆرینەی ڕەهایان بۆ پیسبوونی ژینگە سەرچاوەکەی مرۆڤەکانن، هەر لەبەر ئەمەشە زۆرێك لە مرۆڤەکان لەبلاوکردنەوە پیسی لەسەر زەوی هاوبەشی دەکەن.

خوای گەورە دەفەرموێت: «ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ»(الروم:٤١).. پیسبوونی ژینگە، وەك دەزانرێت ئەوەی زۆرترین هاوسەنگیی ژینگە تێك دەدات، مرۆڤە، لە بەکارهێنانی زیادەڕۆیی پاشماوەی خواردن و خواردنەوە و بەفیڕۆدانی بە شێوەیەکی مەترسیدار لە ژینگەدا.

## ● تێڕوانینی قورئانی بۆ ژینگە

لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا - ئەو قۆناغەی کە قورئان تێیدا دابەزیوە - تێڕوانینی بەرانبەر بە جیهان گۆڕی و بیرێکی گەردوونی لەسەر بنەمای ژینگەیەکی نوێ پێکهێنا. ئەو ژینگەیەی کە بۆ مرۆڤەکان بوو. وەك شتێکی فەرامۆش نەکراو و بەکەڵك دەردەکەوێت، هەر بۆیە یەکێك لە کارە بەدیهێندراوەکانی خوای گەورە کە مرۆڤی لە ژینگەیەکی پاك و خاوێن تێیدا دروست کردووە .

## ● توخمەکانی ژینگە لە قورئاندا

١ - دروستکردنی گەردوون

یەکەم بەڵگەی بەستنەوەی قورئانە بە گەردوونەوە کە ئاسمان و زەوی دروست کردووە بۆمرۆڤ لە ژینگەیەکی پاکدا .

خوای گەورە دەفەرموێت: «بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُنْ لَهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ»(الأنعام:١٠١).

بەڵام ئەم دروستکردنە بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو بە زانین و توانا و ویستی بەدیهێنەر بووە. چەمکی بەدیهێنان یەکێکە لە سوودەکانی ئیسلام بۆ مرۆڤ کە لە ژینگەدا پاك و خاوێن بێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: «الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ * وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ * وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ * أَلاَّ تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ»(الرحمن:٥-٨).

دروستکردنی ڕووناکیی مانگ و خۆر لە گەردووندا، سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەو هاوسەنگییەی کە لە ژینگەدا نیشان دەدات بۆ

> **مرۆڤی ئێستا کە دۆزەرەوەی سەرسوڕهێنەرەکانی بواری زانست و تەکنەلۆجیا بووە، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا بکات**

> **دروستکردنی ڕووناکیی مانگ و خۆر لە گەردووندا، سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەو هاوسەنگییەی کە لە ژینگەدا بە مرۆڤ نیشان دەدات**



**مامۆستا عەزیز جەبار مەنتک**

بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوەی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

مرۆڤ، دەبێت هاوسەنگی ڕەچاو بکەین لە ژینگەی زەویدا.

٢- ئاو سەرچاوەی ژینگەی مرۆڤە.

لە ئاودا سرووشتیکی جوان لە زەویدا دەبێنرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ پاکیی ژینگە بپارێزێت کە تێیدا دەژیت.

قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە ئاو سەرچاوەی ژینگە و ژیانە. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ». لە ئاو هەموو شتێکمان دروست کردووە. ئاو بە بناغەی یەکەم دادەنرێت بۆ ژینگەی مرۆڤ کە زیدەڕۆیی تێدا نەکات بە گوێرەی پێویست بەکاری بهێنێت . خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: «وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ» (المؤمنون:١٨) لە ئاسمانەوە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو، ئاومان بۆتان باراندووە، بە جۆرێ کە نە ئەوەندە زۆر بێت، مرۆڤ بخنکێنێ، نە ئەوەندەش کەم بێت کە زەوی و گژوگیا وشك ببێ و نەڕوێت لە ژینگەدا. چونکەئەوەی بە هۆی بارانەوە دەڕوێت و ئۆکسجینی پاك بەمرۆڤ دەدات.

٣- سوودی دەریا و زەریاکان بۆ ژینگەی مرۆڤ.

خوا ی گەورە مرۆڤی لەسەر زەوی جێنشین کردووە لە ژینگەیەکی پاکژدا و ئاگاداری کردووەتەوە لە سوودوەرگرتن لە دەریا و زەریاکان.

خوای گەورە دفەرموێت:«هُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ» (النحل:١٤). دەریا و زەریا بەڵگەی بوونی خوای گەورەیە هەر ئەو زاتە دەسەڵاتدارییە کە بۆ ئێوەی دروست کردووە لە ژینگەدا هەتا ئێوە سوودی لێ وەربگرن و کەشتییەکان دەبینن کە ڕۆیشتن لە دەریا دەکەن. سوپاسی خوای گەورە بکەن، لەسەر ئەو هەموو بەهرانەی پێی بەخشیون لە ژینگەدا. خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: «وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا»(الإسراء:٦٦).

ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤ گرتووە لەسەر زەوی و خواردنمان پێ بەخشیوە و بەرزمان کردووەتەوە لەسەر تەواوی دروستکراوەکانی خۆی و ژینگەیەکی پاکمان بۆ ڕەخساندووە لەسەر ژینگەی زەویدا.

٤-سوودی باران بۆ ژینگەی مرۆڤ.

باران یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ژینگە بۆ پاککردنەوەی توخمەکانی زەوی بەو پێیەی هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ، ڕزگاربوونی لە وشکەساڵی و بەبیابانبوون کە تینوویەتی لەسەر ڕووی زەوی لە ژینگە ڕوو دەدات.

خوای گەورە دەفەرموێت: «الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ» (البقرة:٢٢). زەوی کە بەشێکە لەم گەردوونە، بۆ مرۆڤ ئامادە کرا و دیاری کرا و دامەزراوە، ئاسمان سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی زەوی دابین دەکات، بۆ ئەوەی بەدیهێندراوەکانی لە سرووشت گەشە بکەن و لە ژینگەیەکی پاکی زەویدا بژین.

**باران یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ژینگە بۆ پاککردنەوەی توخمەکانی زەوی بەو پێیەی هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ**

**ئاسمان سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی زەوی دابین دەکات، بۆ ئەوەی بەدیهێندراوەکانی لە سرووشت گەشە بکەن و لە ژینگەیەکی پاکی زەویدا بژین**

**سۆزان سۆفی:**

**ڕاهێنەری دۆمانتیسیوری و شارەزا لە ئاشتەوایی خێزان**

# هۆکاری دروستبوونی فەلسەفەی «دۆمانتیسیوری» ئەوەیە کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەروەردەی منداڵەکانمان بکەین

سۆزان سۆفی سەرەتا لە بارەی پسپۆڕییەکەی خۆی دەڵێت: «ئێمە لە فەلسەفەی دۆمانتیسیوری پێشگری لە ڕوودانی کێشە پەروەردەییەکان دەکەین، کە لەم سەردەمەدا پەروەردەکاران و کۆمەڵگەش بەگشتی نیگەران کردووە، وەك: ئۆتیزم و دواکەوتنی قسەکردن و فرەجووڵەیی، زیاد لەوەش منداڵی ئاسایی خێراتر گەشە دەکەن و لە تەمەنێکی زووەوە فێری خوێندنەوە و حیسابی چەندێتی دەبن .لەم ڕێگەیەوە هەوڵ دەدەین دایکایەتی و باوکایەتییتان بەلاوە ئاسان بکەین». گوتیشی: «من لەساڵی ٢٠٠٨ تا ئێستا سەرقاڵی خۆئاشناکردنم بە فەلسەفەی مونتیسیوری، لەو کاتەوە زنجیرەیەك سیمینار و دیمانەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییم لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام داوە، هەروەها چەندین خولیشمان لەسەر ئەم بابەتە کردەوە. ئەو فەلسەفەیە بە گشت خەڵکی کوردستان نامۆ بووە، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی پەیڕەو دەکرێت، هەوڵی ئەوەم داوە دامەزراوەیەکی تایبەت بە مونتیسیوری دابمەزرێنم، بەڵام بەهۆی زۆریی تێچووی دامەزراوەکە نەمتوانی ئەوە بکەم، لەبەر ئەوە ناچار بووم بیرۆکەکە بگەیەنم، دوای ئەوە ئاشنا بووم بە بەرنامەی «دۆمان» کە ئەویش هیچی لە مۆنتیسوری کەمتر نییە، بگرە پێشکەوتووتریشە، بە هەمان شێوە بە دوای سەرچاوەکانی بەرنامەی «گلێن دۆمان»دا گەڕام و زیاتر بە ڕەهەندەکانی ئەو بەرنامەیەش ئاشنا بووم، بۆیە توانای خۆمم خستە سەر هەر دوو فەلسەفەی مۆنتیسوری و گلێن دۆمان، تاوەکو لەگەڵ ژینگەی کوردستان بگونجێت و «دۆمانتیسیوری»م لێی بەرهەم هێنا. لە ئێستادا جانتا پەروەردەییە فێرکارییەکە دروست بووە، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدام کە بە پوختی و بە بێ کەموکووڕی لە داهاتوویەکی نزیکدا بیخەمە بەر دەستی دایك و باوکان».

سۆزان سۆفی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دۆمانتیسیوری تێکەڵکێشی دوو بابەتە و زادەی هزری خۆمە و لە ئێستادا باخچەیەکی منداڵانمان هەیە، بەڵام دوودڵە لەوەی بڵێت: «سەد لە سەد بەو سیستەمە بەڕێوە دەچێت»، چونکە «منداڵەکانی لە تەمەنی چوار و پێنج ساڵییەوە هاتوونەتە لای ئەوان و ناتوانن لەگەڵ منداڵەکان بە تەواوی لەسەر ئەو بەرنامەیە کار بکەن». هەروەها بۆ کادیر و ڕاهێنەرانیش شتێکی تازەیە و کاتی دەوێت بۆ جێبەجێکردنی بە تەواوەتی. بە پێویستی دەزانێت دایك و باوکان زانیاریی زیاتر لەسەر شێوازی ئەو فەلسەفەیە بزانن، کە لەسەر دروستکردنی مرۆڤ بە هەموو لایەنەکانیەوە کاریگەری هەیە. گوتیشی: «بەرنامەمان لە دۆمانتیسیوری بۆ داهاتوو ئەوەیە کە دایەنگەیەك بۆ منداڵان و ئەکادیمیایەك بۆ دایکان و باوکان بکەینەوە، لەو ئەکادیمیایە دایکان و باوکان ئاشنا دەکەین بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان پێش لەدایکبوونیان، واتا دایکی دووگیان چۆن و بە چ میکانیزمێك لایەنی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی خۆی یان چۆن پێشوازی لە منداڵەکەیان دەکەن و بۆ گەشەی دروست یارمەتیدەری دەبن. لە فەلسەفەی دۆمانتسیوری پێمان وانییە دایك و باوك ڕەفتار و جووڵەی منداڵ دروست دەکەن، بەڵکو خودی منداڵەکە خۆی دروستی دەکات، بەڵام پێویستی بە ژینگەیەکی تەندروستە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە کە بەخێوکاران بۆی دەستەبەر بکەن، ئەوەش ئەرکی دایك و باوکە، وێڕای چاودێریکردنیان و پاراستنیان لەو مەترسییانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە» .

وەك باسی کرد، بە گوێرەی دۆمانتیسیوری، ئەو فەلسەفەیە هەر دوو زانای پەروەردەکار، پێیان وا بووە و سەلماندووشیانە کە منداڵ خاوەن بەهرە و توانایەکی ناوازەیە، بەڵام گەورەکان وردە وردە ئەو توانایە کپ دەکەن و ناهێڵن بەهرەکانیان سەرهەڵبدات و پێ بگات. لە

**ئێمە لە فەلسەفەی دۆمانتیسیوری پێشگریی لە ڕوودانی کێشە پەروەردەییەکان دەکەین، کە لەم سەردەمەدا دایک و باب و پەروەردەکاران و کۆمەڵگەشی بەگشتی نیگەران کردووە، وەک: ئۆتیزم و دواکەوتنی قسەکردن و فرەجووڵەیی**

**توانای خۆمم خستە سەر هەر دوو فەلسەفەی مۆنتیسوری و گلێن دۆمان، تاوەکو لەگەڵ ژینگەی کوردستان بگونجێت و «دۆمانتیسیوری»م لێی بەرهەم هێنا**



دۆمانتیسیوری فەلسەفەیەکی پەروەردەییە لە تەمەنی یەك ڕۆژە، تا تەمەنی پێنج ساڵی لەسەر منداڵ جێبەجێ دەکرێت. فەلسەفەی دۆمانتیسیوری لەلایەن سۆزان سۆفی ڕاهێنەری ڕاهێنەرانی مۆنتیسۆری و شارەزا لە ئاشتەوایی خێزان بە پشتبەستن بە دوو فەلسەفەی پەروەردەیی داهێنراوە. بە مەبەستی زیاتر ئاشنا بوون بە فەلسەفەی دۆمانتیسیوری، سۆزان سۆفی لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لەوە دەکات کە چۆن گەیشتووەتە ئەم بیرۆکەیە و تیشك دەخاتە سەر فەلسەفە پەروەردەییەکان و چەمکەکانی پەروەردە، هاوکات ڕاهێنانی منداڵان بۆ بەخێوکاران شی دەکاتەوە. لە ڕێگەی ئەم فەلسەفەیە ڕێگری لە تووشبوونی منداڵ بە ئۆتیزم و فرەجوولەیی و دواکەوتنی قسەکردن دەکات.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

فەلسەفەی دۆماندا منداڵان لە تەمەنی یەك ڕۆژی تا تەمەنی ١٨ مانگی توانای فێربوونی شتگەلێکی ناوازەیان هەیە، کە پەروەردەکاران لێی بێ ئاگان، گوتیشی: بەپێی ئەو فەلسەفەیەی کە باسمان کرد، بەخێوکاران ژینگەی تەندروست بۆ ئەو منداڵە دروست دەکەن، بە پێچەوانەی لای خۆمان کە منداڵ لەناو چواردیوار ژیان دەکات. واتە ئەوەی پەیوەندی بە منداڵەکەوە هەیە، سەبەتەیەکە، کەلوپەلی یاریکردنی تێدایە، لەناو دایەنگەکانیش دەبینین بە هەمان شێوە سیسەمێکی نووستن و چەند یارییەکی میکانۆ و تۆپ و بووکەڵە هەن، لە کاتێکدا منداڵ زۆر لەوانە زیاتری پێویستە، ئەگەر بۆی بکرێت، نەك بە شێوەی هەڕەمەکی پەروەردە بکرێن. کە دێتە باخچەی ساوایان و قوتابخانە، دەبینی ئەو منداڵە تووشبووی ئۆتیزمە جوولەی زۆرە، چونکە وزەیەکی زۆری لە ناخدایە، بێ ئەوەی ئاراستە کرابێت. لەو حاڵەتەدا پێویستە جوولەکانیان ئامانجدار بکرێت، نەك کۆنترۆڵ بکرێت. هۆکاری دروستبوونی ئەو فەلسەفەیە ئەوەیە کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەروەردەی منداڵەکانمان بکەین و لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سەردەم هەنگاو بنێین.»

سۆزان سۆفی ڕای وایە: «کاتی ئەوە هاتووە کە ئاراستەی پەروەردەکردن بگۆڕین». هاوکات دەڵێت: لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەداین کە ئەو ژینگەیەی کە پێویستە بۆ منداڵەکانمان لە هەردوو ڕووی ماددی و مەعنەوی بیرەخسێنین، ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان ڕێ بکەن، نەك بە هەمان شێوە تەقلیدییەکەی کە ئێمە لەسەری پەروەردە کراین، ئەوەش پێویستی بە هەنگاوێکی گەورە و خێرا و بوێر هەیە. منداڵەکەم هەویرێك نییە، من چیم بوێت، ئەوەی لێ دروست بکەم، پەڕەیەکی سپی نییە، چیم بوێت لێی بنووسم، مەدالیایەك نییە، بە ملمەوەی بکەم و شانازی پێوە بکەم، بووکەڵە دڵنەواکەم نییە. منداڵەکەم بیرۆکە، یان خەیاڵ، یان ویست و ئارەزوو، یان پێشبینییەکانی من نییە، ئەو کۆپییەك لە من نییە. ئەو ئازادە و ئەرکی من ئەوەیە لێی بگەڕێم و تەنیا لە کاتی پێویست تێکەڵ بە ژیانی بم. ئەرکی من ئەوەیە خۆم پڕ متمانە بکەم و متمانەی تەواویش بە تواناکانی منداڵەکەم بدەم، تاکو بەرەو باڵابوون هەنگاو بنێت. ئەو ڕاستییانەی لە ڕێگەی دۆمان فێری دەبین، ئەوەیە کە مێشك لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە گەشە دەکات، نەك بە خشتەیەکی کاتیی دیاریکراو. واتا منداڵی ئاسایی لە تەمەنی یەك ساڵیدا یەکەم هەنگاوەکانی دەست پێ دەکات، بەڵام ئەمەش نابێتە بنەمایەکی بەردەوام. کەواتە بابەتەکە بە تەمەن، یان خشتەیەکی زەمەنیی دیاریکراو وابەست نییە، بەڵکو وابەستەیە بە ڕادەی دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو کە تیایدا منداڵەکە مێشکی بەکار دەهێنێت و پەرە بە توانای بینین و بیستن و هەسی و جوولە و زمانەوانیی خۆی دەدات».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هۆکاری دروستبوونی ئەم بیرۆکەیە چی بووە؟ دەڵێت: «پەندێکی کوردیمان هەیە کە دەڵێت: گیا لەسەر بنچی خۆی دەڕوێت. ڕێك لە پەروەردەدا دەبینین گیا پەروەردەییەکانمان لەسەر هەمان بنچ دەڕوێنەوە. لە هەموو دونیادا گۆڕانکاری کراوە و بنچەکە توخمی جیاواز لە باو بەرهەم دێنێت، تەنیا ئێمەین لەسەر هەمان بنچ و هەمان توخم بەرهەم دێنینەوە. ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین بەپێی نوێترین زانستی سەردەم مامەڵە لەگەڵ مێشك و توانای منداڵەکانمان بکەین، هەم بۆ پێشگیریکردن لە کێشە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی منداڵان و هەم بۆ گەشەپێکردنی زیاتر و خێراتری مێشك و توانای منداڵی ئاسایی».

**بەرنامەمان لە دۆمانتیسیوری بۆ داهاتوو ئەوەیە کە دایەنگەیەک بۆ منداڵان و ئەکادیمیایەک بۆ دایکان و باوکان بکەینەوە**

**منداڵ خاوەن بەهرە و توانایەکی ناوازەیە، بەڵام گەورەکان وردە وردە ئەو توانایە کپ دەکەن و ناهێڵن بەهرەکانیان سەرهەڵبدات و پێ بگات**



# لە پەڕاوێزی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی نەهێشتن و کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەت

**وێـڕای هەوڵەکانـی حکومـەت و پەرلەمـان و ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ و داکۆکیکارانـی مافـی ئافـرەت، ڕێـژەی توندوتیژییـەکان دژ بـە ئافرەتـان لـە هەڵکشـاندایە و نەتوانـراوە سـنوورێك بـۆ ئاسـتی توندوتیژییـەکان دابنرێـت. هـاوکات سـاڵانە لـە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبـەر هەڵمەتێکـی ١٦ ڕۆژەی بەرفـراوان بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەسـت پـێ دەکات، واتـە لـە ٢٥ی١١ تـا ١٠ی١٢. ڕێکخـراوە پارێـزەر و داکۆکیکارەکانـی مافـی ئافـرەت لـە مـاوەی ئـەو ١٦ ڕۆژەدا بـە مەبەسـتی نەهێشـتن، یـان کەمکردنـەوەی توندوتیژییەکانـی دژ بـە ئافـرەت هەڵمەتێکـی چڕوپڕ ئەنجـام دەدەن. لـەم سـۆنگەیەوە دەپرسـین: بۆ کەمکردنـەوەی ڕێژە و ئاستی توندوتیژییـەکان پێویستە چی بکرێت؟ بەشداربووانی ئـەم ڕاپۆرتـەی گۆڤـاری گـوڵان وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەدەنـەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئیلهـام سـەبری ڕاوێـژکاری مەکتەبـی سـکرتاریەتی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، سـەرەتا باسـی ئـەوە دەکات کـە «توندوتیـژی بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە ژیانـی مرۆڤایەتـی و بـە چەندیـن جـۆر بەرانبـەر هـەردوو ڕەگـەز و تەنانـەت بەرانبـەر بـە سرووشـتیش ڕوو دەدات. هـاوکات دەڵێـت: «لـە هەمـوو وڵاتانـی جیهانـدا جیـاکاری کـە بەشـێکە لـە توندوتیـژی لـە نێـوان هـەردوو ڕەگـەزدا بـە ڕێـژەی جیـاواز دەکرێـت». ئـەو خاتوونـە چالاکـە ڕای وایـە: «لـە زۆرێـك لـە وڵاتانـی ئەورووپـادا جیـاوازی هەیـە لـە مووچـەی ئافرەتـان و پیاوانـدا، لـە کاتێکـدا لـە هەمـان کاتژمێرەکانـی ڕۆژدا کاردەکـەن، سـەرەڕای بوونـی ئـازاردان و بێبەشـکردن لـە خواسـتی ڕەوا، تـا دەگاتـە کوشـتن، لـە کوردستانیشـدا توندوتیـژی بـەدی دەکرێـت، بـەڵام هەوڵێکـی زۆر هەیـە بـۆ نەهێشـتنی، بـۆ نموونـە کۆمەڵێـك یاسـا و ڕێسـا لەلایـەن پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بڕیاریـان لـێ دراوە، وەك یاسـای ژمـارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ واتـە یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژ بـە ئافرەتـان، بـەڵام لـە گـەڵ ئەوەشـدا نەتوانـراوە کۆتایـی بـە توندوتیـژی بەرانبـەر بـە ئافرەتـان بهێندرێـت. بۆیـە زۆر پێویسـتە بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك پرۆسـەی هۆشـیارکردنی کۆمەڵگـە بـە هەمـوو چیـن و توێژەکانیـەوە ببێتـە بەرنامـە لەلایـەن دامودەزگاکانـی حکومـەت و کۆمەڵگـەی مەدەنـی و جێبەجـێ بکرێـت. زۆر گرنگـە لـە قۆناغەکانـی خوێندنـدا بابەتـی یەکسـانی و هەماهەنگـی لـە نێـوان هـەر دوو ڕەگـەزدا وەکـو بابەتێکـی خوێندنـی سـەرەکی گرنگـی پـێ بدرێـت، بـۆ ئـەوەی نەوەکانـی داهاتوومـان بتوانـن باشـتر خۆیـان لـە توندوتیـژی بپارێـزن. هەروەهـا بەتایبەتـی زۆر پێویسـتە ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ هەمـوو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان لـە بـواری دەسـتەبەری مافـی ئافرەتـان کاری بـەردەوام بکـەن، دوور لـە ئینتیمـای فکـری بـۆ ئـەوەی پرسـی ئافـرەت بە گشـتی و نەهێشـتنی توندوتیـژی و جیـاکاری بکرێتـە پرسـێکی سـەرجەم کۆمەڵگـە». گوتیشـی: «لـە بۆنـەی (٢٥)ی نۆڤەمبـەردا بەدرێژایـی ئـەو (١٦) ڕۆژە پێویسـتە

**لە هەموو وڵاتانی جیهاندا جیاکاری کە بەشێکە لە توندوتیژی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بە ڕێژەی جیاواز دەکرێت**

**لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپادا جیاوازی هەیە لە مووچەی ئافرەتان و پیاواندا، لە کاتێکدا لە هەمان کاتژمێرەکانی ڕۆژدا کاردەکەن**

**پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پرۆسەی هۆشیارکردنی کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە ببێتە بەرنامە لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و جێبەجێ بکرێت**

**زۆر گرنگە لە قۆناغەکانی خوێندندا بابەتی یەکسانی و هەماهەنگی لە نێوان هەر دوو ڕەگەزدا وەکو بابەتێکی خوێندنی سەرەکی گرنگی پێ بدرێت**

**پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بواری دەستەبەری مافی ئافرەتان کاری بەردەوام بکەن**

ڕێکخراوەکان و زانکۆکان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە هەماهەنگ بن لە نواندنی چالاکیی جۆراوجۆر و ڕێکخستنی مێزگرد و کۆڕ وسمینار و پەنێڵ» جەختی لەوەش کردەوە کە ئافرەتانی کوردستان لەم چوارچێوەیەدا پلانی تایبەتیان هەیە لەسەر ئاستی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ڕێپێوانێك ئەنجام دەدەن لەگەڵ پێشکەشکردنی یاداشتێك بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی کوشتنی ئافرەتان».

لیا سەیفەدین بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کودستان لە سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە «یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن فێمینستەکانی ئەمریکا ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەکو ڕۆژی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەستنیشان کرا. دەستنیشانکردن و ناساندنی ڕۆژێك وەك ڕەمزی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، دوای گردبوونەوە و نارەزایەتیی بەردەوامی ئافرەتان بوو دەر بارەی (نایەکسانی، جیاکاری، توندوتیژیی ناو خێزان، توندوتیژیی جەستەیی، سێکسی و توندوتیژیی دەروونی بەرانبەر بە ئافرەتان، هەروەها دەستدرێژیی سێکسی، بازرگانیکردن بە ئافرەتان، خەتەنەکردنی مێینە و...هتد)، ئەو دەربڕینی نارەزاییەتییە بەردەوامە، نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچار کرد بە دەستنیشانکردنی ڕۆژێك وەك ڕەمز و هێما بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، هەر بۆیە دوای چەند کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩١ ڕۆژی (٢٥)ی نۆڤەمبەری وەك ڕۆژی جیهانیی توندوتیژی دژی ئافرەتان ناساند». هاوکات دەڵێت: «هەڵمەتی نیشتیمانیی توندوتیژی دژی ئافرەتان، هەڵمەتێکی گشتگیرە و لە سەرتاسەری جیهان ساڵانە ئەم هەڵمەتە بۆ ماوەی (١٦) ڕۆژ بەردەوام دەبێت، لە هەرێمی کوردستانیش ئەم هەڵمەتە زۆر بە گرنگییەوە کاری لەسەر دەکرێت». گوتیشی: «ئاشکرایە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام شێوازەکەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی، هەروەها لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دی دەگۆڕێت. لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی کەلتووری پیاوسالاری کە ڕیشەی درێژ بووەتە بۆ ناو کۆمەڵگە، بە زەقی توندوتیژی و نایەکسانی دژ بە ئافرەتان دەکرێت، هەر لەبەر ئەم هۆیە نەهێشتنی توندوتیژی پێویستی بە هۆشیاریی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی تاکەکان هەیە، پێویستی بە گیانی لێبووردەیی لە نێو کۆمەڵگە و تاکی کوردستانیدا هەیە، چونکە هەنگاوی سەرەتای نەهێشتنی توندوتیژی، بەوە دەبێ چۆن پەرە بە گیانی لێبووردەیی و پێکەوەهەڵکردن و یەکتر قەبووڵکردن بدەین».

بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کودستان لە سلێمانی، بە پێویستی دەزانێت، «لە هەڵمەتی نیشتمانیی ١٦ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بۆ ئەمساڵ سەرەتا چەند هەنگاوێکی زۆر گرنگ بنرێت، لەوانە: ڕۆڵ و گرنگیی زیاتر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بدرێت، هەروەها دروشم بگۆڕین بۆ کاری واقیعی، واتە هەموو تاکێك خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و بە هاوکاریی ڕێکخراوەکان و میدیا و حکومەت پێکەوە دەست لە ناو دەست بە ئەجێندایەکی یەکگرتوو بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە کار بکەن. هەروەها لەگەڵ ئەوەش پێویستە لەلایەن دادگاکان و حکومەتەوە سزادانی قورس بۆ ئە کەسانە دابنرێت کە نزیکترین کەسی خۆیان ژن، خوشك و کچیان لەژێر ناوی شەرەف دەکوژن».

ئەندازیار نەوزاد بابا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین لەسەر جادە و بەردەم کامێرا و هاتوهاوارکردن کە گوایە ئەم مەراسیم و کۆبوونەوانە ژن لە توندوتیژیی پیاوەکان ڕزگار دەکات و ماڵ و ناخی ژن دەبێتە شامی شەریف، هەرگیز و هەرگیز بەم شێوەیە و بەو جۆرە دەنگە دەنگە ژنێك لە لێدان و نارەحەتی و بێتاقەتی و ئیهانەکردن نەجاتی نابێت، ئەوە خەونە و خەیاڵ. ژن ناخی دەسووتێ و ڕۆحی بریندار دەبێت، کاتێك توندویژی بەرانبەر بە گیان و دەروونی دەکرێت، بە ئازاردان و دەرکردن و لێدان بێهێز نابێت و باکی نییە. ژن لە کاتی وادا حیساب بۆ تفلێکردن و تەڵاقدان و داروبەرد ناکات. ژن مادەیەکی مەعنەوییە نەك ماددی. ژنێکی توند، پیاوێکی تیژی دەوێ کە عاشقی بکات، توندو تیژی ئەوەیە کە پیاوێك ژنێ عاشق بکات و لێی هەڵبێت. هەموو شتێکی ژنێك تەنیا پیاوێکە، ژنەکان ناتوانن هەرگیز توندوتیژی دژی خۆیان کەم بکەنەوە، بۆ هەر ژنێك تەنیا یەك پیاو هەیە، ئەگەر دەستی نەکەوت، هەموو پیاوانی دونیا بۆ ئەو ژنە توندوتیژین». گوتیشی: «ژنێك توند دەبێتەوە بە تیژبوونی عەشقی پیاوێك، هەرچی هەیە بۆ مەسەلەی ژن لەم سەر زەوییە زیادەیە، جگە لەو پیاوەی کە دەچێتە ناخی ژنەکەوە».

ئاواز شێرزاد چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «مێژووی دیاریکردنی هەڵمەتی ٢٥ی نۆڤەمبەر دەگەڕێتەوە بۆ ١٧ی



کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٥٤/١٣٢ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ٢٥ی ١١ وەك ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستنیشان کرد. لەدوای ئەم بڕیارە هەموو ساڵێك لەم بەرواره هەڵمەتێکی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە جیهان ڕادەگەیەندرێت، لەهەرێمی کوردستانیش ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی ئەم هەڵمەتەدا، چەندین چالاکی لەسەر ئاستە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێت». سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ئەو ماوەیەش گوتی: ئەوە ڕێکارێکی دروستە و ڕۆڵی ئەرێنی هەیە لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگە، بەڵام کافی نییە و پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بەو ڕێکارانە لە تەواوی ساڵدا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بێت کە لەم هەڵمەتەی شازدە ڕۆژە ئەنجامی شەونخوونی تەواوی ساڵەکە بخرێتەڕوو، چونکە لەگەڵ بوونی ئەم هەموو ڕێکارە یاسایی و کۆمەڵایەتییانە، هێشتا ئامارەکان پێمان دەڵێن: کۆمەڵگە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بنبڕ بکرێت. واتە ئافرەت قوربانیی زۆرێك لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانە و هێشتا لە ناو خێزان و کۆمەڵگە و زۆرجاریش لە ناو دامودەزگاکان بە هەموو جۆرەکانیەوە توندوتیژی بەرانبەر دەکرێت، ئەمەش وادەکات ئافرەت دەستبەرداری مافەکانی ببێت و لەهەمان کاتدا زۆر جار لە ئەنجامی کێشە و ململانێی نێوان خێزانەکان ببێتە قوربانیی یەکەم».

ئاواز شێرزاد پێشنیار دەکات: «حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زیاتر بە بواری هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان بدات، چونکە دواجار خێزان کۆڵەکەی کۆمەڵگەیە و لە ناو خێزاندا پەروەردەی ناتەندروست، وادەکات توندوتیژی لەر هەڵکشاندا بێت و زۆر جار توندوتیژییەکان لە چوارچێوەی خێزان دەردەچن و کارەساتی مەزنی بە دوادا دێت». گوتیشی: «حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی دامودەزگاکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی، ڕێگریی زیاتر لەو دیاردەیە بکات. هەروەها لیژنەیەکی باڵا بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بەو بوارە دروست بکرێت و سەرلەنوێ بەرنامەی کارەکانیان ڕێك بخرێت، کە بە شێوەیەك بێت لە خزمەت ئافرەتان بێت، نەك هۆکارێك بێت بۆ زیاترکردنی توندوتیژییەکان، لەلایەکی دیکەوە پێویستە سەنتەرەکانی ڕاوێژکاریی خێزانی گرنگییەکی زیاتریان پێ بدرێت، تا بتوانن هۆشیاریی زیاتر بڵاو بکەنەوە و ببنە چەترێك بۆ پاراستنی بەها گرنگەکانی خێزان، کە بە ڕای من ناوەندەکانی خوێندن باشترین شوێنن بۆ ئەوەی ئامانجی یەکسانیی ڕەگەزی و نەهێشتنی توندوتیژی تێدا پراکتیك بکرێت».

# هونەری تەلارسازی

هەموومان لە نێو ماڵ و خانوو، لە نێو بینا و تەلاردا دەژین. ڕەنگە کەم کەس لە ئێمە بیری لەوە کرد بێتەوە، ئاخۆ تەلار و بینا چۆن و بۆچی دروست دەکرێن؟ وەك چۆن ئێمە گوێ لە گۆرانی و موزیك دەگرین، بە بێ ئەوەی لە ڕیتم و ئاواز و مەقام و پەیژەی موزیك شارەزا بین، بە هەمان شێوە، شتێکی ئەوتۆ لە بارەی تەلارسازییەوە نازانین، بەڵام بە درێژایی ژیانمان لە ئامێزی ئەو هونەرەدا دەژین. ڕەنگە کەم کەسیش ئەوەی بە خەیاڵدا بێت و بۆ ئەوە چوو بێت، کە تەلارسازی هونەرێکی دێرینی بەرەی مرۆڤایەتییە.

ئا/ تاریق کارێزی




سەرەتای ئەم هونەرە، وەك سەرەتای هەموو شتێكی دی، سادە و ساكار بووە. ڕیشەی ئەم هونەرە بۆ ژیانی نێو ئەشكەوت و خانووی بەرد و قوڕی مرۆڤی بەرین دەگەڕێتەوە. دروست كردنی وار و هەوار وەك پێداویستێكی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ هاتە كایەوە. وەك چۆن باڵندە هێلانە و گیاندار لانەی بۆ خۆی چێ دەكرد، مرۆڤیش بە هۆشمەندیی خۆی و بە گوێرەی پێداویستی ژیان و جەستەی، خانووی دروست كرد. دروست كردنی بینا، هێدی هێدی لەگەڵ هەڵكشانی هەستی جوانخوازانەی مرۆڤ و گەشە كردنی هزر و شارستانیەت، بەرەو تەلارسازی گەشەی كرد، بە ئاراستەی ئەوە چوو، وەك هونەرێكی باڵای پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ و بۆ تێر كردنی هەستی ستاتیكاییانەی ئەو، نەشونمای كرد. كولتوور و میراتی شارستانی و بیر و باوەڕی نەتەوەكان، لەم هونەرەدا ڕەنگ دەداتەوە. لە دروست كردنی تەلار و بیناشدا، هەر جڤاكێك سوودی لە كەرەستەی بەر دەستی خۆی وەرگرتووە. لە ناوچەی شاخ و بەردەڵاندا، شاخ و بەرد، لە دەشت و ناوچەی گڵیندا، قوڕ و خشتی قوڕ بۆ دروست كردنی تەلار و بینا بەكار هاتووە. تەلارسازی ڕووكارێكی زۆر دیار و بەرجەستەی هەر شارستانیەتێكە. كاتێك ستوونی زۆر لە بینادا دەبینیت، تێدەگەیت ئەمە تەلارسازیی ڕۆمە، گومبەت و كەوانە و ستوونی نێوانیان، نیشانەیە بە تەلارسازیی ئیسلام، تەلار و خانووی گوێسانەداری سەر قووچەكیش، نیشانەیە بە تەلارسازیی چین و ژاپۆن و كۆریا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە گشتی.

تەلارسازی وەك قەبارە بەرەو بۆشایی ئاسمان هەڵدەكشێت، لەو هەڵكشانەدا دروست كردنی بۆشایی مەبەستە، چونكە تەلارسازی ئامێزی حەوانەوەی مرۆڤ و ژینگەی ژیان و مانەوەیەتی، هەر ئەو شوێن و بۆشاییەش بووە بە لانەی ژیار و شارستانیەت، بۆیە مرۆڤ هەردەم بایەخ بە تەلارسازی دەدات، كۆمەڵێك زانست و هونەری خستووەتە خزمەتی ئەم هونەرەوە. چڕ بوونەوەی ئەزموون و توانای زۆر بواری بەرەی مرۆڤایەتی لە نموونەی تەكنیك، زانست و هونەر لە ئامێزی هونەری تەلارسازیدا، نیشانەی ئەوەیە ئەم هونەرە بۆ ژیانی تێكڕای مرۆڤایەتی یەكجار گرنگ و هەستەوەرە. لە پاڵ ئەوەشدا، ئەو ئەرك و خەرجییەی مرۆڤ لە دروست كردنی تەلاردا بۆ بەدەست هێنانی جوانی دەیخاتە گەڕ، پاساوی ئەوەیە تەلارسازی وەك هونەرێك پێناسە دەكرێت، بەڵكوو بۆ خۆی كرۆكی هونەرە. هونەرێكی نزیك لە ژیان و ئاوێتە بە هەمەڕەنگی و فرە ڕەهەندیی ژیانەوە. ڤیتروڤیوس ئەندازیاری ڕۆم (سەدەی یەكەمی زایین) پێی وایە تەلار و بینای نایاب دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت: پتەو بێت، بە سوود بێت، جوان بێت. دووبارەیان دەكەمەوە، چونكە بۆچوونی ئەندازیارەكەی ڕۆم تا ئێستا لایەقی ئەوەیە بكرێتە دەستووری تەلاسازی. ئەو دەڵێت، پێویستە بینا و تەلار (پتەو بێت، بە سوود بێت، جوان بێت).

لە تەلارسازیدا، بە زانست و هونەر كار بۆ دروست كردنی دیزاین و نەخشەی تەلار دەكرێت، پاشان ئەو نەخشە و دیزاینە بەو جۆرەی خواست و پێداویستی ژیانی مرۆڤ دەستەبەر دەكات، بەرجەستە دەكرێت، لە سەر پەڕەی نەخشەوە دێتە سەر زەوی و خۆی دەنوێنێت. هەڵبەت تا ئەو كاتەی تەلار تەواو دەبێت، ڕێی تێ دەچێت گەشەی پێ بدرێت و چاكسازیی زیاتری تێدا بكرێت، بە ئامانجی ئەوەی لە ئەو پەڕی پوختی و بە گوێرەی خواستی خاوەن تەلار دەربچێت.

لەم سەردەمەدا بۆ بەجێ گەیاندنی خواستی ژیانی مرۆڤ و پڕ كردنەوەی هەستی جوانخوازانەی ئەو، دەكرێت لە سەرانسەری جیهانەوە دیزاینی زۆر چاك بە گوێرەی خواست بەدەست بێت، هیچ ڕێگرییەكیش بێ لە توانای دارایی، لە بەردەم هێنانی كەرەستەی بینا كردن و تەواوكارییەكانی ناو و دەری تەلاریش لە هەر شوێنێكی جیهانەوە، نییە و بەدی ناكرێت. بۆ دروست كردنی هەر بینا و تەلارێك چەندین ئەندازیاری بواری شارستانی و تەلارسازی و كارەبا و دیكۆر و ژینگە و هی دیكەش، بەشدار دەبن. چەندین بواری زانست و مەعریفەی مرۆڤایەتی (بیركاری، ئەندازە، تەكنۆلۆژیا، دەروونناسی، مێژوو، سیاسەت، فەلسەفە، كۆمەڵناسی، كولتوور، هونەر) لە دروست كردنی هەر تەلارێكدا ئامادەن. ئەم هونەرە ڕووكاری شارستانیەت و خەسڵەتی خۆماڵی و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی گەل و نەتەوە دەخاتە ڕوو. لەم ڕۆژگارەدا چەشنێك لە تەلارسازی دروست بووە، مۆرك و شێوەی جیهانگیریی بەم هونەرە داوە، دوایین پێشكەوتنی بوارەكە، بۆ هەر پرۆژەیەكی تەلارسازی لە هەر شوێنێكی جیهان بەردەستە. تەلارسازان لە دروست كردنی هەر تەلارێكدا مەرجی تیشكی خۆر و هەواگۆڕكێ و ڕووناكی و گەرما و سەرما، ڕەچاو دەكەن. تەلارسازی هونەرێكە زۆر ئاوێتە بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بووە. بۆیە هونەری ژمارە یەكی ژیانە، كە بە بڕوای من هێشتا وەك پێویست لە وڵاتی ئێمە بایەخی پێ نەدراوە. كەم و كوڕیی زۆر، بە گوتەی ئەندازیارانی تەلارساز، لە بینا و تەلاری ئێمەدا هەن.










# Top Gun و Jurassic World
## قۆناغێکی نوێی سینەما دەست پێ دەکەن

کۆتاییهاتنی قۆناغی پەتاکی کۆرۆنا لە بۆکس ئۆفیسی ئەمریکا و گەڕانەوەی چالاکیی سینەما بۆ پێش ساڵی ٢٠٢٠، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ فیلمەکانی جیهانی جوراسیك و تۆپ گەن، دوای سەرکەوتنەکانی دیکەی فیلمەکانی سپایدەرمان و دکتۆر سترەینج.
بەشی سێیەمی فیلمی "Jurassic World Domin-ion" دوای سێ ڕۆژ لە نمایشکردن لە ئەمریکا ١٤٣ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا، لە بەرامبەردا دووەم فیلمی Top Gun: Maverick لە یەکەم دەرکەوتنی لە ٢٧ی ئایارەوە ئاستی بەهێزی خۆی پاراستووە و دەستکەوتەکانی بەم جۆرە بوون:
لە هەفتەیەکدا ٥٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.
بەم ئەنجامانە فیلمی "Jurassic World Domin-ion" بەرزبووەوە بۆ لوتکەی لیستەکانی بۆکس ئۆفیس، داهاتەکەی ١٤٣ ملیۆن دۆلار بوو لە یەکەم دەرکەوتنی ناوخۆییدا، سەرەڕای پێداچوونەوەی خراپی فیلمەکە، ٤٠٠ ملیۆن دۆلار لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دوای پێشکەشکردنی.
لە لایەکی دیکەوە، تۆپ گان ماڤریك توانی سەرەتای بەهێزیی خۆی لە ئەمریکا بە قازانجی باشیش بپارێزێت و کۆی قازانجەکانی جیهانی گەیشتە نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن دۆلار.
قازانجی بۆکس ئۆفیس بۆ ئەم هەفتەیە تەنیا سێیەم جارە لە سەردەمی پەتاکەدا کە فرۆشی بلیتی فرۆشراو بۆ سەرجەم فیلمەکان دەتوانێت ٢٠٠ ملیۆن دۆلار تێپەڕێنێت.
شرۆڤەکارانی سینەما گەشبینن دوای ئەوەی لە کۆتایی هەفتەدا دوو فیلمی بەناوبانگی بۆکس ئۆفیسی بەرز کردەوە، پێیانوایە کە ئەوە نیشانەیەکی نایاب بوو بۆ ئەوەی لە هاویندا بینینی فیلم بەردەوام دەبێت لە گەشەکردن. ئەمەش وا دەکات ئاستی ئامادەبوون لە سینەما هاوشێوەی ئەو ئاستانە بێت کە پێش سەردەمی کۆرۆنا هەبووە، پێشبینی پێشکەوتنیش دەکات لە نمایشکردنی فیلمە زەبەلاحەکان کە دوو ساڵ لەمەوبەر بەهۆی ترس لە زیانەکان و دوورکەوتنەوەی جەماوەر دواخران.





# ئیڤانجیلین لیلی ڕەخنە لە کوتانی ناچاریی کۆرۆنا لە ئەمریکا دەگرێت

خنمە ئەکتەری هۆڵیود ئیڤانجیلین لیلی ڕەخنەی توندی لە کوتانی ناچاریی کۆرۆنا گرت و ڕایگەیاند کە لە گردبوونەوەیەکدا بووە لە واشنتۆن دی سی (بۆ پشتیوانی لە سەروەری جەستەیی) و بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە کوتانی ناچاری بۆ Covid.

ئیڤانجیلین لیلی دەڵێت: «من پێموایە هەرگیز نابێت کەس ناچار بکرێت بەپێچەوانەی ویستی خۆیەوە هیچ شتێك بخاتە ناو جەستەی خۆی لەژێر هەڕەشەدا، وەك چۆن قبووڵکراو نییە هێرشی توندوتیژانە، دەستگیرکردن یان دەستبەسەرکردن بەبێ دادگاییکردن، لەدەستدانی کار، بێماڵ و حاڵبوون، برسێتی، لەدەستدانی خوێندن، دابڕان لە ئازیزان، دەرکردن لە کۆمەڵگە، لەژێر هیچ هەڕەشەیەکدا قبوڵ نییە.»

ئیڤانجیلین لیلی هەروەها لە پۆستەکەیدادەڵێت: «ئەمە ڕێگە نییە، ئەمە سەلامەت نییە، ئەمە شتێکی باش نییە، ئەمە خۆشەویستی نییە، تێدەگەم کە جیهان لە حاڵەتی ترسدایە، بەڵام پێم وانییە وەڵامدانەوەی ئەوە بێت بۆ ترسان بەهێز کێشەکانمان چارەسەر بکات.»

سەرەڕای ئەوەی بەرپرسان و پزیشکان لە هەموو جیهان دەیانگوت هیچ مەترسییەك لە وەرگرتنی ژەمەکانی ڤاکسینی Covid نییە، لەوانە کۆمەڵەی پزیشکی ئەمریکی، ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکی منداڵان، و سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی، کە کۆمەڵێك داتای هاندەرانەیان بڵاوکردەوە، تا هاوڵاتیان لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە بەتایبەت ئەمریکییەکان بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا وەربگرن، بەڵام ئیڤانجیلین لیلی دووپاتی کردەوە، ئەو هەمیشە باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤەکان هەبوو.

ئیڤانجیلین لیلی دووەم ئەکتەری مارڤێڵە کە ڕەخنەی خۆی لەبارەی کوتانەوە دەربڕیوە، لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەستێرەی بلاك پانتەر لێتیتیا ڕایت گرتەیەکی ڤیدیۆیی دژی کوتانی ناچاری لە سۆشیال میدیا بڵاوکردەوە، دواتر ئەکاونتەکانی لە تویتەر و ئینستاگرام وەستاند پێش ئەوەی داوای لێبوردن بکات، وتی مەبەستی ئازاردانی کەس نییە .

**سەرچاوە الفن السابع**

# نۆیەمین خۆلی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دهۆک لە کەمپی دۆمیز فیلمەکانی نمایش دەکات




ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی تشرینی دووەم، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی سەرەکی بۆ خولی نۆیەمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک بەڕێوە چوو، تێیدا تیشک خرایە سەر ژمارەی فیلمە بەشداربووەکان، فیلمی کردنەوەی فیلمەکە، هەروەها سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکانی دەستەی دادوەریی فێستیڤاڵەکە، پۆستەری فێستیڤاڵەکە و ترەیلەری فەرمی فێستیڤاڵەکە. کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە لەلایەن وتەبێژی فەرمیی فێستیڤاڵەکە، هونەرمەند (مەسعوود عارف) بەڕێوە چوو.

سەبارەت بە ژمارەی ئەو فیلمانەی ئەمساڵ لە فێستیڤاڵەکەدا تۆمار کراون، بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵەکە ئاماژەی بەوەدا کە ژمارەی ئەو فیلمانەی گەیشتوونەتە بەرێوەبردنی فێستیڤاڵەکە (٥٧٠) فیلم بوو ن، جگە لەوەی ژمارەیەك فیلمی هەڵبژاردەی تیمی تەکنیکی لە فێستیڤاڵەکەدا،هەروەها (٩٨) فیلم لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بۆ نمایشکردن هەڵبژێردران، لەم ژمارەیە پێشبڕکێی فێستیڤاڵەکە (٥٥) فیلمی لەخۆ گرتبوو، کە (٢٧) فیلمی کوردی و (٢٨) فیلمی بیانیی تێدا بوو، ئەوانی دیکە لە دەرەوەی پێشبڕکێکە نمایش دەکرێن، فیلمەکانیش لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی و کەنەدا و ئەمریکا و سوید بە دە فیلم بەشداری دەکەن.

**کردنەوەی فیلم و لیژنەی ناوبژیوانان**

سەبارەت بە فیلمی دەستپێکی فێستیڤاڵەکە لای خۆیەوە شەوکەت کۆرکی ئاماژەی بەوەدا کە فیلمی (بووکی باران) لە دەرهێنانی حسێن حەسەن دەبێتە فیلمی کردنەوەی خولی نۆیەمی فێستیڤاڵەکە.

سەبارەت بە پێنج لیژنەی دادوەریی فێستیڤاڵەکە، کۆی گشتی بیست ئەندامیان لەخۆ گرتبوو، لیژنەی دادوەریی فیلمی درێژی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی دەرهێنەری کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا (سولین یوسف) و، بە ئەندامێتیی هەریەکە لە دەرهێنەری کوردی باشوور مەهدی ئومێد، دەرهێنەری کورد ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی پاریس (شەهرام عەلیدی) و (ئیلاهی نۆبەخت)، دابەشکەر و بەرهەمهێنەری ئێرانی و سویدی (مارکوس بارتاس) بوون. لیژنەی دادوەریی فیلمە درێژە کوردییەکان بە سەرۆکایەتی (مارکوس تێلێسیا)ـە، یەکێك لە بەرهەمهێنەرانی فیلمی (The Revenant) کە لیۆناردۆ دیکاپریۆ ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕێت، هەروەها یە ئەندامێتی هەریەك لە ڕەخنەگر و ئەکادیمیست (کەوسەر جبارە) دەرهێنەری لوبنانی لە فۆتۆگرافی (موریال ئەبولروس) و دەرهێنەری کورد (هوشیار نیروەیی) و بەرهەمهێنەری تورك بورهان ئۆزکانە. لیژنەی دادوەریی فیلمە دیکۆمێنتارییەکان لە سێ ئەندامی ئەڵمانی (ئەنایس پۆلێك)، بەڕێوەبەری پەیمانگای گۆتە لە هەولێر و دەرهێنەری کورد (ڕێبەر دۆسکی) پێك هاتبوون و بە سەرۆکایەتیی دەرهێنەری ئەمریکی (پاکستۆن وینتەرز) بوو. سەبارەت بە دەستەی سوێندخواردنی کورتە فیلمیش لە چوار کەس پێك هاتبوو، کە بە سەرۆکایەتیی (جێنیفەر)ی سویدی و دەرهێنەری کوردی ڕۆژئاوا (محەممەد شێخۆ) و (تونا کاپتان) خەڵکی ئەڵمانیا، هەروەها دەرهێنەری ئەفغانی نیشتەجێی هۆڵەندا (ئەبوزەر ئەمینی) وەك ئەندامانی لیژنە بوون. لیژنەی یەکێتیی ڕەخنەگرانی نێودەوڵەتی (FIPRISKE) پێکهاتبوو لە (سەلاحەدین شێن) لە تورکیا، لە یۆنان (ڤالێریۆس کیجازیاس) و لە ڕۆمانیا (جولیا دۆبری).

**نمایشی تایبەتی فیلمی (فاتح ئاکین)**

بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆك لە درێژەی قسەکانیدا بۆ میدیاکان ڕایگەیاند کە نمایشی تایبەتی فیلمی بەناوبانگی (ڕیین گۆڵد) لە دەرهێنانی (فاتح ئاکین)، کە خەڵاتی گۆڵدن کلۆپییە و چەندین خەڵاتی دیکەی بەدەست هێناوە، بە ئامادەبوونی خۆی و کارەکتەری سەرەکی و دەرهێنەر نمایش دەکرێت.

بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆك ئاماژەی بەوەش کرد، کە جگە لەو هۆڵانەی سینەما کە ساڵانە چالاکیی سینەمایی پیشان دەدەن، فێستیڤاڵەکە بڕیاری داوە ڕۆژانە فیلمە بەشداربووەکانی پێشبڕکێیەکە لە هۆڵی کەمپی ئاوارەکانی (دۆمیز)یش بکرێت، چونکە بابەتی سەرەکیی فیلمەکانی ئەم خولەی فێستیڤاڵەکە کە تاوتوێ دەکرێت، بریتییە لە (کۆچبەری).

کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بە ڕاگەیاندنی لیستی فیلمە بەشداربووەکانی فێستیڤاڵەکە لە بەشی کوردی کۆتایی هات، کە ٤٧ فیلم لەخۆدەگرێت، ٢٧ فیلم لە چوارچێوەی پێشبڕکێی فەرمیدایە، لەلایەن ڕەڤەند زەیدییەوە پرۆگرامسازیی بەشی فیلمی کوردی لە فێستیڤاڵەکەدا ڕاگەیەندران لەگەڵ فیلمە بەشداربووەکانی پێشبڕکێی فەرمی.

**بەشی پانۆرامای فیلمە کوردییەکان**

بەشی پانۆرامای فیلمە کوردییەکان یەکێکە لە بەشە هەمیشەییەکانی فێستیڤاڵەکە، لە گشت خولەکانیداك لە چوارچێوەی پرۆگرامی پانۆرامای فیلمە کوردییەکان، لە خولی نۆیەمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆکدا حەوت فیلمی دیکۆمێنتاری نمایش دەکرێت، لە نێویاندا دوو فیلمی درێژ، کە یەکەم فیلمی عێراقی خۆیان پیشان دەدەن لە نمایشی فێستیڤاڵەکەدا و، پێنج کورتە فیلم، لەوانە ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ئاستی جیهانیدا نمایش دەکرێت و، هەندێکیان نمایش بۆ یەکەمجار لە عێراقدا دەکرێن، چیرۆکی ئەم فیلمانە و ژینگە و پرسەکانیان لە نێوان مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا جیاوازە، ئەوانەی پەیوەندییان بە ناسنامەی کوردەوە هەیە، لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا دوانزە کورتە فیلمی گێڕانەوە نمایش دەکرێن.

رەنا بەرەکات:

**یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان قەزای ئاکرێ**

# هیوادارم بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەم



یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان تاکو ئێستا وەکو پێویست گرنگی پێویستی پێ نەدراوە لە قەزا و ناحییەکانی کوردستان، بەڵام نەبوونی پاڵپشتی یاریزان لەلایەن بەشێك لە یانەکان کەسە دڵسۆزەکانیش سارد ناکاتەوە لە بەردەوام بوون لە وەرزش کردن، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم یارییە لە قەزای ئاکرێ کچە یاریزانی ڕاکەری ماوە درێژەکان رەنا بەرەکاتە لە دایك بووی ساڵی ٢٠٠٣ی قەزای ئاکرێیە، رەنا تاکو ئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەك رێك نەکەوتیە لەگەڵ هیچ یانەیەکی شارەکانی کوردستانت بۆ یاری کردن، بەڵام ئاست و ئەنجامیشی مایەی دڵخۆشکەرییە لەم یارییە، رەنا قوتابی پەیمانگای وەرزشیی قەزای ئاکرێیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد ئەوەیش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی گۆڕەپانومەیدان چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

- بەڕاستی ئاستی گۆڕەپان و مەیدان بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو کوردستان زۆر لاوازە بەهۆی نەبوونی پاڵەوانێتی، کە پێویستە ساڵانە چەند جارێك بکرێتەوە.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بەدڵنیاییەوە زۆر کاریگەریی هەیە لە سەر ئاستی ئەم یارییە، بە تایبەت نەبوونی پاڵەوانێتی بەردەوام ئاستی یاریزانەکان دادەبەزێت.

***پێت باشە چی بکرێت، بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز، بە تایبەت بۆ ئافرەتانی وەرزشکار؟**

- من وەکو یاریزانێکی گۆڕەپان و مەیدان پێم باشە جگە لە پاڵپشتیکردنی لایەنە وەرزشییەکان، لەسەر ئاستی کوردستان بە گشتی زیاتر بایەخ بە یاریزانانی کچ بدرێت بۆ یارییەکان.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- لای من گرفتی سەرەکی نەبوونی پاڵپشتییە بۆ یاریزانەکان و نەبوونی پاڵەوانێتی، ئەوانە گرفتی سەرەکین لەم یارییە.

*** چ هەستێکت هەیە کاتێك یارییەکی قورس ئەنجام دەدەیت کە ڕاکردنە؟**

- من وەکو کچێکی وەرزشوانێك هەستێکی یەکجار خۆشم هەیە کەوا لەم تەمەنە منداڵییەدا ئەم یارییە قورسە ئەنجام دەدەم.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت ؟**

- هیوادارم لە داهاتوودا وەکو کچە کوردێك بتوانم بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەم.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەرانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، لای من باشترە پشت بە ڕاهێنەرانی خۆمان ببەستین، چونکە ئەوکات دەتوانین زیاتر وەرزش بەرەو پێش ببەین.

***داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- ماوەیەکی کەمە دەستم بە یاری کردووە، بەڵام ئاست و ئەنجامم وەکو پێویستە، بە گشتی داوا کارم لەلایەنی بەرپرسی وەرزشی لە دەڤەرەکەم کە زیاتر پشتیوانی یاریزانەکان بن و هاوکارییان بکەن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

-حەزدەکەم لە داهاتوو بەشداربم لە پاڵەوانێتی جیهانی بۆ ئەوەی بتوانم دەستکەوت بۆ وڵاتەکەم کە کوردستانە، بە دەست بهێنم.

*** بۆچی لەگەڵ یانەکان نابینرێیت؟**

-چونکە من هێشتا لە دەستپێکی کاروانی وەرزشیدام، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە بە ئاست و ئەنجامەکانم لەم ماوەیە توانیومە زیاتر جێگای پەنجەی خۆم لە شەقامی وەرزشیی بکەمەوە، ئەمەش بووە هۆکار کە هەندێك لە یانەکانی کوردستان چاویان لە سەر من بێت بۆ داهاتوو کە بتوانم گرێبەست لەگەڵیان ئەنجام بدەم.

***پاڵەوان بوون چی دەگەینی لای تۆ؟**

- لای من پاڵەوان بوون سەربەرزییە و زیاتر هانم دەدات کە بەردەوام بم بە ئاستی باشتر بەشداربم لە پاڵەوانێتییەکان.

***بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-سەرسامم بە یاریزان بۆلد کە یاریزانێکی جیهانییە و خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لە یاریی ١٠٠م.

*** یانەکان داوای یاریکردنیان لێ کردوویت؟**

-تا ئێستا نەخێر، بەڵام من باوەڕم بە هێز و توانای خۆم هەیە کەوا لە ماوەیەکی نزیك یانەکانی کوردستان داوای گرێبەستم لێ بکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامە، هیوادارم بەم شێوەیە خزمەتی وەرزشی ناوخۆ بکەن، خزمەتی سەرجەم شارەکان بکەن.




## مۆتینگ بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی مەرجی هەیە

چۆبۆ مۆتینگی کامیرۆنی لە بەرانبەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی دوو داواکاری لە یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی هەیە.
مۆتینگ وەرزی ئەمساڵ دوای ڕۆیشتنی لیڤاندۆفسکی ئاستێکی بەرزی لە یانە باڤارییەکە نیشان داوە و لە کۆی ١٦ سەرجەم پاڵەوانێتییەکان ١١ گۆڵ و سێ ئەسیستی کردووە.
گرێبەستی مۆتینگی ٣٣ ساڵ لەگەڵ یانەی بایرن میونخ هاوینی داهاتوو تەواو دەبێت و بەرپرسانی یانە ئەڵمانییەکەش ماوەی مۆندیال بە دەرفەت دەزانن تا ئەوەی گرێبەستی یاریزانەکە نوێبکەنەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی یاریزانەکە لە بەرانبەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی داوای کردووە مووچەکەی لە کەمی بۆ دوو هێندەی ئێستا بەرزبکرێتەوە و گرێبەستە نوێیەکەشی بۆ وەرزێک زیاتر بێت.
سەرچاوەکە باسی لەوە کردووە، کارگێڕی بایرن میونخ لە بەرزکردنەوەی مووچەی یاریزانەکە گرفتی نییە، بەڵام یاساکانی یانەکە بە جۆرێکە ڕێگە نادات یاریزانێک ٣٠ ساڵی تێپەڕاند بێت و گرێبەستەکەی لە وەرزێک یان دوو وەرز زیاتر بۆ درێژ بکرێتەوە.



## کریستیانۆ تووشی سزایەکی قورس بوو

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ یاریزانی پێشووی یانەی مانچستەر یۆنایتد لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرە سزایەکی قورسی بەسەردا سەپا، بە تۆمەتی هەڵسوکەوتی ناتەندروست و شکاندنی مۆبایل لە دەستی هاندەرێکی یانەی ئێڤەرتۆن.
کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، کە گرێبەستەکەی لەلایەن یانەی مانچستەر یۆنایتد هەڵوەشێندرایەوە، یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرە بە تۆمەتی بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڵسوکەوتی ناوەرزشی کاتێك مۆبایلی هاندەرێکی خستە سەرزەوی و شکاندی، بە بڕی ٥٠ هەزار پاوەند سزای دا و بۆ دوو یاریش سڕ کرا.
بە گوێرەی سزایەکە هەر کاتێك کریستیانۆ پەیوەندی بە یانەیەکی دیکەی خولی نایابی ئینگلیزی بکات سزایەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، کە ئێستا ئەو یاریزانە ناوی بە یانەکانی چێڵسی و نیوکاسڵ بەستراوەتەوە.
کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئێستا لە قەتەر خۆی بۆ یارییەکانی مۆندیال ئامادە دەکات، بەڵام لە لایەن پۆلیسی مێرسیسایدی شاری لیڤەرپوولەوە لە بڕیارەکانی دادگا ئاگادار کراوە.
لە یاری نێوان مانچستەر یۆنایتد و ئێڤەرتۆن، کە یارییەکە ئەمساڵ لە نێو یاریگەی گۆدیسۆن پارك ئەنجام درا، کە تێیدا مان یونایتد ١ ـ ٠ دۆڕا، کریستیانۆ لە کاتی هاتنەدەرەوە لە تونێلی یاریگە مۆبایلی دەستی منداڵێکی یانەی ئێڤەرتۆنی خستە سەرزەوی و شکاندی، هەرچەندە کریستیانۆ لە سۆشیاڵ میدیا داوای لێبوردنی کرد و منداڵەکەشی بۆ یارییەك بانگهێشتی یاریگەی ئۆڵدترافۆرد کرد، بەڵام نەیتوانی لە سزایەکە ڕزگاری بێت.



# فەرەنسا بەدەست پێكان لە مۆندیال دەناڵێنێت

پێش دەستپێکردنی مۆندیال هەڵبژاردەی فەرەنسا چەندین یاریزانی گرنگ و سەرەکی لە دەستدا، کە ئەمەش نیگەرانی لە لایەن هاندەرانی فەرەنسا دروستکردووە و ترسی چوونەدەرەو لە مۆندیالی لێدەکرێت.

پێش مۆندیال هەریەکە لە کەریم بنزیما باشترین یاریزانی جیهان و کانتێ و پۆل پۆگبا و کێمبێپێ و ئێنکونکوی بەر لە مۆندیال لە دەستدا و لە یەکەم یاری خۆی لە مۆندیال دوای بردنەوەی لە هەڵبژاردەی ئۆستراڵیا یاریزان لۆکاس هێرناندێز تووشی پێکانێکی سەخت هات و ماڵئاوایی لە مۆندیال کرد و پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە.



# هەولێر پاڵەوانی تۆپی دەستی کوردستان بوو

بۆ ماوەی شەش هەفتە یارییەکانی خولی نایابی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان بە بەشداری شەش یانەی پارێزگاکانی کوردستان و، بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندی تۆپی دەستی کوردستان بەردەوام بوو، لەم ناوەشدا یاریزانانی یانە بەشدار بووەکان بەردەوام لە ململانێ دابوون، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن و نازناوی خولەکە بۆ خۆیان یەکلا بکەنەوە، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو تیپی تۆپی دەستی هەولێر و سلێمانی گەیشتنە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە، لە یاریی کۆتاییشدا کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان بەڕێوەچوو، هەردوو یانە رووبەڕووی یەکتری بوونەوە، بۆ ئەوەی نازناوی خولەکە بۆ خۆیان یەك لا بکەنەوە، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو تیپ بە درێژایی یارییەکە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، ئەنجامی کۆتاییش بۆ کوڕانی شاری هەولێر بە کۆتاهات، بە ئەنجامی (٤٠-٣٥)گۆڵ، بەم ئەنجامەش یانەی هەولێر بووە پاڵەوانی تۆپی دەستی کوڕانی یانەکانی کوردستان، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاریی بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا، لەو رووەوە مامۆستا سەرکەوت موحسین سکرتێری یەکێیی تۆپی دەستی کوردستان بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «خولەکانمان بەردەوامیی دەبێت، دەمانەوێت ئاستی تۆپی دەست لە کوردستان بەرەوپێش ببەین، بۆ ئەمساڵیش توانیمان خولێکی بەهێز بەرێوە ببەین و سوپاسی یانە بەشداربووەکانیش دەکەین کە توانییان ئاستی ڕاستەقینەی خۆیان پێشکەش بکەین، ئێمەش هەوڵ دەدەین خزمەتی زیاتری وەرزشی کوردستان بکەین، بۆ ئەوەی چالاکییەکانیشمان بەردەوام بێت».



# عەباس فەرەج تیپی کچان دروست دەکاتەوە

دوای ماوەیەك دابڕان لە مەشقدانەوەی تیپی فوتساڵی کچان لە شاری سلێمانی و دوورکەوتنەوە لە خولەکانی کوردستان و عێراقی، سلێمانی جارێکی تر دەبێتەوە خاوەن تیپێکی تۆکمەی فوتساڵ لە سەر ئاستی کوردستانیش دەیانەوێ کێبڕکێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستا عەباس فەرەج دەیەوێت تیپێك لە پارێزگای سلێمانی دروست بکات و شەڕی سەرجەم یانەکانی تری کوردستان بکات، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئامادەکارییەکانمان بەردەوامن بۆ ئەوەی تیپێك لە شاری سلێمانی دروست بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین کێبڕکێ بکەین لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکانی کوردستان و عێراقی، هۆکاری دواخستنی دروست کردنی تیپەکەش بەهۆی دیاری نەکردنی خولی فوتساڵ بوو بۆ ئاستی کچان، لەبارەی ڕێکەوتنیش لەگەڵ تیپەکان عەباس فەرەج گوتی: لە شاری سلێمانی لەگەڵ چەند تیپێك کۆدەبینەوە ئەگەر زانیمان تیپێك هەیە لەگەڵ ئێمە دە گونجێ بە دڵنیاییەوە لەگەڵیان ڕێك دەکەوین، بەڵام ئەگەر زانیمان ئەو کچانەی ئێمە هەر پشتگوێ دەخرێن ئەوا لەگەڵ تیپێکی دەرەوەی سلێمانی ڕێکدەکەوین، گوتیشی: یانەی دەرەوەی شاری سلێمانیش ئامادەی ئەوەیان نیشانداوە بۆ ئەوەی بە ناوی ئەوانەوە بەشداری لە خولی فوتساڵی کچانی نایابی یانەکانی کوردستان بکەین، ئەگەر هەر تیپ لە ناو شاری سلێمانی نەبێت، سەد لە سەد تیپەکە دروست دەکەینەوە دەچینە دەرەوەی شاری سلێمانی لەگەڵ تیپێك ڕێکدەکەوین بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کچە یاریزانانە بەردەوام بن لە یاری کردن و مەشقی بەردەوامیان پێ دەکەین بۆ ئەوەی ئاستی باشتر پێشکەش بکەین.



# چەند پاڵەوانێتییەکی وەرزشی بۆ پەروەردەی قەزاکان ئەنجام دەدرێت

بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی وەرزشی و دێدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر پشتگیریکردنی وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن، لە سنووری پارێزگای هەولێر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چەندین پاڵەوانێتیی وەرزشی، بۆ هەردوو ئاستی کچان و کوڕانی پەروەردەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتییەکە کە یازدە پەورەردەی قەزاکانی سنووری پارێزگای هەولێر لە خۆ دەگرێت، بڕیاری داوە هەریەك لە پاڵەوانێتییەکانی بالە و باسکە و فوتساڵ و چەندین پاڵەوانێتیی دیکەی وەرزشیی لە ئایندەدا بەرێوە ببات، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییانەش مامۆستا بێجان ئیبراهیم بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی و دێدەوانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «پلانی تۆکمەمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانین چەند پاڵەوانێتییەکی وەرزشی بۆ پەروەردە گشتییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر ئەنجام بدەین، بەرنامەی تەواومان داناوە بۆ ئەوەی دەست بە چالاکییەکانمان بکەین، سوپاسی مامۆستا لوقمان سەعید بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەکەین، بۆ ئەو هاوکارییە بەردەوامەی لە بواری وەرزشی و بۆ ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکانمان پێشکەشی دەکات، بەرنامەی تۆکمەمان هەیە بۆ هەستانەوەی وەرزش لە ناوەندی خوێندن، بڕیاریشمان داوە بە بەشداریی هەر ١١ پەروەردەکەی قەزا لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە ئەنجامدانی چالاکییەکانمان بکەینەوە»، هەروەها گوتیشی: «هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و دەمانەوێت لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر وەرزش ببەینە قۆناغێکی باشتر».





# هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی لۆچبوونی پێستی دەموچاو

ئەگەرچی لۆچبوونی پێستی دەموچاو Wrinkles بەشێکی سرووشتیی تەمەنە، بەڵام دەتوانرێت بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێك کرداری لۆچبوون دوابخرێت، یان کەم بکرێتەوە وەکو: نووستنی دروست لەسەر پشت شەوانە بۆ ماوەی ٨ کاتژمێر کە گرنگە بۆ تەندروستیی جەستە و دەروون، کەچی کەمخەوی هۆکارێکی هاندەرە بۆ تووشبوون بە خەمۆکی، کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە ئەگەری گرژبوونەوەی ماسوولکەکانی نێوچەوان و دەموچاو، کە بەرە بەرە دەبێتە هۆی پەیدابوونی هێڵی لۆچبوون، خواردنەوەی کاکاو زیاتر لە قاوە، پەیڕەوکردنی هەنگاوە باشەکانی گرنگیدان بە پێست وەکو: بەکارهێنانی سابوونی سووك و دوورکەوتنەوە لە زیاد شووشتنی دەموچاو، چونکە هۆکارە بۆ رامالینی چەوریی سرووشتیی پێست، زیاد خواردنی ماسی، بەتایبەتی جۆری سالمۆن بۆنموونە هەفتانە سێ جار بۆ دابینکردنی بڕێکی باشی پرۆتین و ماددەی دیکە بۆ پێست، زیاد خواردنەوەی ئاو، زیاد خواردنی بەرهەمەکانی سۆیا و سەوزە و میوەی جۆراوجۆر، ئەنجامدانی مەشقی وەزرشی لە هەوای پاکدا، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و پاراستنی پێست لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، بە دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر و بەکارهێنانی ئاوێتەیەکی دژەهەتاو Sunscreen کە فاکتەری پاراستن لە هەتاو SPF تیایدا لە ٥٠ کەمتر نەبێت.

# ئەکزیمای لێو



ئەکزیمای لێو Lip eczema بریتییە لە هەوکردنی پێستی لێو بە شێوەی سووربوونەوە و خورشت، وشکبوون، قڵیشان،پەیدابوونی بڵۆق، لەگەڵ تفرکردنی لێوەکان. هۆکارەکانی تووشبوون بە ئەکزیمای لێو: زیاد تەڕکردنی لێوەکان بە زمان، بەکارهێنانی ئاوێتەکانی جوانکاری، هەستەوەری بە هەویری شووشتنی ددان، هەستەوەری یان زیانی لابەلای دەرمان، تاقمی ددان، تەوقی ددان Braces، بەکتریا و کەڕوو، بەتایبەتی کەڕووی کاندیدا Candida، نەخۆشیی شەکرە کە زیاتر هاندەرە بۆ هەوکردنی گۆشەکانی دەم بە کەڕووی کاندیدا، هەروەها بوونی هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون، کە بریتین لە: بەکارهێنانی هەندێک جۆری (سووراوی) لێو، بەکارهێنانی هەندێک جۆری سابوون و پاککەرەوەی ناوماڵ، وشکبوونی لێو، بەتایبەتی لە کەشی سارد و کەمیی شێدا، هەستەوەری بە هەندێک جۆری خۆراک، دوکەڵی جگەرە، هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەناسە، بەتایبەتی هەڵامەت و ئەنفلوەنزا، سترێس، ئارەقەکردن، تۆزی هەڵاڵە Pollen، گۆڕانی ئاستی هۆرمۆنەکانی لەش، بەتایبەتی لە ئافرەتدا. هەنگاوەکانی چارەسەرکردن: بەکارهێنانی کرێمی تایبەت بە لێو، وریابوون لە وشکبوونی لێو و بەکارهێنانی چەورکاری تایبەتی لێو Lip balm، بەکارهێنانی کرێمی دژەکەڕوو بۆ هەوکردنی گۆشەکانی دەم.

# بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت!



بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hypertension ئەگەر بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت، دەبێتە ئەگەری پەککەوتن و خراپبوونی کوالیتیی ژیان، هەندێک جاریش لەوانەیە کار بگاتە نۆرەیەکی کوشندەی دڵ، یان جەڵتەیەکی کوشندەی مێشک. پەستانی بەرزی کۆنترۆڵنەکراو، واتە پێوانەی ٩٠/١٤٠ ملم جیوە، یان بەرزتر واتە قۆناغی دووەم Stage ٢، بەڵام پێوانەی ١٨٠/ ١١٠ ملم جیوە بە پەستانی بەرزی زۆر مەترسیدار هەژمار دەکرێت. بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بە هۆکاری سەرەکیی جەڵتەی مێشک دەژمێردرێت، بەتایبەتی کە پێوانەی دەگاتە ١٨٠ ١٢٠/ ملم جیوە، یان بەرزتر. ئەو ئەندامانەی کە دەبنە ئامانجی پەستانی بەرزی کۆنترۆڵنەکراو، بریتین لە: دڵ، گورچیلە، مێشک، چاو، لەگەڵ خوێنبەرەکان کە دوچاری لەکارکەوتن Failure دەبن، هەروەها پەککەوتنی گورچیلە، رەقبوونی خوێنبەرەکان،بەتایبەتی نەخۆشیی خوێنبەرەکانی تاجیی دڵ CAD، پەککەوتنی دڵ، هەناسەڕاوکێ لەکاتی خەودا، جەڵتەی مێشک، فراوانبوون و تەقینی شاخوێنبەر Aneurysm، گرفت لە چاودا کە لەوانەیە ببێتە هۆی کوێربوون، لاوازبوونی ئێسک، چونکە پەستانی بەرزی خوێن هاندەرە بۆ زیادبوونی دەردانی کالسیۆم لە گورچیلەکاندا.



## هۆکارەکانی مووخۆرکە

موو پرۆتینێکی مردووە، لە کیراتینی ڕەق پێك هاتووە، مووخۆرکە Split ends یان قڵیشانی کۆتایی تاڵە قژەکانی سەر بۆ دوو بەش، لە ئەنجامی گۆڕان لە پێکهاتەی قەدی قژدا لەبەر هۆکاری دەرەکی و ناوەکی ڕوو دەدات. هۆکارە دەرکییەکانی مووخۆرکە بریتین لە: بەرکەوتنی قژ بە گەرمای هەتاو، وشککەرەوەی گەرم یان ئوتووی قژ، زیاد مەلەکردن لە ئەنجامی کاریگەریی کلۆری ئاوی ناو مەلەوانگەکان لەسەر پێکهاتەی قژ، بەکارهێنانی جێل و بۆیەی قژ، لەگەڵ تۆز و خۆڵ و پیسبوونی هەوا. هۆکارە ناوەکییەکانی مووخۆرکە ئەمانەن: کەمیی کانزاکانی زینك، مەگنسیۆم، لەگەڵ ئاسن، کەمیی پرۆتین لە خۆراك و لەشدا، هەروەها کەمخواردنەوەی ئاو و شلەمەنییەکانی دیکە. چارەسەرکردنی مووخۆرکە بە دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هۆکارەکان دەست پێدەکات، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی ئاوێتەی چەورکاریی قژ، بەتایبەتی بۆ حاڵەتەکانی قژی وشك، هەروەها هاوسەنگکردنی خۆراك و دڵنیابوونی لە دابینکردنی هەموو و کانزا و ڤیتامینەکان کە بۆ قژ پێویستن.

هەنگاوەکانی خۆپاراستن: کەمتر بەکارهێنانی جێل و ئاوێتەکانی دیکەی جوانکاریی قژ، بەکارهێنانی ئوتوو و وشککەرەوەی قژ بە گەرمیی کەمتر و بۆ ماوەی کەمتر، هەروەها گرنگیدانی زیاتر بە قژی لاواز و باریك.

## چۆن خۆت لە سوانی جومگە دەپارێزیت؟

سوانی جومگە Osteoporosis یان (سەوەفان) حاڵەتێکی درێژخایەنە، تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکیی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بۆیە تەنیا ڕێگە بریتییە لە خۆپاراستن بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانە: هەڵبژاردنی خۆراکی هاوسەنگ و تەندروست کە بڕێکی باشی کالسیۆم و پرۆتین و کانزاکانی دیکە لەخۆبگرێت، دڵنیابوون لە دابینکردنی پێویستیی لەش بە ڤیتامین D بە خواردنی خۆراکی وەکو ماسی و کوارگ و هێلکە، لەگەڵ خۆدانە بەر تیشکی خۆر ڕۆژانە بۆ ماوەی ١٥ خولەك، یان وەرگرتنی کەپسولی ڤیتامین D بەڕێنمایی دکتۆر، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش کە لە سنووری ئاساییدا بێت، لەوکاتەی کە هەردوو کێشی زیاد و کێشی کەم کە تێکڕای بارستایی لەش BMI لە ١٩ کەمتر بێت، هاندەرن بۆ تووشبوون بە سوانی جومگە، بەتایبەتی جومگەی ئەژنۆ، زیادکردنی چالاکیی جەستەیی و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، بەتایبەتی مەشقەکانی بەهێزکردنی ماسولکەکان و مەشقە هەواییەکان Aerobics، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان، وریابوون لە بوونی هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە سوانی جومگە، لەگەڵ بەدواداچوونی زووی پزیشکی وەکو: کەمیی درێژخایەنی کالسیۆم لە خۆراکی ڕۆژانەدا، کەمبوونەوەی توندی ئارەزووی خواردن، گرفتی هۆرمۆنی: بۆنموونە کەمی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە ئافرەت و کەمی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن لە پیاودا، هەروەها ئەلکهول و جگەرە.





# چۆن تەندروستیی سییەکانت باشتر دەکەیت؟

بە گۆڕینی چەند خاڵێکی سادە لە ستایلی ژیانی رۆژانەتدا، دەتوانیت کە تەندروستیی سییەکان بۆ هەمیشە بپارێزیت و فرمان و توانای کۆئەندامی هەناسە باشتر بکەیت، بۆنموونە:

- دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و ڤەیپ، چونکە هۆکارن بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان و هەوکردنی درێژخایەنی رێڕەوەکانی هەناسە.
- ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی بەردەوام کە هاندەرە بۆ دابینکردنی بەرزترین ئاستی ئۆکسجین بۆ هەموو بەشەکانی لەش.
- خۆپاراستن لە پیسکارەکانی هەوا و دوورکەوتنەوە لە هەڵمژینی دوکەڵی ئۆتۆمبیل، ئەسبێست، هەروەها تۆز و گەردی چیمەنتۆ و گەچ و کانزاکان بە بەکارهێنانی ماسك و فلتەری تایبەت.
- خۆڕاهێنان لەسەر وەرگرتنی هەناسەی قووڵ و ئەنجامدانی مەشقەکانی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە، بەمەبەستی باشترکردنی توانا ولیاقەی کۆئەندامی هەناسە.
- خۆپارستن لە بەرکەوتن و هەڵمژینی هەڵم و وردە پاودەر و پڕوشکەی ئاوێتەکانی سپیکردنەوە و پاککەرەوە ژەهراوییەکانی ناوماڵ وەکو: فاس، ئەمۆنیا، فۆرمەلدیهاید، هەروەها نایترۆبەنزین، لەجیاتی ئەمانە دەتوانرێت کە ماددەی دیکەی بەردەست و سەلامەت بۆ پاککردنەوە بەکار بهێنرێت، وەکو پاودەر یان سۆدای کێك Baking sods، شیرەی لیمۆ یان سرکە.

# بژاردەیەک لە کۆم

دەستەواژەی (All in one) واتە گشتی لە یەک ئامێردا بەو کۆمپیوتەرانەی سەر مێز دەگوترێت کە هەموو پارچەکان لەیەك ئامێردا کۆکراوەتەوە. کۆمپیوتەری سەرمێز پێکهاتووە لە چەند ئامێرێك و پێکەوە لێك پەیوەند دەدرێن، وەك (کەیس کە گشت پارچەکانی تێدایە)



## سێرڤێس ستۆدیۆ 2 پلاس (Surface Studio 2+)

کۆمپیوتەری یەکپارچەی جۆری سێرڤێس ستۆدیۆ ٢ پلاس هی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە، لە ریزی باشترینەکان دێت. سیستەمی ویندۆز ١١ی لەسەرە، یەکەی لێکدانەوەی CPU ی corei7-11370Hیە. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و پەرەی پێدەدرێ. شاشەکەی ٢٨ ئینجە. بە کوالیتییەکی یەکجار بەرزەوە واتە یەك ملیار رەنگ لە پێکسلدا. ڤیدیۆی جۆری HDR نیشان دەدا. شوێنی داگرتنی داتاکانی یەك ترابایتە و لە جۆری SSDیە. وێبکەمەکەی فول ئیچ دییە. گشت جۆرە پۆرتێکی تێدایە. سپیکەرەکەی لە جۆری Dolby Atomsە. گشت ئەو تایبەتمەندییانە لەو کۆمپیوتەرە یەکپارچەی مایکرۆسۆفتدا کۆبوونەتەوە. خاڵی گرنگ و بەرچاوی کۆمپیوتەرەکە لە دیزاینە سەرنج راکێش و ناوازەکەی دایە، چونکە هەم دەبێتە لاپتۆپێکی بەهێز و پاشان تەواو دەچەمێتەوە و وەك تەبلێتێکی زەبەلاحی لێدێ.

## ئاسۆس و کۆمپیوتەری سەرمێزی Zen AiO 24

یەکێکی دیکە لە بژاردەکانی کۆمپیوتەری گشتی لە یەك ئامێردا، کۆمپیوتەری Zen AiO 24ی کۆمپانیای Asusە. شاشەکەی بە بەراورد بە کۆمپیوتەرە یەکپارچەکانی دیکە بچووکترە ٢٤ ئینجە. دیزاینەکەی سەرنج راکێشە و چوارچێوەیەکی تەنکی هەیە. شاشەکەی لەمسیە و چۆنییەتی نیشاندانی فوول ئیچ دییە. لە بەشی سەرەوەی شاشەکە وێبکەمی ٧٢٠ پیکسلی هەیە و بۆ وێبنارەکان و پەیوەندیی ڤیدیۆیی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە سوودە. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و شوێنی داکردنی داتاکانی ٢ ترابایتە. سیستەمی پەیوەندی بلوتوس٥ و وای-فای ٦ی لەسەرە.

## کۆمپیوتەری یەکپارچ

کۆمپانیای MSI هی وڵاتی تایوانە و یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی کۆمپیوتەر و لەریزی دەستەبژێرەکان دێت. کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەری گشت لە یەك ئامێردای جۆری Modern AM271 بەرهەم هێناوە، دیزاینەکەی ناوازەیە لەگەڵ دیکۆری ماڵ و ئیدارە دەگونجێت. شاشەکەی ٢٧ ئینجە. تەنیا چوارچێوەیەکی تەنکی هەیە و ئەویتر گشتی






# پیوتەری یەکپارچە

مۆنیتۆر، سپیکەر و کیبۆرد و...تاد. بەڵام کۆمپیوتەری سەرمێزی گشتی لەیەك ئامێردا (All in one) هەموو پارچەکان لە پاڵ یەکدان، کەیس و شاشە و سپیکەر پێکەوەن.
لێرەدا چەند بژاردەیەك لەو کۆمپیوتەرانەی سەرمێزتان پێدەناسێنن کە لەریزی یەکەمەکان دێن.




## لینۆڤۆ و کۆمپیوتەری یەکپارچەی Yoga AIO 7

لینۆڤۆش لەریزی بژاردەکانی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دێت، کۆمپیوتەری یەکپارچەی جۆری Yoga AIO 7 یەکێکە لە کۆمپیوتەرە بژاردەکانی گشتی لەیەك ئامێردا. بەر لە هەموو شتێ دیزاینی کۆمپیوتەرەکە سەرنجت رادەکێشێ و وەك هیچ کۆمپیوتەرێکی سەرمێز ناچێت و دەکرێت بەشێوەی ستوونیش سوودی لێوەربگیرێت. کۆمپیوتەرەکە لەسەر پایەیەکی تایبەت دانداروە و دەکرێت ٩٠ پلە بسوڕێت. وێبکەمێکی تایبەتی لەسەرە بۆ وێنارەکان. جگە لەوەی هەموو پۆرتێکی تێدایە، پۆرتێکیشی هەیە بۆ شەحنکردنەوەی لاپتۆپ و هەروەها بە ئاسانی فایلەکان لە کۆمپیوتەرەوە بۆ لاپتۆپ بگوازرێتەوە. شاشەکەی ٢٧ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی 4Kیە. رامەکەی ١٦ گیگابایت تا ٣٢ گیگابایتە. هاردیسکەکەی یەك ترا هەتا ترابایتە.

## Deel و کۆمپیوتەری جۆری Inspiron 24 5410

کۆ مپا نیا ی Dell بۆ ئەوانەی کۆمپیوتەر بە هەردوو جۆرەکەی لاپتۆپ و دیسکتۆپ بەکار دێنن ناوێکی نامۆ نییە. بژاردەیەکی کۆمپیوتەری گشتی لەیەك ئامێردای کۆمپانیای Dell کۆمپیوتەری جۆری Inspiron 24 5410ە. کۆمپیوتەرێکی ناوازە و سەرنج راکێش. شاشەکەی نزیکەی ٢٤ ئینجە. سیستەمی ویندۆز ١١ی لەسەرە. گشت پۆرتەکانی پەیوەندی تێدایە لەگەڵ سیستەمی وای-فای بەهێز لە جۆری wifi-6E کە خێراترین جۆری وای فایە. پۆرتی HDMI-out تێدایە بەئاسانی شاشەیەکی دیکەی لێ پەیوەند دەدرێت. کێشی کۆمپیوتەرەکە پێنج کیلۆ و نیوە. یەکەی لێکدانەوەی CPU ی جۆری ئەنتەل corei7ە. خێراییەکەی ٤,٧ گیگاهێرتزە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و شوێنی داکردنی داتاکانی یەك ترا هەتا دوو ترابایتە.




## ـەی Modern AM271

شاشەیە. کێشی کۆمپیوتەرەکە نزیکەی ٦ کیلۆیە. زۆربەی بەشە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەرەکە کەوتۆتە لای خوارەوە، بۆیە بەشی سەرەوەی تەنکە و تەنیا شاشەیە. ستاندەکەی زۆر بەهێز نییە و ناچەمێتەوە و جێگیرە. بەڵام دەکرێت تۆزێك لاربکرێتەوە و دەکرێت بە دیواریش هەڵبواسرێت.

کیبۆرد و ماوسی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە. گشت پۆرتەکانی تێدایە، دوو شوێنی HDMI هەیە شوێنێك بۆ وەرگرتن و شوێنێك بۆ بەرێکردن، بۆیە دەکرێت شاشەیەکی دیکەشی بۆ دابندرێت و هەروەها دەکرێت تیڤیەکی زیرەکیش بکەی بە شاشەی کۆمپیوتەرەکە. دوو سپیکەری تایبەتی تێدایە. لایەنی نەرێنی کۆمپیوتەرەکە ئەوەیە کە وێب کەمی تێدا نییە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و شوێنی داگرتنی داتاکانی ٢٥٦ گیگابایتە و جۆری SSDیە.

# مۆبایلەکەت بکە بە کامێرایەکی پیشەیی

ئێستاکە زۆربەی مۆبایلە زیرەکەکان کامێرایەکی بەهێزیان هەیە و رکابەری دەکەن لەگەڵ کامێرا دیجیتالییە بەهێزەکان. Zacuto Smart Z-Finder جیاوازی کامێرای پیشەیی لەگەڵ کامێرای مۆبایل لەوەدایە ناکرێت کامێرای مۆبایل بەهۆی بچووکی هاندەکەوە بە ئاسانی بۆ وێنە و فیلمگرتن کۆنترۆڵ بکرێ. ئامێری Zacuto Smart Z-Finder گشت مۆبایلێك کە قەوارەیان بەقەد ئایفۆن بێت دەکات بە کامێرایەکی پیشەیی. مۆبایلەکان لە رێگای بلوتوس یا رێگایەکی دیکەوە پەیوەند بە ئامێرەکە دەدرێن و ئەوکات بەهۆی ئامێرەکەوە دەتوانی فۆکوس بکەی، تیشکدانەوەی خۆر نەهێڵێ و زووم بکەی و فیلمی بەهێز و وێنەی کوالیتی بەرز بگری.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


بەڕێزێك دەپرسێت چۆن بکرێت ماڵپەڕێك بەتەواوی سەیڤ «save» بکەم بۆ ئەوەی لەکاتی نەبوونی ئینتەرنێتیشدا سودی لێوەربگرم؟

خوێنەری بەڕێز هەڵگرتن و save کردنی ماڵپەڕێك بەتەواوی زۆر ئاسانە، کاتێك ماڵپەڕەکە بەتەواوی بوویەوە دوگمەی ctrl+s دابگرە و ئەوکات پەنجەرەیەك دەکرێتەوە، لەو پەنجەرەیەکدا لە خوارەوەی بوکسێك هەیە کە لە چەند بەش پێکهاتووە. فەرمانی Web Page,Complete واتە هەموو ماڵپەڕەکە پاشەکەوت دەکات. فەرمانی Web Page,HTML Only ماڵپەڕەکە پاشەکەوت دەکات بەبێ وێنەکانی ناو ماڵپەڕەکە. فەرمانی Text File لاپەڕەکە پاشەکەوت دەکات بەڵام بەشێوەی دەق. لەگشت وێبگەڕەکاندا بەهەندێك جیاوازی بەمشێوەیەیە.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی سایت

دیزاین و نەخشەسازی ماڵپەڕ دەکرێت وەك ئەرك و پیشەیەکیش سەیر بکرێت، گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی ماڵپەڕ. یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە، پرۆگرامی StudioLine Webە. ئەم پرۆگرامە لەریزی یەکەمەکان نایەت، بەڵام لە ریزی پرۆگرامە ئاسانەکانی نەخشەسازی ماڵپەڕ دێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی بواری کۆد نووسین بی دەتوانی ماڵپەڕ دیزاین بکەی. بەارهێنەر دەتوانێت لاپەڕەکەی بەشێوەی وێنە یا فۆرماتی HTML تۆمار بکات. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای راکێشان و دانانی دەق و وێنە واتە Drag & Drop لە پرۆگرامەکەدا.
- توانای دیزاین کردنی بەشێوەی ئۆتۆماتیك و خۆکار.
- توانای بەش بەش کردنی لایەکان.
- توانای دانانی گالێری وێنە بۆ ماڵپەڕ.
- بوونی دەیان ئێفکتی سەرنج راکێش.



# ماوسێکی گەیمی 12 دوگمەیی



ماوس هەر ئامێرێك نییە بۆ كردنەوەی پرۆگرام و فایلەكانی كۆمپیوتەر، بەڵكو دەكرێت وەك ئامرازی گەمەی ئەلكترۆنیش سوودی لێوەربگرێ و ئەركی دەسكی گەیم (جویستیك)یش ئەنجام دەدا. ماوسی جۆری Razer Naga V2 لەبری دوو دوگمە ١٢ دوگمەی لەسەرە. جگە لەو ١٢ دوگمەیە كە لەلای راستیەتی، دوو دوگمەش لەلای چەپیەتی. لەرێگای پرۆگرامێكی تایبەتیەوە ماوسەكە كۆنترۆڵ دەكرێت و خێرایی گۆی ژێر ماوسەكە واتە (سكرول) زیاد و كەم دەكرێت. ماوسی ناوبراو لەرێگای بلوتوسەوە لەگەڵ كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. ئەو كەسەی گەیمی كۆمپیوتەر دەكات بۆ زۆربەی گەیمەكان ٦ هەتا ١٢ دوگمەكەش بەكار دێنێت و ئاسانكارییەكی زۆر دەكات. ماوسەكە شەحن دەبێتەوە و بەهەر شەحنبوونەوەیەكیش نزیكەی هەفتەیەك دەخایەنێت.



## ماڵپەڕێک بۆ زانینی خێرایی ئینتەرنێت

كۆمپانیاكانی بڵاوكردنەوەی ئینتەرنێت لە هەرێمی كوردستاندا زۆرن، هەركامیان ریكلام بۆ ئەوە دەكەن كە خێرایی ئینتەرنێتەكەیان لەسەرێیە. بۆ ئەوەی بزانی كۆمپانیاكان لەگەڵ هاوبەشەكانیان چەندە راستگۆن و خێرایی ئینتەرنێتەكەت بزانی گەلێك ماڵپەڕ و پرۆگرام هەن كە تایبەتن بە زانینی خێرایی ئینتەرنێت. یەكێك لەو ماڵپەڕانە ماڵپەڕی ناسراوی speedtest.netە. لەو ماڵپەڕەدا ئاستی خێرایی دابەزاندن و بەڕێكردنی ئینتەرنێت و هەروەها كۆمپانیای دابەشكەری ئینتەرنێت دەزانی. ماڵپەڕەكە بۆ مۆبایل و بە هەردوو سیستەمەكەیەوە ئاپێكی تایبەتی هەیە. هەروەها تایبەتمەندییەكی دیكەی ماڵپەڕەكە ئەوەیە كە دەزانی لەكاتی كردنەوەی فیلمێك بە كوالیتی بەرز وەك ٤k چەندە خێراییە و لەكاتێكی ئاساییدا چەند خێرایە.

# تەلەڤزیۆنێکی کلاسیک بچووکتر لە پی دەست

ئەم وێنەیەی دەبینن، شێوەی تەلەڤزیۆنێكی كلاسیك نیشان دەدا، یاری منداڵان نییە بەڵكو تەلەڤزیۆنەكی بچووكە بەقەد لەپی دەست. شەحن دەبێتەوەو لەسەر شاشەكەی فیلمیش نیشان دەدا، بەڵام تەلەڤزیۆن نییە بەڵكو میمۆری لەسەردادەنرێت و ئەو فیلمانەی لەسەر میمۆرییەكەن دەكرێت بە دوگمە یا بە ریمۆت نیشان بدرێن.

تەلەڤزیۆنی جۆری TinyTV زیاتر بۆ سەرگەرمییە تاكو بۆ سوود وەرگرتن و وەك ئامێرێكی نۆستالۆژی دەبیندرێن و بیرهێنەرەوەی دەیەكانی رابردووە. میمۆری كارتی ٣٢ گیگابایتی دەخوێنێتەوە و پشتیوانی لە هەموو جۆرە فۆرماتێكی ڤیدیۆیی و دەنگی دەكات. ریمۆت كۆنترۆڵێكی بچووكی لەگەڵدایە و تەلەڤزیۆنە شەحن دەبێتەوەو هەتا پێنج كاتژێر سەیركردنی فیلم بە بەردەوامی شەحنی دانابەزێت.





# ڕەنگی زەرد و پرتەقاڵیی جلوبەرگ لە کەشی سەرما

ڕەنگی زەرد و پرتەقاڵی دوو ڕەنگی بەهارە و هاوینەن بۆ جلەکان، زیاتر لەو دوو وەرزەدا باو دەبن، بەهۆی ئەوەی لە ڕەنگە کراوەکانن و بۆ کەشی سەرما ناگونجێن، خولیا و حەزی بەشێکی زۆری خانمان بۆ ئەو دوو ڕەنگە و نمرەکانیان زۆرە و بۆیە دەیانەوێت لە وەرزی زستان و سەرماش بیپۆشن، هەروەها ڕەنگێکی سەرنجڕاکێشە بۆ جلوبەرگ، بە تایبەت جلی دەرەوە و بۆنە و یادەکان، حەز و خولیای خانمان بۆ ئەو جلە دیزاینەرانیشی هێنایە ئەو بڕوایە کە لەو وەرزەدا جلی لەم ڕەنگە ئامادە بکەن، وەك لە کۆلێکشنەکانی دیزاینەر ئەلێکسەندەر ماکویندا هاتووە، کە کۆلێکشنە جلەکەی لە ڕەنگی زەرد و پرتەقاڵی پێك هاتووە، کە دەستە جلەکەی لە چاکێتی زەرد و لەگەڵ شاڵ شیك کردووە و لەگەڵ پانتۆڵی ڕەش و پێڵاوی پاژنەبەرزی ڕەنگ زەرد، هەروەها دەتوانیت پانتۆڵەکەت لە ڕەنگی زەرد بێت ئەگەر نەخشی جۆراوجۆریشی لەسەر بێت جوانتر دەردەکەوێت، مەرج نییە ڕەنگەکەی زەردی تۆخ بێت، دیزاینەران دەڵێن: ڕەنگی زەرد چەندین جۆری هەن، لەوانە زەردی مۆزی کە سەوزی پێوە دیارە، ڕەنگی زەردی لیمۆیی، زەردی پرتەقاڵیباو، هەموو ئەوانە نمرەکانی ڕەنگی زەرد پێك دەهێنن، دیزاینەر لیبۆر گابالا، پێی وایە: پێویستە بەلانسێك لە نێوان ڕەنگی زەردی و ڕەنگی ڕەش هەبێت. هەروەها مینشێن تۆماس دەڵێ: ڕەنگی گونجاو لەگەڵ سپی و ڕەش و نمرەکانی بێجی شیکی بکە، ڕەنگی زەرد بۆ زۆربەی شوێنەکان دەگونجێت، تەنانەت بۆ کاتی دەوام و زانکۆش جلێکی ناسك و سەرنجڕاکێشە.



# کەرەستە گرنگ و پێویستییەکانی ژووری نوستن





کەرەستەکانی ماڵ، بەشێکن لە جوانیی دیکۆری ماڵەکەت، دەتوانیت هاوشێوەی بەشەکانی دیکۆری ماڵەکەت دیمەنێکی ناوازەش لە کەرەستەکانی ژووری نووستن پیادە بکەیت، گرنگە بزانیت چ کەرەستە و کەلوپەلێك لەگەڵ دیکۆری ماڵەکەتدا ئامادە دەکەیت و هەڵیاندەبژێریت، تا دیکۆرێکی ناوازە و بە دڵی هەمووان بێت، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا کە ژووری نووستن پێویستی بە کەشێکی ئارامترە، تا خەوێکی خۆشی لێ بکەیت و دیکۆرێکی جوانیشی بۆ دابنێت، هەر دیکۆرێك پێویستی بە چەندین جۆرە کەرەستە هەیە، ژووری نووستنیش یەکێکە لەو بەشە گرنگەی کە لە دیکۆری ماڵدا جێگەی بایەخە و گرنگییەکی ئەوتۆی پێ دەدرێت، دانانی ئەو کەرەستانە پێویستە لەگەڵ نمای ژوورەکەدا بگونجێت، یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی ژووری نووستن بریتییە لە پێخەف، چەندین مۆدی تازەی سیسەمی ژووری نووستن هەن، ئەوەی لووتکەی جوانیی گرتووە، بریتیە لە سیسەمی شێوە بازنەیی، کە دیمەنێکی یەکجار جوان و بەرچاوی هەیە، دیکۆری ژوورەکەش مۆدێرن نیشان دەدات، بۆیە کاتێك نیازت وایە ژووری نووستن دیکۆرێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، سیسەمی بازنەیی لێی دابنێ.

# ئارایشتی شێوە گوڵ بۆ بۆنە و یادەکان



هەمیشە لە بۆنە و یادەکاندا شێوەی ئارایشتەکان جوانیی خانمان نیشان دەدەن، زۆربەی ئەوانەی دەچنە بۆنەکان سەرەتا سەردانی ساڵۆنەکان دەکەن ئارایشتکردن، وەك خانمێك دەتوانیت ئەو شێوازە بکەیتە یەکێك لەو مۆدە سەرنجڕاکێشانەی کە هەمووان بەدڵیانە، نەرمونیانیی قژ دەکرێت چەندین ئارایشتی جۆراوجۆری لەسەر چێ بکەین، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ئارایشتەی کە مەبەستمانە، هەر تەسریحەیەك یان ستایلێکی قژ جێ دەست و پەنجە و کارامەیی ئەو کەسە دەردەخات کە ئامادەی دەکات، هەندێك لە ئارایشتەکان بە شێوە و ڕێگەیەکی سادە ئەنجام دەدرێت، کەچی جوانییەکی بێ هاوتای هەیە و لەگەڵ هەر روخسار و جلوبەرگێکدا دەگونجێ. یەکێك لەو تەسریحانەی کە بۆ خانمانمان هەڵبژاردووە، ئارایشتی شێوە گوڵە، کە لە پشتەوەی سەر دادەنرێت و بە یەکێك لە جوانترین و ناسکترین تەسریحەکانی قژ دادەنرێت و لە نێو ئافرەتاندا باوە، تۆش دەتوانیت ئەو ئارایشتە لە ماوەیەکی کورتدا ئامادە بکەیت، بەم ڕێگەیەی خوارەوە: سەرەتا بەشی دواوەی قژ دەکرێت بە دوو بەش لە تەنیشت، دواتر هەر یەکەیان دەچەمێنرێتەوە، وەك ئەوەی شێوەی لاتەریب بێت، یان زیاتر لە شێوەی کەوان بێت، بە هەمان شێوە بەشەکەی دیکەش وا دەبێت، دواتر لە بەرامبەردا هەمان شێوە دروست دەکەین و بەمەش هەر دوو لا دەبن بە چوار شێوەی کەوان و بەرامبەر یەکتر دەبن، بەم جۆرە شێوەی ئارایشتەکە دەبێتە شێوەی گوڵ.

# زەماوەند لە شوێنی فڕۆکە نیشتنەوە

دوور لە لاساییکردنەوە و نەریتەکانی رۆژی زەماوەند و هاوسەرگیری، ئەو دوو بووك و زاوایە مۆدێکی دیکەی گواستنەوە و رۆژی زەماوەندیان داهێنا، (جێنتس)، ئەو سەرمایەدارە ئیتاڵییەی کە رۆژی زەماوەندەکەی لە شوێنێکی وا کردووە، کە کەس بیری بۆ ناچێت، لەگەڵ بووکە خان کە ناوی (سو)ە، رۆژی زەماوەندیان لە شوێنی پارکینگی سەرەوەی تاوەری (ئەلعەرەب) لە شاری دوبەی ئیمارات بەڕێوە برد، کە ئەو شوێنە بۆ هەڵفڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەی هەلیکۆپتەر تەرخان کراوە و (٢١٢) مەتر بەرزە، رێورەسمەکەش بە فڕۆکەیەکی (ئەگۆستای ١٠٩)ی ئیتاڵی نیشتنەوە دەستی پێ کرد و، دوای مارەبڕین لە شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەکەدا، دواتر چوونە نێو ئۆتێلەکە بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی ژیانی تازەیان.





## سەرکێشیی خۆهەڵدان لە شوێنی بەرز

خۆهەڵدان خۆشترین هەستت پێ دەبەخشێت و لە هەمان کاتیشدا حاڵەتێکی ترسناکت بۆ دروست دەکات، تەنانەت وادەزانی باڵندەیەکیت و بە ئاسمانەوە دەفڕیت، چەندین گرووپی خۆهەڵدان بۆ ئەو سەرکێشییە لە جیهاندا هەن، دواجار بەهۆی وێنەی سێلفی و کامێرای کوالیتی بەرزەوە، توانیویانە وێنەی خۆهەڵدان لەو کاتەی بە ئاسمانەوەن بگرن، وێنەکان جێگەی سەرنجن، هەندێکیان تەنیا ئاسمان دیارە و هەندێکی دیکەش زەوی کە بەرەو خوارەوە دەچێت، چەندین شوێنی بەرز لە جیهان دەستنیشان کراون بۆ خۆهەڵدان، لەوانە: تاوەری ماکاو لە وڵاتی چین کە (٢٣٣) مەتر بەرزە، بەنداوی ڤیرانسکا لە وڵاتی سویسرا (٢٢٠) مەتر بەرزە، بەرزاییەکانی رووباری بووتی کووزی لە وڵاتی نیپاڵ (١٦٠) مەتر بەرزە بۆ خۆهەڵدان گونجاون.

تانیا ڕەسووڵ کاپتنی ئەسپسوار:

# هیوادارم ببم بە باشترین ڕاهێنەری ئەسپسواریی نێودەوڵەتی

**تانیا ڕەسووڵ، کچە ئەسپسواری پێشوو و کاپتنی ئێستا، ساڵانێکە لە بواری ئەسپسواریدا پێگەیەکی بەرزی هەیە و سەدان کەسی بە ڕاهێنان و مەشقەکانی فێری ئەسپسواری کردووە، ئێستا وەك کاپتنی ئەسپسواری پەرە بە بواری کارەکەی دەدات، وەك کچێکی لێهاتوو و کاپتن وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە:**



***لە کەیەوە خولیای ئەسپسواری بوویت و چۆن بوو ئەو بوارەت لە هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزم لە ئەسپ بوو، نۆ ساڵ پیش ئێستا بە حەز وئارەزووەکەم گەیشتم و بەردەوام بووم و پەرەم بە خۆم دا و، بەسەر هەموو کوسپەکاندا زاڵ بووم، هەر ئەوەش وای کرد پیشەکەم بکەم بە حەز و خولیام.

***ئەسپسواری هەستە، یان خولیا و حەزە؟**

- بێگومان حەزو خولیایە، کە مرۆڤ حەز و خولیای بۆ شتێك هەبێت، گرنگی پێ دەدات و بە دوای دەکەوێت.

***بەشداریی چەند خول و ڕاهێنانت کردووە، تا پلەی کاپتنت بە دەستهێنا؟**

- زیاتر بە هەوڵ و بەردەوامیی خوم بووە، سەرەتا لەگەڵ ریکخراوی ١٢ سوارەی کوردستان بووم و دواتر لە سەنتەری مەم درێژەم بە ئامانجەکەم دا، تا توانیم سەرکەوتووبم لە بوارەکەم و بتوانم ڕاهێنان بە خەڵکانی دیکە بکەم، ئێستاش لە یانەی شێرکۆ ڕاهێنەرم و خۆشم ڕاهێنانی خۆم دەکەم، لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم کە ئەو متمانەیان بە من بەخشی و، زیاتر پشتگیرییان کردم و هانیاندام تا بگەمە لووتکە.

*** ئەسپسواری لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- بەرەو پێش چووە، بە تایبەت ئێستا کچان زۆر حەزی پێ دەکەن، ئەوەش زۆر خوشحاڵم دەکات، وەرزشی ئەسپسواری ڕوو لە زیاد بوونە.

*** فێرکردنی خۆیی یان ئەکادیمی کامەیان بۆ سوارچاکیی ئەسپ باشترە؟**

- من وەکو خۆم ئەکادیمی هەڵدەبژیرم، ئەکادیمی زیاتر ئیسراحەت ئەداتە ئەسپەکە و زۆر ئەزیەتی نادات، بەڵام مەشقی ئاسایی ئەسپەکە ئەزیەت ئەدا ومانددوو تری دەکات.

*** ئەسپی کوردی هەیە؟ یان زۆربەی هاوردە دەکرێن؟**

- بە داخەوە لەبەر ئەوەی کورد دەوڵەتی نەبووە، هیچ ئاژەڵێك بە نەتەوەیی نەکراوە جگە لە وڵاتی ئێران، سوپاسیان دەکەین کە چەندین کتێبێکیان هەیە لەسەر ڕەسەنیی ئەسپی کوردی، ئێمەش ئێستا وەکو یانەی شێرکۆ و چەندین کەسایەتی دیکە، لە هەوڵداین بتوانین کە چەند ئەسپی کوردی بگەڕینینەوە کوردستان.

***گرانترین ئەسپ لە کوردستان نرخی تا چەند گەیشتووە؟**

- تا ٢٠٠٠٠٠ دۆلار واتە بیست دەفتەر ڕۆیشتووە لە کوردستان.


*** پلان و پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

- هیوادارم ئەم پرۆژەیەمان گەورەتر بێت و بگەین بە لووتکە لە بواری ئەسپسواریدا، خۆشم ببم بە نموونە بۆ ئەو کەسانەی حەزی ئەسپسوارییان هەیە، تاکو هەوڵی بۆ بدەن و بەردەوام بن و هیچ کۆسپ و قسەیەك نەیان ڕووخێنێت و سەرکەوتوو بن، هیوادارم ببم بە باشترین ڕاهێنەری نێودەوڵەتی.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس لە ریشەکێشکردنی گەندەڵی دەکرێت، کەچی کاتێك داری گەندەڵی دەبڕیتەوە، چەندین لق وپۆق و بەشی دیکەی گەندەڵی دەردەکەوێت.



## میوزیک

**خۆشەویستی زەوی**

**Love Earth**

گۆرانییەکی تایبەتە بە خۆشەویستی و داکۆکیکردن لە زەوی و ژینگەی جیهان، لەلایەن هەردوو گۆرانیبێژ (نیال یۆنگ و کرەیزی هۆرس) گوتراوە، نیال یۆنگ لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری تۆرینتۆ لە کەنەدا لەدایکبووە و، ساڵانێکی زۆرە بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە، ئەو تراکەی تایبەتە بە داکۆکیکردن لە زەوی و ژینگەی جیهان و، ئەلبوومەکەی بە ناوی خۆشەویستیی زەوییەو، لە جۆری رۆك میوزیکە.

## بووکی بەفر!



لەمەودوا کەشوهەوا سارده و ڕەنگە بەفریش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ببارێت، جاران بووکی بەفر لە بەفر دروست دەکرا، کەچی ئەو کچە دەڵێی بووکە بەفری راستەقینەیە، نازناوی بووکی بەفر بەو کچە ناسك و جوانەیە کە لە سیبریا دەژی، ناوی (ناریانا ئەلبینۆ)یە، تەمەنی (٨) ساڵە، روخسارێکی ناسك و قژی سپییە، پێستی نێوان ڕەنگی ڤیۆلێت و شینە، چاوەکانی لەبەر رووناکی هەڵنایەن، لە ئێستاوە بە کچەشای بەفر ناسراوە، سەرەتای دەرکەوتنی لەلایەن وێنەگرێکی ئەو وڵاتە بە ناوی (ڤادیم رۆفۆڤ) بوو، کاتێك (ناریانا)ی لەسەر پەیج و وێبسایتی خۆی بڵاو کردەوە، بووە جێگەی گرنگیی خەڵکی ناوچەکە و دەوروبەر و تەنانەت جیهانیش، ئێستا ناریانا بە بووکی بەفر و کچەشای سپی ناسراوە، لە داهاتوودا چاوەڕێی زۆر بەهرە و توانا و کاری جادوویی لێ دەکرێت، تا نازناوی (شاژنی بەفر)ی راستی وەربگرێت.

## یاسا



**تاوانی هەڕەشە لە قۆناغی دادگاییکردندا**

سزای تاوانی هەڕەشە لە یاسای سزادانی عێراقی مادەی ٤٣٠-٤٣٢ دیاری کراوە.

لە مادەی ٤٣٠ دا هاتووە

یەکەم: هەرکەسێك هەڕەشە لە کەسێکی دیکە بکات بە ئەنجامدانی تاوانێك لە دژی خۆی یان ماڵ و سامانی، یان دژی کەسێکی دیکە، یان ماڵ و سامانی کەسێکی دیکە یان هەڕەشەی لێ بکات بە دانەپاڵی شتی ئابڕوبەر یان ئاشکراکردنی شتێك، جا لەگەل هەڕەشەکە داواکاری بکات بەکارێك یان نەکردنی کارێك، سزادەدرێت بە زیندانی ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت.

دووەم : بەهەمان سزا سزادەدرێت ئەگەر هەڕەشەکردنەکە بە ڕێگای وتارێك بوو بە نوسراو، بە بێ ئاماژەکرد بە ناوی هەڕەشەکار، یان هەڕەشەکار بریتیبوو لە کۆمەڵەیەکی نهێنی، جا ئەو کۆمەڵەیە هەبێت، یان تەنیا بانگەشەبێت، بەپێی مادەی ٤٣١، سزا دەدرێ بە حەبس هەرکەسێك کەسێکی دیکە تەهدید بکات بە ئەنجامدانی تاوانێك لە دژی هەڕەشە لێکراو، یان دژی ماڵ و سامانی، یان دژی کەسانی دی، یان دانەپاڵی شتێکی ئابڕوبەر، یان ئاشکراکردنی نهێنی، جگە لە حاڵەتەکانی مادەی ٤٣٠، کەواتە لەو مادەیەدا هەڕەشەکار هیچ داواکارییەك ناکات، یان داوای هیچ شتێك ناکات، هەر بەپێی مادەی ٤٣٢ هەرکەسێك هەڕەشە لە کەسێکی دیکە بکات بە قسە یان کردار یان ئاماژەیەکی نوسراو یان زارەکی یان لە ڕێی کەسێکی دیکە جگە لە حاڵەتەکانی مادەی ٤٣٠ و ٤٣١، سزادەدرێ بە حەبس بۆ ماوەیەك لە ساڵێك زیاتر نەبێت، یان پێبژاردنێك لە ٢٢٥٠٠٠ زیاتر نەبێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە لە رووی پیشەییەوە کارەکەت بگۆڕیت، ئامۆژگاری دەکرێیت دووبارە بیری لێ بکەیتەوە، گرفتە خێزانییەکانت چارەسەر دەبێت و ئاسوودە دەبیت، ئەمڕۆ ڕۆژێکی باشە بۆئەوەی کات لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکەکانت بەسەر بەریت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمڕۆ لە دۆخێکی دەروونیی وادا نیت کە تەواوی داواکارییەکانی خۆشەویستەکەت جێبەجێ بکەیت، بەڵام هەوڵ بدە ئەمە نەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت، پێویستت بەوەیە ئاگاداری تەندروستیی جەستەت بیت و وەرزش فەرامۆش نەکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەشێکی زۆر لەو هیوایانەی دەتخواست بۆت دێنەدی، بە گشتی شتەکان بە خواستی تۆ دەبن و ئاسوودە دەبیت، ئەگەر دەتەوێت گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت لە رووی سۆزدارییەوە، باشترە بە وردی بیری لێ بکەیتەوە و بڕیاری بەپەلە نەدەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

باشترە ئەم ماوەیە زیاتر سەرنجت بخەیتە سەر ژیانی سۆزداریت، لە رووی پیشەییەوە هەندێك گرفت مێشکی سەرقاڵ کردوویت، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر داوای یارمەتی لەو کەسانە بکەیت کە متمانەت پێیانە، وەرزشکردن بکە بە رۆتینی رۆژانەت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چێژ لە کاتەکانت دەبینیت و دڵخۆش دەبیت، بەهۆی ئەوەی تەندروستیت زۆر باشە و وزەیەکی زۆرت هەیە، دەتوانیت کارێك بکەیت لە رووی پیشەییەوە بەرەو پێش بچیت، کەسانێك بیرۆکەکانت رەت دەکەنەوە، لە ئێستادا ئاسان نییە پەیوەندییەکی نوێ دروست بکەیت، زۆر بەپەلە مەبە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەگەر بتوانیت بە باشی بیرۆکەکانت بڵێیت، لێکتێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و کەسانی چواردەورت روو نادات، لە ژیانی تایبەتیتدا هەندێك هەواڵی خۆش دەبیستیت دەربارەی خێزانەکەت، رێکخستنی رۆتینی رۆژانەت بە تەندروستی دەتهێڵێتەوە.

بۆ زانیاریت

## دیاریی جاڵجاڵۆکە



جاڵجاڵۆکەکان بۆ سەرەنجڕاکێشانی جاڵجاڵۆکەمێیەکان، دیاری بە یەکتر دەبەخشن، کە دیارییەکەش زیاتر وردە مێروولە و مێشوولە و باڵندەی بچووک و خشۆکە، دیارییەکە بۆ خواردنە و جاڵجاڵۆکە نێرەکان کاتێك کە دیاری بۆ جاڵجۆڵکە مێیەکان دەبەن، بە تۆڕەکانیان دەیپێچنەوە تا پەیوەندییەکەیان سەرکەوتوو بێت، پێچانەوەی دیارییەکە بۆ ڕێگریکردنە لە دزینی دیارییەکە لەلایەن مێیەکە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر مێیەکە ڕازی نەبوو بەنێرەکە، چونکە ئەگەر مێیەکە پێی ڕازی نەبێت، نێرەکە دیارییەکەی پێ نادات و، هەندێك جار وا دەری دەخات کە ئەوە تەنیا شتێکی بێسوودە پێچاوەتییەوە.



## پەند و وتە

یوجین بێرتۆڵد فریدریچ برێچ، کە بە بێرتۆلت برێچ ناسراوە، نووسەری شانۆیی و شاعیری ئەڵمانی، لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری ئۆگسبۆرگی ئەڵمانی لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٦ لە ڕۆژهەڵاتی بەرلین کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی یەکگرتوویی نێو کۆمەڵگە دەڵێت: «کۆمەڵگا هەرگیز یەك نابێت و یەکگرتوو نابێت، ئەگەر بەشەکانی جیاواز بن و دژایەتی یەکتر بکەن، هێز و یەکگرتوویی کۆمەڵگە لە بوونی یەکریزی لە ئاستی تاك و کۆمەڵدا دەبینرێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، پیاو و ئافرەتێك، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا بیاندۆزیتەوە و شوێنەکانیان ئاشکرا بکەیت.

## فیلم



### چاودێر (پۆلیسەکەی) من
### My Policeman

فیلمێکی دراما و ڕۆمانسییە، باسی پۆلیسێك دەکات بە ناوی تۆم لە ساڵی ١٩٥٠ لە وڵاتی بەریتانیا، دەکەوێتە داوی خۆشەویستی مامۆستایەکی قوتابخانە، دواتر بەهۆی خۆشەویستییەوە چاودێریی تەواوی مامۆستاکە دەکات، تا چەندین کاری سەیری لەسەر خۆشەویستە مامۆستاکەی بۆ دەردەکەوێت، کە لە بیریدا نەبوو ئەم جۆرە شتانە دەربکەون، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٣ خولەکە، فیلمەکە لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە و، لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ تەواو بووە، لە دەرهێنانی میشێل گرانداگ، لە نووسینی بێن دیڤس، لە نواندنی(هاری ستایل، دەیڤید داوسن، ئێما کۆرین، لینوس ڕاچی، ڕۆبێرت ئێڤێرت، گینا ماککی)یە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتی ئەوەیە دەست بە ئەنجامدانی پرۆژەکانت بکەیت، پلانی زۆرت هەبوو، بەڵام بە چەند هۆکارێك دوات خستبوو، باشترە چیتر دوای نەخەیت، پاڵپشتی کەسە نزیکەکانت بکە و هەوڵ بدە پەیوەندیی خۆتیان لەگەڵ بەهێز بکەیت، پێویستت بە گۆڕینی سیستمی خۆراکیت هەیە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر لەگەڵ کەسە نزیکەکانت کات بەسەر بەریت لە دەرەوە، ئەم ماوەیە گرفتەکان نیگەرانیان کردوویت و پێویستت بەوەیە کاتێکی خۆش بەسەر بەریت، تەندروستیت جێگیرە، وەرزش فەرامۆش مەکە، بەتایبەت پیادەڕوی.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە هاوپیشەکانت یارمەتیدەرت دەبن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانت و پەیوەندیتان بەهێز دەبێت، لە ڕووی سۆزدارییەوە باشترە بیر لەوە نەکەیتەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت دەمەقاڵێ و شەڕ بکەیت، دەنا ئەنجامەکەی پەشیمانت دەکاتەوە، هەندێك کات تەرخان بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەت دڵخۆش بیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت پێویستی بەوەیە گرنگی پێ بدەیت و خۆشەویستیی خۆتی نیشان بدەیت، لە ڕووی پیشەییەوە گرفتەکان زۆر بە گەورەیی وەرمەگرە، زۆرجار چارەسەرەکان لەوە ئاسانترە کە بیری لێ دەکەیتەوە، تەندروستیت بە باشی دەمێنێتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بڕیاری خێزانەکەت بە خواستی تۆ نابێت، ڕەنگە ئەمەش نیگەرانت بکات، لە ڕووی داراییەوە نیگەران مەبە، بەم زووانە قازانج دەکەیت، پێویستت بە پشووەرگرتن هەیە، چونکە ماندویت و سەرنجت لەسەر ئەرکەکانت کەم بوەتەوە، کارەکانت بە باشی ڕێك بخە.


### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسە بەتەمەن و بەئەزموونەکانی ناو خێزانەکەت ئامۆژگاریت دەکەن و ڕێنماییت پێ دەدەن، باشترە بە وریاییەوە گوێیان بۆ بگریت و سوودت پێ دەگەیەنن، لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر تەندروستیی جەستەت دەبێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
November 28, 2022 Issue,No.1343


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626